# قوتابخانەی فرانکفۆرت

## فەلسەفە وەک تیۆرییەکی رەخنەیی

فلیمینگ جویل

سۆرین ماتیسیین

پیتەر ڤیدیل

وەرگێرانی لە سویدیەوە: عوسمان حەمە رەشید گورون

ئەکادیمیای هۆشیاری و پێگەیاندنی کادیران

سلێمانی 2011

**ئەکادیمیای هۆشیاری و پێگەیاندنی کادیران**

دامەزراوەیەکی کەلتورییە بەپێی بڕیاری کۆنگرەی سێی ساڵی 2010 ی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان دامەزراوە، ئەرکەکەی بریتییە لە دەستەبەرکردنی پێداویستییەکانی هۆشیارکردنەوەی سیاسی، فراوان کردنی چوارچێوەکانی رۆشنبیریی گشتی، تۆکمەکردنی بەهاکانی دیموکراسیو مافی مرۆڤ و دادی کۆمەڵایەتی لەکۆمەڵدا، تاوتوێ کردنی مەسەلەکانی بیری هاوچەرخو دابین کردنی کەرەستەی پێویست بۆ پێگەیاندنی کادیران لە بوارە هەمەجۆرەکاندا.

قوتابخانەی فرانکفۆرت، فەلسەفە وەک تیۆرییەکی رەخنەیی

نووسەران : فلیمینگ جویل، سۆرین ماتیسیین، پیتەر ڤیدیل

وەرگێڕ: عوسمان حەمە رەشید گورون

بابەت : فەلسەفە

دیزاین: هەوراز محەمەد

تیراژ : 2000 دانە

ژمارەی سپاردن: (2021) ی وەزارەتی رۆشنبیری ساڵی 2011.

ژمارەی زنجیرە: (411)

ساڵ و شوێنی چاپ: سلێمانی – 2011

چاپ: دەزگای چاپو پەخشی حەمدی

بڵاوکراوەکانی ئەکادیمیای هۆشیاری و پێگەیاندنی کادیران

# پێرستی بابەتەکان


| بابەت | لاپەڕە |
|---|---|
| پێشەکی | 5 |
| ئەنستیتوتی لێکۆڵینەوە کۆمەڵایەتییەکان | 9 |
| هۆرکهایمەرو ئادۆرنۆ: دوو دوانەی لێکدانەبڕاو | 29 |
| بینیامین: ماتریالیستێکی ئیماندار | 87 |
| مارکۆزە: فەیلەسوفی راپەڕینەکەی لاوان... | 112 |
| هابەرماس: یەکبوونی تیۆریی‌و پراکتیک | 127 |

## پێشەکی

ئەو جەنجاڵییەی گۆڕانکارییە خێراو چاوەڕواننەکراوەکانی سەردەمی پاش جەنگی یەکەمی جیهانی هێنایانە ئاراوە، پێویستی بە پیاچوونەوەیەکی رەخنەگرانەی هەمەلایەنە بە هەموو بوارەکانی ژیانی کۆمەڵایەتییدا هەبوو. فەلسەفەو ئایدیاو نەریتە باوەکان توانای وەڵامدانەوەی ئەو هەموو پرسیارانەیان نەبوو، کە رەشەباو گەردەلوولی ئەو جەنگە کردبوونی بەگژ روناکبیراندا. نەك تەنیا نەخشەو سنووره سیاسییەکان، بەڵکو تێگەیشتنو تێڕوانین لە چەمکە جۆراوجۆرەکان دەربارەی حوکمڕانیو دەسەڵاتو یاساو رێسا سیاسیو ئابووریو فەرهەنگیو هونەریو کۆمەڵایەتییەکان هیچیان لەجێی جارانی خۆیان نەمان. نەك هەر ئەوە، بەڵکو داهاتوویەکی نادیارو ئاڵۆزی ژانگرتووش لە ئاسۆوە سەرەتاتکێی بوو. ئەم پشێویو ناسەقامگیرییە هاندەربوو بۆ ئەوەی کۆمەڵێك روناکبیر بۆ گەڕان بەدوای وەڵامەکاندا، سەربەخۆیانە (بەتایبەتی لە رووی داراییەوە) ئەنستیتوتێك بۆ لێکۆڵینەوە لە کێشە کۆمەڵایەتییەکان دروستبکەن. گەرچی لە چەندساڵێکی سەرەتادا زۆربەی کارەکان بۆ توێژینەوە لە مارکسیزمو هەوڵدان بووە بۆ



نوێکردنەوەو گونجاندنی لەگەڵ رووداوو پێشهاتەکانی ئەو سەردەمە، بەڵام خێراییو دژواریی گۆڕانکارییەکانو رەوتی رووداوە مێژووییەکان وا هاتن، کە ئەم ئەنستیتوتە ئەرکێکی زۆر سەختو گران بگرێتە ئەستۆ، ئەو هەمووو قەیرانانەی بە هۆی سەرهەڵدانی لینینیزمو ستالینیزمو فاشیزم و نازیزمو سەرهەڵدانی جەنگی دووەمی جیهانیو هەوڵدان بۆ بنیاتنانەوەی ئەورووپاو گەرمبوونی جەنگی ساردو پەیدابوونی بزووتنەوە کۆمەڵایەتیو خوێندکارییەکانەوە بۆ ماوەی پتر لە نیو سەدە ئەورووپایان هەژاندبوو، هۆکاربوون بۆ ئەوەی بیرمەندانی ئەم ئەنستیتوتە میتۆدی رەخنەگەریی رادیکاڵانەو ریشەیی هەمەلایەنە بگرنەبەرو کاریگەرێتی بەرچاویان لە زۆربەی بوارە مرۆیییەکاندا هەبێ. زۆرن ئەو روناکبیرو نووسەرو هونەرمەندو سیاسەتمەدارە هاوچەرخانەی بە شێوەیەك لە شێوەکان، راستەوخۆو ناڕاستەوخۆ تا ئەم سەردەمەی ئێستاش بیروبۆچوونەکانی بیرمەندانی وەك هۆرکهایمەرو ئەدۆرنۆو مارکۆزەو فرۆمو بینیامینو هابەرماس، بونەتە ئیلهامبەخشی کارەکانیان.

گەر سەرنجێکی بەراوردکارییانە بدەینە ئەو بارودۆخەی ئەو کاتانەی ئەم ئەنستیتوتەی تێدا دروستبووەو کاریکردووە، لەگەڵ

بارودۆخی ئێستای رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، کە لەبەردەم گەردەلولێکی یەکجار بەهێزدایەو خەریکی هەڵتەکاندنو دووبارە دروستکردنەوەی سیستمە سیاسیو ئابووریو کۆمەڵایەتییە چەقبووەستەکانە، ئەوا خوێندنەوەی بیروبۆچوونی رەخنەگرانەی ئەو بیرمەندانە کارێکی سوودبەخش دەبێ.

من پێموایە بارودۆخی ئێمەی کورد لێکچوونێکی زۆری لەگەڵ سەردەمی دامەزراندنو گەشەکردنی ئەم قوتابخانەیەدا هەیە، رەنگە زۆر لەو پرسیارانەی ئەوان بەدوای وەڵامەکانیاندا گەڕاون، هەمان ئەو پرسیارانەبن، کە رووبەڕووی روناکبیرانی کوردیش بوونەتەوە. هەر لە روانگەی لێکچوونەوە، شایانی سەرنجە کە زۆربەی هەرە زۆری بیرمەندانی ئەم قوتابخانەیە بە رەگەز جوو یان بن جوو بوون، کە ئاشکرایە بەشی ئەوان لە قەیرانو نەهامەتییەکانی ئەو سەردەمە (کورد ئاسا) چەند باری هاووڵاتییە ئاساییەکان بووە. هەر بۆیە ئەوان زیاتر پەرۆشو عەودالی وەڵامی پرسیارەکان بوون.

ئەم کتێبە بەشێکە لە کتێبێکی گەورەتر بەناوی **فەلسەفەی هاوچەرخ – فەیلەسوفەکانو رەوتە فەلسەفەییەکان** (VÅR TIDS FILOSOFI –FILOSOFERNA. DE FILOSOFISKA STRÖMNINGARNA) کە بریتییە لە 821 لاپەڕە لە



دووبەرگدا. لەلایەن دەزگای پەخشی (FORUM) ساڵی 1991 بە سویدی بڵاوکراوەتەوە. هەڵبەتە چەند نووسەرێك لە نووسینی ئەم کتێبەدا بەشدارییانکردووە. ئەم بەشەی بەردەست: لە سەرەتاوە تا کۆتایی بابەتی هۆرکهایمەرو ئەدۆرنۆ، دوو دوانەی لێکدانەبڕاو لەگەڵ بەشەکەی تایبەت بە مارکۆزە (فلیمینگ جویل) نووسیویەتی، بەشەکەی تایبەت بە ڤالتەر بینیامین لە نووسینی (سۆرین ماتیسسین)ە و بابەتەکەی هابەرماس لەلایەن (پیتەر ڤیدیل)ەوە نووسراوە. شایانی باسە کە ئەم کتێبە لە بنەڕەتدا بە دانیمارکی نووسراوەو (یان بینگتسۆن) کردویەتی بە سویدی.

وەرگێڕ

سلێمانی

2011/8/18

## ئەنستیتوتی لێکۆڵینەوە کۆمەڵایەتییەکان

شێوازی بیرکردنەوەی فەلسەفەییانەی کۆمەڵایەتی، کە دواتر وەك تیۆری رەخنەگرانە یان قوتابخانەی فرانكفۆرت ناسرا، لەو کاتەوە دەستیپێکرد کە ماکس هۆرکهایمەر Max Horkheimer (1895–1973) ساڵی 1930 بوو بەسەرۆکی بەشی فەلسەفەی کۆمەڵایەتی لە ئەنستیتوتی لێکۆڵینەوەی کۆمەڵایەتی لە فرانکفۆرت. ئەم ئەنستیتوتە، ساڵی 1923 دامەزراوە، نەك تەنیا لە رووی فیکرییەوە، بەڵکو لەرووی داراییشەوە هەر سەربەخۆ بووە. بەڵام دامەزرێنەرانی، بەتایبەتی فیلیکس ڤیل Felix Weil کە سەرەتا لایەنی دارایی بۆ دامەزراندنو بەرێوەبردنی دەستەبەرکردبوو، بە باشیان زانی ئەنستیتوتەکە جۆرە پەیوەندییەکی لەگەڵ زانکۆی فرانکفۆرت هەبێ. لەگەڵ وەزارەتی پەروەردە رێکەوتن حکومەت موچە بۆ مامۆستایان دابینبکا.





هۆرکهایمەر وەك رابەر و باوکێك کاریگەری هەبووە لەسەر شێوازی بیرکردنەوەی مارکۆزە و ئادۆرنۆ و هابەرماس. (کاریکاتێری Volker Kriegel).

گەرچی ئەو دوو سەرۆکەی پێشووی ساڵانی بیستەکان هیچ نوێکارییەکی وایان ئەنجامنەدا، ئەم سەرۆکە نوێیە، هۆرکهایمەر، کە ساڵی 1925 بەهۆی نامەی دکتۆراکەیەوە کە لەسەر کانت نووسیبووی، ناوبانگی پەیداکردبوو، لە کاتێکی کەمدا توانی هەندێ گەنجی رۆشنفکر لە دەوری خۆی کۆبکاتەوە. خاڵی هاوبەشی هەموویان ئەوەبوو لەبری هەوڵدان بۆ دەسکەوتنی پلەوپایەی نێو ئەکادیمیاکان، زیاتر ئارەزوویان لە لێکۆڵینەوەو توێژینەوە بنەڕەتییەکان بووە سەبارەت بە کێشە فەلسەفییە کۆمەڵایەتییەکان. واتە ئامانجی هاوبەشیان بریتی بووە لە کارکردن لەسەر تیۆرییەکی رەخنەگرانە دەربارەی کۆمەڵگە.

سەرچاوەی سەرەکییان بریتی بووە لە ئایدیالیزمی ئەڵمانی (کانتو هیگڵ)و "رەخنەگران"ی وەك ماركس، نیتشەو فرۆید. گروپی نێو ئەم ئەنستیتوتە یەکەمجار کەوتنە توێژینەوە لە نووسینەکانی مارکس لە سەردەمی گەنجیدا، بە تایبەتی "دەستنووسەکانی پاریس" کە ماوەیەکی کەمبوو دۆزرابوونەوە، سوودیان لێدەبینی بۆ دژایەتیکردنی بەرهەمە دواترەکانی مارکس. لێرەدا بەلای مارکسەوە لە تەمەنی گەنجێتیدا، کێشەی ئاڵۆسکاوی بەنامۆبوونی مرۆڤ وەك قۆناغێکی سەرەتایی بۆ راڤەکردنەکانی



دواتری "سەرمایە" سەیر نەکراوە، بەڵکو بەلایەوە ناوەڕۆکی سەرەکی تیۆرییەکەی بووە. هۆرکهایمەرو ئەوانەی دەوروبەری ئەنستیتوتەکە بەمجۆرە بوونە دامەزرێنەری شێوازێکی نادۆگماتیزمی فەلسەفەییانە بۆ خۆیندنەوەیەکی جیاواز لەوەی ئەو کاتانە لەبارەی بەرهەمەکانی مارکسەوە باوبوو.

بیرە بنەڕەتییەکانی ئەنستیتوتەکە لەو وانانەوە کە هۆرکهایمەر لە ساڵی 1931ەوە بە ناونیشانی (رەوشی ئێستای فەلسەفەی کۆمەڵایەتیو ئەرکەکانی ئەنستیتوتێك بۆ توێژینەوە کۆمەڵایەتییەکان) دەیگوتنەوە، شێوازێکی مەنهەجییان وەرگرت.

لە وانە گوتنەوەکانیدا، هۆرکهایمەر ویستویەتی پێناسەیەکی روون بۆ ئەوەی پێیدەگوترا فەلسەفەی کۆمەڵایەتی، بکاو کاربکرێ سنوورەکانی لەگەڵ شێوازە زانستییە گشتییە باوەکاندا دیاریبکرێ. خاڵی جیاکەرەوەی فەلسەفەی کۆمەڵایەتی بریتییە لە راڤەکردنێکی فەلسەفەییانەی پێکەوەژیانی مرۆڤ. " دەبێ بە پلەی یەکەم، کار لەسەر ئەو دیاردانە بکا، کە بەهۆی پێکەوە ژیانی مرۆڤ لە کۆمەڵگەدا بوونیان هەیەو قابیلی تێگەیشتنن، وەك: دەوڵەت، عەدالەت، ئابووریو ئایین. بەکورتی تەنیا بۆ کولتووری کەڵەکەبووی مادیو رۆحی مرۆڤ". "تێگەیشتنێکی هەمەلایەنە لە

فەلسەفەی کۆمەڵایەتی، کە لەسەردەمی ئایدیالیزمی ئەڵمانییەوە، لە کانتو هیگڵەوە پەیدابووە، ئەرکی سەرەکی فەلسەفەیە" [1]

هەر زوو هۆرکهایمەر هەستیکرد ئەم ئەرکە پێویستی بە ئۆرگانێکی بەهێز هەیە، شوێنێك کە چ هاوکارانی ناو خودی ئۆرگانەکەو چ ئەوانەش کە لەدەرەوە بابەتیان بۆ دەهێنن، توانای بڵاوکردنەوەی بەرهەمەکانیان تیادا هەبێ. شوێنێکی وا دەبووە گرەنتی بەردەوامبوونو توانای ئیلهامبەخشینو کاری رەخنەسازی قوتابخانەکە. لەساڵی 1932 دا هۆرکهایمەر توانی سەرچاوەی مادی بۆ دەرکردنی گۆڤارێك مسۆگەر بکا. ناوی (گۆڤاری لێکۆڵینەوە کۆمەڵایەتییەکان) بووە. (Zitsckrift für Sozialforschung) لە نێوان ساڵانی (1932–1941) بڵاوکراوەتەوە. دواتر دەرکەوت دەرکردنی ئەم گۆڤارە پلانێکی زۆر بە سوود بووە، لە رێگەی ئەمەوە قوتابخانەکە خۆی بە جیهانی دەرەوە ناساندو بیرو باوەڕەکانی خۆی گەیاند. بەڵام لەبەر هۆکاری سیاسیو دژایەتیکردنی ئەنستیتوتەکەو لەبەر ئەوەی زۆربەی

[1] Horkheimer, Max Die gegenwärtige Lage der Sozialphilosophie und die Aufgaben eines institut fur Sozialforschung, frankfurt 1931 s.3



ئەندامانی بە رەچەڵەك جوو بوون، ناچارکران وڵات جێبهێڵن. تەنیا ساڵی یەکەمو ژمارەی یەکەمی ساڵی دووەم لە ئەڵمانیا چاپکران.

## ساڵانی تاراوگە

یەکەمجار ئەنستیتوتەکە رووی کردە جنێف، دواتر برایە پاریسو لە کۆتاییدا ساڵی 1934 لە نیویۆرك گیرسایەوە. لەوێ بوو بە بەشێك لە زانکۆی کۆلۆمبیا. لەو سەردەمە پڕ ئاڵۆزیو گۆرانکارییە خێرایانەدا، بوو بە پەناگەیەك بۆ کۆبوونەوەی ئەندامەکانی. جگە لە گۆڤارەکە، دەستکرا بە چاپکردنو بڵاوکردنەوەی کتێبیش. هۆرکهایمەر خۆشحاڵ بوو بەوەی کە لە تاراوگەش دەتوانن گۆڤارەکە بە زمانی ئەڵمانی دەربکەن. ئەمو هاوکارەکان بەلایانەوە وابووە کە ئەمان لە دەسەڵاتدارە نوێیەکانی ئەڵمانیا چاکتر زمانو کولتووری ئەڵمانی دەپارێزنو خزمەتی دەکەن. گەرچی زۆربەی هاوکارییە مادییەکان لە نیویۆرکەوە دەهاتن، بەڵام گۆڤارەکە هەر لە پاریس دەردەکرا. ساڵی 1939 کە جەنگی دووەمی جیهانی بەرپابوو، هۆرکهایمەر هەستیکرد ئیتر رەنگە نەتوانن گۆڤارەکە لە پاریس بهێڵنەوە، لەو بارەیەوە نامەیەکی نووسی بۆ پەخشخانەکە، وەڵامیان دابۆوە کە وەزیری

رۆشنبیری فەرەنسا(Jean Giraudoux) گوتویەتی جێی شانازییە بۆ ئێمە کە ئەو گۆڤارە بەردەوام لە فەرەنسا دەربچێ. ئەوکاتەی لەشکری هیتلەر پاریسی گرت، گۆڤارەکە بەناچاریی گوازرایەوە بۆ نیویۆرکو چوار ژمارەی کۆتایی بە ئینگلیزی لەوێ دەرکرا.

ئەو بیستوحەوت ژمارەیە (ساڵی سێ ژمارە) کە دواتر لە شێوەی کتێبدا پێکەوە چاپکراونەتەوە، یەکێکە لە شاکارە هەرە مەزنەکانی رۆشنبیریی سەدەی بیستەم[2]. هەروەك چۆن ئەنستیتوتەکە بێلایەنانە توێژینەوەکانی لە بوارە زانستییە جیاو دژبەیەکەکاندا بە شێوەیەکی رادیکاڵانە ئەنجامدەدا، کە ئەوکاتانە هیچ زانکۆیەك کاری وای لێنەدەوەشایەوە، هەر بەو جۆرە گۆڤارەکەش بەرجەستەکردنی پرۆگرامێکی هاوبەشو هۆشمەندانەی دژ بە رەوشی باوی ناو ئۆرگانە ئەکادیمییەکان بوو. لەژمارەی یەکەمدا پرۆگرامێك لەلایەن هۆرکهایمەرەوە نووسرابوو، کە لە وێدا ویستبووی چوارچێوەی لێکۆڵینەوە کۆمەڵایەتییەکان دیارییبکا، بە شێوەیەك کە جێی "فەلسەفەی کۆمەڵایەتی" بگرێتەوە. "لێکۆڵینەوەی کۆمەڵایەتی" بریتی نییە لە جۆرێك دیسپلینی تایبەتی، بەڵکو زۆربەی لایەنە زانستییە هەمەجۆرەکانو ئاستی

[2] Zeitschrift fur Sozialforschung, Munchen 1970



کاردانەوەکانیان دەگرێتەوە، کە هەموویان یارمەتیدەرن بۆ تێگەیشتن لە سەرتاپای کۆمەڵ. هۆرکهایمەر جەختی لەسەر ئەوە کردۆتەوە، کە گەرچی بەرەهایی پشت بە ئەزموونگەریش ببەسترێ، نابێ لایەنی تیۆری فەرامۆشبکرێ. ناکرێ تەنیا بە باسکردنی فاکتەکان (کە بە ستروکتوری ئەزمونگەری نامۆن) لە لێکۆڵینەوە کۆمەڵایەتییەکان بگەین. تیۆری مەعریفە پێشبینی ئەوەی کردووە.

"کە لە ژێر رووبەری رووداوە پڕ ئاژاوەکانەوە ستركتوری وەڵامێکی ناڕۆشنی لایەنە کاریگەرەکان هەیە، کە ئێمە دەتوانین زانیاریان لە بارەوە وەربگرین. مێژوو لە لێکۆڵینەوە کۆمەڵایەتییەکاندا وەك شتێکی رەهاو راستەقینە پەسەند نەکراوە. بەڵکو وەك یەکێك لە یاسا دینامیکییەکان سەیر دەکرێ. لەبەرئەوە زانیاری دەربارەی مێژوو، زانستە"[3].

هۆرکهایمەر تەواو دەیزانی کە ئەنجامی توێژینەوە لە لایەنێکی تایبەتی کە دەکرێ لە لێکۆڵینەوەی کۆمەڵایەتیدا سوودی لێوەربگیرێ، زۆربەی جارەکان خەسڵەتێکی کاتیو نەسەلمێنراویان هەیە. هەر بۆیە ئەو لێکۆڵینەوانە دووربوون لەو جۆرە فەلسەفانەوە

[3] Zeitschrift fur Sozialforschung , årg I,s I, (1932, 1970).

که دەیانویست بگەنە دوا ویستگەی بیروبۆچوون. ئەمە دژ بەوە نییە کە هەندێك جار گۆڤارەکە چالاکانە بە پرسە فەلسەفەییە لاوەکییەکانەوە خەریك دەبوو. "بۆ هەڵبژاردنی بابەتێك، مەرج نییە لایەنگری ئەو بابەتە دیاریکراوە بیت. بەڵکو گرنگی بابەتەکەیە بۆ تیۆری کۆمەڵگە"[4]. لێکۆڵینەوەی کۆمەڵایەتی لەرووی ئەم بایەخپێدانە گفتوگۆ لەسەر کراوەوە لەگەڵ کۆمەڵناسی، وەك بابەتێکی زانستی، خاوەن ناسنامەی دیاریکراوی تایبەت نین. هەروەها بە پێچەوانەی کۆمەڵناسییەوە، لێکۆڵینەوە کۆمەڵایەتییەکان بابەتی لێکۆڵینەوەکانیان لە بواری نا–سۆسیۆلۆجی وەردەگرن. لەمڕووەوە کۆمەڵناسی بۆ نموونە لە زانستە سروشتییەکان زیاتر نزیکی لێکۆڵینەوە کۆمەڵایەتییەکان نییە.

به تێپەڕبوونی کات گۆڤارەکە لە بڵاوکردنەوەی بەرنامەکەی خۆیدا بووە سەکۆیەك، کە لەوێدا تیۆری رەخنەگرانە گەشەی کردو دواتر رەنگی خۆی وەرگرت. لێرەدا ناوی چوار کەسایەتی کاریگەر شایانی باسکردنن:

[4] Zeitschrift fur Sozialforschung, s,II (1932, 1970).



– **هیربێرت مارکۆزە** Herbert Marcuse 1898–1979

بەوەی کە قوتابی مارتین هایدگەرو تێزی دکتۆراکەی لەسەر هیگڵ بووە، زوو ناوبانگی پەیداکردووە. هەر لە سەرەتاوە لەگەڵ ئەندامانی ئەنستیتوتەکە هاوبەشی دیالۆگەکان بووەو لە ساڵانی سییەکاندا، لە زۆر بواردا رۆڵی سەرەکی هەبووە، وەك لە بواری فۆرمولەکردنی بە دیقەتی کاتیگۆرییە گرنگەکانی نێو تیۆری رەخنەگرانەی کۆمەڵگە.

– **تیۆدۆر ئادۆرنۆ** Theodor W. Adorno 1903–1969

ئەمیش هەروەك هۆرکهایمەر قوتابی هـ. کۆرنیلیوس (1863–1947) بووە. بە نووسینی نامەی دکتۆراکەی، لەسەر دەستی ئەودا، لەسەر کیرکیگارد، لێهاتوویی خۆی دەرخست. هەروەها ئادۆرنۆ خەریکی لێکۆڵینەوە بووە لە ئاوازەکانی ئەلبان بێرگ (Alban Berg) و لە ساڵانی سییەکاندا لە بواری رەخنەی میوزیکیدا کاریکردووە. بەشێوەیەکی سەرەکی لە بواری ئیستاتیکاو میوزیکۆلۆجی لە گۆڤارەکەدا هاوکار بووە. بۆ نموونە

ساڵی 1932 وتارێکی  بە ناوی (ڕەوشی میوزیکی نێو کۆمەڵگە) بڵاوکردۆتەوە.

**– ئێریک فرۆم** Erich From 1900–1980

دەروونناسیو فەلسەفەی خوێندووە. لەهەندێ لایەنی سەختو جۆراوجۆردا شوێندەستی لە دەروونناسیدا دیارە، بە تایبەتی لەو گفتوگۆیانەی ئەو سەردەمانە سەبارەت بە شێوازو چۆنیەتی پێکەوە گونجانی ماتریالیزمو دەروونشیکاری لە ئارادا بوون.

**– ڤالتەر بینیامین** Walter Benjamin 1892–1940

سەرەتا لە بواری ڕەخنەی ئەدەبیدا چالاك بووە. هەرگیز بە شێوەیەکی فەرمی گرێدراوی ئەنستیتوتەکە نەبووە. بەڵام لە تاراوگەکەیەوە، لە پاریس، بواری بڵاوکردنەوەی نووسینەکانی لە گۆڤارەکەدا بۆ ڕەخساوە. بینیامین ڕۆڵێکی گەورەی بینیوە بۆ ئادۆرنۆ، چ وەك ئیلهامبەخشێكو چ وەك هاوڕێ بۆ گفتوگۆ لەگەڵکردن.

ئەم گروپە بوون کە لە ساڵانی سییەکاندا، ئەنستیتوتەکەیان گەیاندە ئەو پلە بڵندو پڕ ناوبانگە. هەڵبەتە کەسانیتریش بۆ ماوەی کورت یان درێژ کاریان تیادا کردووە. لەو ساڵانەداو ساڵانی دوای بەرپابوونی جەنگیش، بە پێی توانای ئابووری، ئەنستیتوتەکە



یارمەتی دارایی پێشکەش بە پەنابەرە سیاسییە ئەڵمانییەکان کردووە، کە لە ئەمریکا گیرسابوونەوە.

ئەوەی وەك لایەنی فەلسەفەیی ببووە مۆرکی ساڵانی چلەکان، هاوڕێیەتییەکەی نێوان هۆرکهایمەرو ئادۆرنۆ بووە. ئەم کەسایەتییانە کە لە سەرەتاوە پێکەوە کاریانکردووە، بوون بە نەخشە داڕێژەری (قوتابخانەی فرانکفۆرت). دوو کتێب کە لە تاراوگە، لە ئەمریکا، بڵاوکراونەتەوە بە شێوەیەکی تایبەت سەرنجڕاکێش بوون. یەکێکیان ئەو پرۆژە سۆسیۆلۆجییە بوو کە ئادۆرنۆ سەرۆکایەتی دەکرد بەناوی کەسایەتی دەسەڵاتخواز (The Authoritarian Personality)

وەك هەوڵدانێك بۆ ئەوەی لە سترکتوری ئامادەگی تاکەکەسەوە بۆ بوون بە مرۆڤێکی فاشی خوێندنەوەیەك بۆ سەرهەڵدانی فاشیزم بکەن. کتێبی دووەمیش بە هاوبەشی لەلایەن هۆرکهایمەرو ئادۆرنۆوە بەناوی (دیالێکتیکی ڕۆشنگەری)یەوە (Dialektik der Aufklärung) ساڵی 1947 دەربارەی مێژووی فەلسەفە نووسراوە.

## رادیکالیزمی پاش جەنگ

ساڵی 1949 هۆرکهایمەرو ئادۆرنۆ وەك پرۆفیسۆری سۆسیۆلۆجی‌و فەلسەفە لە زانکۆی فرانکفۆرت گەڕانەوە بۆ ئەڵمانیای رۆژئاوا. ئەنستیتوتەکە دووبارە لکێنرایەوە بە زانکۆکەوە. لەوێ ساڵانی 1951–1953 هۆرکهایمەر پلەی راگری هەبووە.

پەنجاکان، کە بە ساڵانی بنیاتنانەوەو جەنگی سارد ناسراوە، بۆ ئەنستیتوتەکە دەیەیەکی پڕ بەرهەمبووە، هەروەها ئادۆرنۆ، کە لە هۆرکهایمەر گەنجتربوو، بوو بە بزوێنەری سەرەکی قوتابخانەکە، سەرنجێکی سەرپێیی لە بەرهەمە زۆرەکانی لەو ساڵانەدا، بە روونی ئەوە ئاشکرا دەکەن. Minima moralia, Reflexionen aus dem beschädigten Leben کە بریتییە لەو تێبینییانەی لە نێوان ساڵانی 1944– 1947 نووسیویەتی‌و 1955 بڵاویکردۆتەوە، هەمانساڵ کتێبی (Prismen. Kulturkritik und Gesellschaft) چاپکردووە، ساڵی 1956 (Dissonanzen. Musik in der verwalteten Welt) و هەر ئەوساڵە کتێبی (Zur Metakritik der Erkenntnistheorie. Studien uber Husserl und die phänomenologischen Antinomien) ، 1958 کتێبی (Noten zur literature) 1959 کتێبی (Klangfiguren)ی بڵاوکردۆتەوە. تەنیا بە



وردبوونەوە لە ناونیشانی ئەم کتێبانەوە دەتوانرێ کەسایەتی ئادۆرنۆمان بۆ دەربکەوێت. چونکە ئەمانە چاکتر لە هەر جۆرە باسکردنێکیتر لایەنە رۆشنبیرییە بەرفراوانەکانی ئادۆرنۆمان بۆ ئاشکرا دەکەن. بە هەمان لێهاتوویی زۆرەوە لە بوارە جیاجیاکاندا بە توانا بووە، لەبواری وەك فەلسەفە، میوزیکۆلۆجی، یان لایەنەکانیتری ئیستاتیکای شاکارە میوزیکی‌و ئەدەبییەکان، هەر لە (باخ)ەوە تا (شوینبێرگ)، لە (هۆڵدرین)ەوە تا (بێکێت). قوتابخانەی فرانکفۆرت لە کەسی ئادۆرنۆدا وەك ئایدیا بەرجەستەبووبوو. کەسێتییە هەمەلایەنییەکەی شتێکی سەرپێیی‌و کاتی نەبوو، بەڵکو لە رووی فەلسەفەییەوە بایەخ‌و تایبەتمەندێتی خۆی هەبووە. بەلای ئەمەوە هەقیقەت خۆی لە وەڵامی راستەوخۆی پرسیارە سادەکاندا نابینێتەوە، بەڵکو شێوازی دەربڕینی زۆرزۆر جیاوازی هەیە. لەبەرئەوە ئادۆرنۆ زۆر بە وردی مامەڵە لەگەڵ زماندا دەکا، بچوکترین جیاوازی زمان لە فۆرمولەکردنی وێنەی راستەقینەی واقیعدا رۆڵی گرنگی هەیە. لێرەوە تێگەیشتنمان بۆ ستایلی سەختی نووسینەکانی ئادۆرنۆ دەبێ. زمان بەلایەوە ئەوەندە گرنگ بووە، تەنانەت لە دوا کتێبیدا بە ناوی (Stichwörter) 1969 نووسیویەتی یەکێ لە

هۆكارەكانی گەڕانەوەی بۆ ئەڵمانیا ئەوەبووە، كە تەنیا زمانی ئەڵمانی توانای دەربڕینی راستوڕەوانی بیرو بۆچوونەكانی بۆ رەخساندووە.

بەمشێوەیە دەردەكەوێ كە ساڵانی پەنجاكان سەردەمێكی پڕ بەرهەم بووە بۆ قوتابخانەكە. هەروەها ساڵانی شەستەكانیش لە پەنجاكان كەمتر نەبووە. لەم دەیەیەدا بوو كە قۆناغی دووەمی مەزنی خۆی بەدەستهێنا. جیاواز لە قۆناغی یەكەم، ئەمجارە لەمساڵە پڕ رووداوانەدا، بە رادەی زۆر زیاتر، كەم تا زۆر بە خواستی خۆی، قوتابخانەكە، لە ژیانی رۆژانەدا رۆڵێكی زیاتر ببینێ. هۆكاری سەرەكیش سەركەوتنەكانی تیۆرییە رەخنەگرییەكە بوو لە بارەی دژایەتیكردنی دەسەڵاتی تۆتالیتێریی و پشتگیریكردنی لەلایەن بزووتنەوەی خوێندكارانی ئەڵمانیای رۆژئاواوە. جگە لەوانەش لە فەرەنسا لاوە رادیكاڵەكان لەم قوتابخانەیەدا تیۆرییەكی پتەوی هەمەلایەنەی رەخنەگرییان بینییەوە، كە دەتوانرا دەربڕینێك بێ بۆ بارە نامرۆڤایەتییەكەی ئەو كاتە.

بەڵام، گەرچی لاوە رادیكاڵەكان گەلێك هێزی خۆڕاگریو ئیلهامیان لە تێورییە رەخنەگرییەكەوە وەرگرتبوو، نێوانی



"بزووتنەوە"كەیانو "قوتابخانەكە" زیاتر لێكترازانو دووركەوتنەوەبووە، نەك پەیوەندییەكی هارمۆنی. ناكۆكییەكانیان سەبارەت بە هەڵسەنگاندنو راڤەكردنی (كارل ماركس)بوو. هەروەك گاڵتەجارییەكی قەدەر، وا رێكەوتبوو بزووتنەوەكەی خوێندكاران "ئەو ماركسەی ئەمان تازە پێی ئاشنا بووبوون" بەكاریاندەهێنا بۆ دژایەتیكردنی تیۆرییە رەخنەگرییەكە. ئەمە گەرچی وەك پێشتر باسكرا، بە پێچەوانەوە لە ساڵانی سییەكاندا ماركس یەكێك بووە لەو هێزانەی گروپەكەی لەدەوری ئەم ئەنستیتوتە گرد كردبووەوە. هەڵبەتە خوێندكاران هەقیان بوو، چونكە ماركس لە پەنجاكاندا هەمان ئەو رۆڵەی نەبووە بۆ تیۆرییە رەخنەگرییەكە، كە لە سییەكاندا هەیبووە. لە یەكێ لە كۆبوونەوە گشتییەكاندا كە قوتابخانەكە تیایدا بەشداربووە، ئادۆرنۆ هەوڵیداوە وەڵامی ئەو پرسیارە بداتەوە كە ئایا بۆچی قوتابخانەكە پشتیكردۆتە ماركس؟ ئەوەش لە ساڵی 1961دا بوو، ئەوكاتەی لەلایەن كۆمەڵەی سۆسیۆلۆجی ئەڵمانییەوە لە توبینگن كۆنفرانسێك سازكرابوو، كۆبوونەوەكە بە سەرپەرشتی كارل پۆپەرو ئۆدێرنو بەڕێوەدەبرا، زیاتر بۆ ناساندنی قوتابخانەكە بوو، دواتر بە كۆنفرانسی خەباتی

پۆزەڤیتزم ناوی دەرکردو وتارەکانی کۆنفرانسەکەش لە کتێبێکدا بەو ناوەوە چاپکران.

بۆ ئەو پرسیارەی لای سەرەوە، ئادۆرنۆ سێ وەڵامی پێشکەشکردووە: یەکەم: ئەو تیۆرییەی مارکس داینابوو لە نێوان جەنگی یەکەم‌و دووەمدا فۆرمێکی تەواو دۆگماتیزمی وەرگرتبوو (ئەو فۆرمەی سۆڤییەت بەخشیبووی بە مارکسیزم). دووەم: بیرۆکەی گۆڕینی جیهان لەم تیۆرییە دۆگماتی‌و ستاتیکییەدا بووە بە ئایدۆلۆجیایەکی پەتی بۆ خزمەت‌و رازاندنەوەی دزێوترین شێوازی چەوساندنەوەی مرۆڤ (وەك ئەوەی لە یەکێتی سۆڤییەت‌و ئەوروپای رۆژهەڵات باسدەکرێ). سێیەم: سەردەمی ئێستا هەمان ئەو سەردەمە نییە کە مارکسی تیا ژیاوە. ئەو سەردەمە بوارێکی راستەقینە هەبووە کە زۆربەی خەڵکی تیۆرییەکە پەسەند بکەن‌و ببێتە هۆکار بۆ گۆڕانکاریی بنەڕەتی لە کۆمەڵگەدا. ئێستا وا دیارە پێچەوانەی ئەوەیە. ئێستا کەس ئامادە نییە لەبەر رۆشنایی تیۆرییەکی وادا کار بکا. باوەڕهێنان بەوەی ئەمجۆرە کارکردنە بەرهەمێکی راستەقینەی دەبێ، تەنیا خەیاڵە.

دواتر ئەم بۆچوونە لە لایەنێکی چاوەڕواننەکراوەوە رووبەڕووی رەخنەبووەوە، ساڵی 1961 کەس ئامادە نەبوو بەهۆی زانستێکی



تیۆرییەوە ئامادەبێ بۆ کارکردنێك، بەڵام لە ساڵانی دواتری شەستەکاندا رەوشەکە گۆڕا، کە کەسانی خاوەن چالاکی‌و خۆپیشاندەران بوون بە پێشەنگی بزووتنەوەکەی خوێندکاران. تەنانەت ساڵی 1968 بارەگای ئەنستیتوتەکەش داگیرکراو کار گەیشتە ئەوەی ئادۆرنۆ داوای یارمەتی لە پۆلیس بکا. پۆلیس هات‌و بارەگاکەی بە خۆپیشاندەران چۆڵکرد. هەروەها لە وەرزی بەهاری 1969دا، دوای دووجار شکستهێنان، ناچاربوو لەبەر رێگرییەکانی خوێندکاران دەسبەرداری وانە گوتنەوەکانی ببێ.

هەردوو نوێنەرە(کۆنەکەی) قوتابخانەی فرانکفۆرت رووبەڕووی ئەو رەخنەیە بوونەوە، کە ئەمان لەرووی تیۆریی‌و پراکتیکەوە هاوسەنگ نین. راستە ئەوان گەشەیان بە هێڵە بنەڕەتییەکانی تیۆرییەکی رەخنەگرانە بۆ کۆمەڵگەدابوو، بەڵام ئامادە نەبوون بۆ ئەو دەرهاویشتانەی لە پراکتیزەکردنەکەیەوە دەهاتنە پێش. بە بۆچوونی خوێندکارییەکان، لەبەر ئەوەی ئەوان بەگومان بوون لە گۆڕینی کۆمەڵگە لەرێگەی پەلاماردانی راستەوخۆو بەو هۆیەوە نە خۆیان بەشدارییان لە چالاکییە توندوتیژییەکاندا دەکردو نە خەڵکیان بۆ هاندەدا، کەواتە رووخاون. لەبەر ئەوەی رێگەیاندەدا

شتەکان بە ڕەوتی ئاسایی خۆیاندا بڕۆن، کەواتە بە ڕەوشەکە ڕازین، گەرچی بە ئاشکرا دانییپیانانێن.

بە پێچەوانەی مارکۆزەوە، کە بەلایەوە خوێندکاران هێزی گۆڕینی کۆمەڵگەن، "ڕاپەڕینەکە" بەلای هۆرکهایمەرو ئادۆرنۆوە چالاکییەکی ناڕەسەن‌و نادروست بووە. هەروەك ئادۆرنۆ لە بەرنامەیەکی ڕادیۆییدا بەناوی "هەستی ڕووخان" ساڵی 1969 گوتویەتی: "لەم کاتانەدا هیچ جۆرە فۆرمێکی بڵندتر بۆ کۆمەڵگە لەبەرچاودا نییە". هەروەها هەمان ئەو کەسە چالاکانەی داوای یەکێتی نێوان تیۆریی‌و پراکتیك دەکەن، هەر خۆیان، بە پێچەوانەی داواکەی خۆیانەوە، لێکیان جودا دەکەنەوە. لە ڕەوشێکی دیاریکراوی مێژوویدا، کە جێبەجێکردنی تیۆرییەکە کارێکی ئەستەمە، دەبێت بە شێوەیەکی کوێرانە پراکتیزەی بکەن. لە چاوپێکەوتنێکدا بۆ وەڵامی ئایا چی لەتوانادایەو دەبێ چی بکرێ؟ ئادۆرنۆ بەکورتی وەڵامی داوەتەوە:


"من نازانم. تەنیا دەتوانم بەتەواوی شیکاری بۆ ڕەوشەکە بکەم. لەمبارەیەوە پێموایە گەر تۆ هەر لە ئێستاوە ڕەخنەت هەیە، ئەوا ئەرکی ئەوەت لەسەر شانە بڵێیت چۆن ڕەوشەکە چاکتر دەکرێ. ئەوەش بەلای منەوە وەك حوکمێکی پێشینەی پارێزگارانەیە."



دواتر لە چاوپێکەوتنەکەدا ئادۆرنۆ زیاتر ڕۆدەچێتە نێو وەڵامەکەوە، بەوەی کە دەبێتە لایەنگری ئەو دەرئەنجامەی (سی. دی. گراب)ی شاعیر 1801–1836 پێیگەیشتووە کە دەڵێ: "تاکە شتێك کە دەتوانێ ئێمە ڕزگار بکا، گومانە." ئەمە وەك نامەیەکی تایبەتی بۆ خوێندکارە چالاکەکانی نێو بزووتنەوەکە بەم شێوەیە دەبێ:

ئەوە ئاگرخۆشکردنە، بەڵام ئەوەندەش ناعەقڵانی نییە. هیچ گومانم نییە کە خەڵکی سەبارەت بەم جیهانەی تیایدا دەژین، نیگەرانن، ڕەشبینن، بیرکردنەوەی نێگەتیڤیان هەیە. بە پێچەوانەوە ئەو کەسانە تەسکبینن کە بە ناقۆڵایی دەیانەوێ ئەو نیگەرانییە بابەتییە بە هاتوهاواری گەشبینانەو کردەوەی بەپەلە داپۆشن هەر بۆ ئەوەی باری دەروونی خۆیانی پێباشتر بکەن.

باشترین وەڵامی پۆزەتیڤ کە لە ئادۆرنۆوە دەست بکەوێ‌و وەك ڕێگە نیشاندەر بەکار بهێنرێ، ئەوەیە: فەلسەفە تاکە ڕێگەیە کە تا ئێستا شیاوی بەکارهێنانە. کەواتە "تەنیا ئەو بیرە سازشنەکەرە، ڕەخنەگرییەی کە نە دەسبەرداری هۆشی خۆی دەبێ‌و نەهیچ هێزێك دەتوانێ بۆ هیچ کارێك ملی پێکەچ بکا، لە ڕاستیدا ئەوەیە کە کۆڵنادا".




## هۆرکهایمەرو ئادۆرنۆ: دوو دوانەی لێکدانەبڕاو

### فەلسەفەو زانست – ڕەخنە لە پۆزەڤیتزمو ئۆنتۆلۆجی.*

هیچ فەلسەفەیەکی هاوچەرخ ناتوانێ، چ ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ، هەڵوێستی بەرانبەر زانست نەبێ. هۆکارەکەش ئەو پێگە پێشکەوتووەیە، کە زانست لەم سەردەمەی ئێمەدا بەدەستیهێناوە. هیچ کارێکی هۆشەکی هێندەی زانست لە کولتووری ڕۆژئاواییدا کاریگەر نەبووە. لەبەر ڕۆشنایی هەڵوێستی

* زاراوەیەکی یۆنانییە بە واتای زانستی بوون، لقێکە لە فەلسەفە لە واتای بوون دەکۆڵێتەوە.(وەرگێڕ).



لایەنە جۆراوجۆرەکانی فەلسەفە سەبارەت بە زانست، دەتوانرێ تا ڕادەیەکی گرنگ لە فەلسەفەکە خۆی تێبگەین.

خاڵی سەرەکی ڕوانینی قوتابخانەی فرانکفۆرت بۆ زانست، ئەو گۆڕانکارییە مێژووییەیە، کە لەم سەدەیەی دواییدا بەسەر زانستدا هاتووە. گەرچی زانست توانی دەسەڵات لە لایەنە ڕۆحییەکان بسێنێ، بەڵام ئەویش توانای ئازادکردنی مرۆڤی لەدەستداوە. لەبری ئەوەی مرۆڤ لە پەیوەستبوونی کوێرانەو بێبەهایانەی بە ماددەوە ڕزگاربکا، زانست خۆی وەك ئامێرێکی چەوساندنەوەو کۆنترۆڵکردنی مرۆڤی لێهاتووە. هەر تەنیا بۆ دەستەبەرکردنی دەسەڵاتی مرۆڤ بەسەر مرڤدا بەکارناهێنرێ، بەڵکو جگە لەوەش هەر پێشکەوتنێك لە بواری زانیندا هەنگاوێکیشە بەرەو نائازادی. دەبێ کەموکوڕییەکە لە زانست خۆیدا بێ، کە بەناوی ڕاسیۆنالیزمییەوە هەموو تایبەتمەندییەك و تاکگەراییەك لەناو دەبا؟ چۆنییەتی لەپێناوی چەندێتیدا نامێنێ. هەڵبەتە زانست چەند ڕاسیۆنالتر (عەقڵانیتر) بێ، ئەوا دەبێ زیاتر ناڕاسیۆناڵی ڕەتبکاتەوە. تەنانەت فەلسەفەش کە بیرکردنەوەیەکی ڕەخنەگرانەی ئازادە، لێرەدا ناتوانێ تەواو دڵنیابێ. "ئەو ئایدیا زانستییانەی جاران کە یارمەتیدەربوون بۆ فەلسەفە تا لە کۆتو

بەندە تیۆلۆجییەکان رزگاری بێ، ئێستا خۆیان بوون بە کۆتەو پێوەند و رێگە لە بیرمەند دەگرن بیربکاتەوە."[1]

زانست بووە خاوەنی مۆنۆپۆلکردنی دیاریکردنی راستی و هەڵەیی زانیاریی، زانیاریی راستودروست ئەوەیە کە بە زانست پێناسەدەکرێ. کە لە نێوەندە ئەکادیمییەکاندا بیانەوێ بە رێزەوە خۆیان لە هەر زانیارییەك بە دووربگرن، بەهانەی ئەوە دێننەوە کە ئەو زانیارییە زانستی نییە.

ئەو لایەنە فەلسەفەییەی وەك بەرنامە جەخت لەسەر پێکەوە پەیوەستبوونی زانیاری راستەقینەو زانست دەکا، فەلسەفەی پۆزەڤیتیزمە. تێزی سەرەکییان بریتییە لەوەی کە هەموو زانیارییەك دەبێ زانستی بێ. بەم پێیە فەلسەفە لەخزمەتکردنی یاسا زانستییەکاندا کورت دەکرێتەوە. زانست لە روانگەی ئەم رەوتەوە بریتییە لەو تێرمە زانستییانەی بەراستی بوونیان هەیەو لە رێگەی زانستە سروشتییەکانو ئایدیالە زانیارییەکانەوە دەتوانرێ پراکتیزەبکرێن.

بەڵام دەرکەوتووە کێشەی گەورە لە لۆژیكو میتۆدی ئەو زانستەی ئێستا جێگای باوەڕە، هەیە. کێشەکان بەجۆرێکن، کە

[1]- Adorno, Theodor W., Zur Metakritik der Erkenntnistheorie, s. 49 (1956,1972).



ناتوانرێ هەروا بە ئاسانی ئایدیالە زانیارییەکانی نێو زانستە سروشتییەکان بکرێنە بنەما بۆ گشت زانیارییەك.

وەك نموونەی یەکەم، کێشەی سەبژێکتو ئۆبژێکتمان هەیە. مرۆڤ لە بواری زانستدا لەسەر مۆدێلێك کاردەکا، کە بە پێی ئەو مۆدێلە لەلایەك ئۆبژێکتێك هەیەو لەلاکەیتر سۆبژێکت. ئەرکەکە ئەوەیە تا ئەوپەڕی توانا بە راستی لە ئۆبژێکتەکە بگا. واتە بۆ ئەوەی زانیارییەکە راستەقینەبێ، پێویستە تەواو بابەتییانەبێ. نموونەی لایەنێکی زانیاری کە پێچەوانەی ئەم ئایدیا زانیارییەی پۆزەڤیتیزمە، لە دەروونشیکاریدا خۆی دەنوێنێ. لەم بوارەدا دەرکەوتووە سنووری زانیاری دەستکەوتن لەسەر نەستی کەسانیتر، بەندە بەوەی کەسە دەروونشیکارەکە تا چەند خودی خۆی دەخزێنێتە کارەکەوە. واتە ئەستەمە لە تێگەیشتنی شیکاری دەروونیدا سەبژێکت جیابکرێتەوە. بەپێچەوانەوە چەند شیکارەکە خودی خۆی تێکەڵ بە کارەکە بکا، زیاتر لە ئۆبژێکتەکە نزیك دەبێتەوە. لێرەدا پێوەندی نێوان سەبژێکتو ئۆبژێکت، بەو شێوەیەی لە تیۆری زانستی ترادیسۆنیدا باسکراوە، وشك نییە. بەدوورگرتنی فاکتەرە سەبژێکتییەکان کارێکی تەواو نەگونجاوە. هەروەها ئەم نموونە بچووکە دەکرێ گەورە بکرێ بۆ باسکردن لە

بوارێکی گەورەتری وەك بواری تێگەیشتن لە جەوهەری کۆمەڵگە، یان هەر کارێکی لەو شێوەیە گەر مرۆڤ هەوڵبدا خودی خۆی وەك سەبژێکتێك لە پرۆسەی تێگەیشتنەکەدا بەدوور بگرێت. لەبری ئەوە وا پێویستدەکا مرۆڤ چەند دەتوانێ، لە شارەزاییەکانی خۆی، لە ویستو فانتازیای خۆی تێکەڵ بکا.

کێشەیەکی هاوشێوە، داوا میتۆدییەکەی زانستە بۆ دووبارەبوونەوەو توانای کۆنترۆڵکردن، کە بریتییە لەوەی دەبێ هەموو زانیارییەك قابیلی دووبارەکردنەوەو کۆنترۆڵکردن بێ، ئەوەش لەلایەن توێژەرانی باوەڕپێکراوی بوارە تایبەتییەکەوە، بۆ ئەوەی لەرووی ئۆبژێکتییەوە رەوایی هەبێ. بێگومان ئەمە بۆ زۆر بوار، وەك زانستە سروشتییەکان، داوایەکی تەواو بەجێیە. چونکە لەو جۆرە بوارانەدا مرۆڤ مامەڵە لەگەڵ لایەنی زۆر وردکراوەو دیارو ئەبستراکتدا دەکا. بەڵام بیرۆکە هەیە بۆ لێتێگەیشتنی پێویستی زۆری بە لایەنە ئۆبژێکتییەکە هەیە. گەر لێرەدا داوای دووبارەکردنەوەو کۆنترۆڵکردن بکرێ بەمەرج، ئەوا تەنیا قاوغە بەتاڵەکەی لێدەمێنێتەوەو جەوهەرەکەی، ئەوەی تا مرۆڤ لێی تێنەگا نایەتە بەرچاو، بزر دەبێ.



لە کۆتاییدا، تیۆریی دەربارەی بەهای ئازادی دەچێتە خانەی یاساکانی میتۆدە زانستییە ئاساییەکانەوە، واتە دەبێ مرۆڤ لە هەڵسەنگاندنی بەهاکانو لە هەڵسەنگاندنی سەبژێکتییانە خۆی بەدووربگرێ. هەڵبەت بە شێوەیەکی گشتی تێگەیشتن لە راستی، کە ناکرێ لەتێگەیشتن لە زانیاریی دابماڵرێنرێ، خۆی لەخۆیدا بەشێك لە هەڵسەنگاندنی حەشارداوە. گەر مرۆڤ شتی راستی لە شتی هەڵە پێچاکتر نەبێ، ئەوا زانست بێمانا دەبێ. لە زانستی تەواودا، لایەنی بەها بۆدانەر، لەگەڵ لایەنەکانیتری تێگەیشتنی پەتیدا، لە زۆر رووەوە پێکەوە چنراون. ئەو جیاوازییەش کە لە نێو تیۆریی باوی زانستدا جەختی لەسەر دەکرێ، کاتێ هەموو لایەنەکان رووندەبنەوە، دەردەکەوێ ناسروشتییە، هەر لەبەر ئەمەشە پراکتیزەکردنی سەختە.

لێرەدا گرنگە تێگەیشتنی هەڵە نەبێ بۆ ئەم رەخنەگرتنە سەرپێییە، دەربارەی هەوڵدانی پۆزەڤیتیزم بۆ دیاریکردنی ناسنامەی زانیاری راستەقینە، بە پەنابردنەبەر زانیارییە زانستییەکان. سەرەڕای هەموو ئەو کێشانەی بەندن بە زانستەکانەوە، مەبەست نییە وەك کاردانەوە بیرگسۆن ئاسا

چـەمکێکی وەك حـــەدس (intuitionen)[2] یــان وەك هۆســـرێل چـــەمکێکی فینۆمینۆلــۆجی(Wesensschau) بـــەکاربهێنرێ. هــەروەها ئەمــە هــیچ هەوڵــدانێکیش نییــە بــۆ دوورخــستنەوە یــان توڕدانی زانست، بـەو جـۆرەی لـە هەنـدێ جۆرەکـانی بوونگەراییـدا بــەبیانووی پەیوەنــدی نــەبوونی بــە (بــوون)ەوە ئەنجامــدەدرێ. ڕەخنەکەی هۆرکهایمەرو ئادۆرنۆ دەربارەی زانست، هەوڵدانێك نییـە بۆ کەمکردنەوە لە پایەی عەقڵ یان زانست، بـەڵکو بـۆ دەرخـستنی کەموکوڕییــەکانی شـێوازە زانـستییە وشـکهەڵاتووەکانە، کـە تـەواو ڕاسیۆناڵ (عەقڵانی) نین.

[2] بەرامبەر وشەی intuition کە بەعەرەبی حەدس دانراوە، لەکوردیدا نەمتوانی وشەیەکی پڕاوپڕی خۆی بۆ بدۆزمەوە. لەفەرهەنگی فەلسەفەدا لەئامادەکردنی (ڕۆشنا ئەحمەد، وردبوونەوەو تۆژاندنی مامۆستا ئەکرەم قەرەداغی)دا زەین روونی دانراوە. جێی سەرنجە کە د.محەمەد کەمال هەر (حەدس)ی عەرەبی‌و لەنێو دووکەوانەشدا (intuition)ی ئینگلیزی داناوەتەوە... بڕوانە د. محەمەد کەمال، نهلێزمو ڕەهەندەکانی بیرکردنەوە، دەزگای چاپو پەخشی سەردەم. سلێمانی. 2005 لا13. هەروەها وەك پێناسە بۆ حەدس نووسیەیەتی : دەرککردنی ڕاستەوخۆ بەبابەتی دەرەوەی ئاگامەندی. بروانە د. محەمەد کەمال، هایدگەرو شۆڕشێکی فەلسەفەیی، دەزگای چاپو پەخشی سەردەم، سلێمانی 2007، لا 360. (و.ك)



ئەو پرسیارەی لێرەدا دێتە پێشەوە، بێگومان ئەمەیە، فەلسەفە چ پەیوەندییەکی لەگەڵ زانستدا هەیە؟ ڕەنگە هەبێ بڵێ فەلـسەفە هیچ جۆرە پەیوەندییەکی بە زانستەوە نییـە. کرۆکـی فەلـسەفە لـە ڕەخنەو پێکەوەگرێدان یان ئەنجامگیری پێکدێ. بـەڵام ئەمانـە ئـەو پێوەرانەن کە لە زانستەوە وەرگـیراون. واتـە بـێ زانـست فەلـسەفە بـوونی نـابێ. چ کـەم چ زۆر فەلـسەفەش پەیوەسـتی ئـەو ئایدیالـە ڕاسـتەقینانەیە، کـە لـە زانـستە پۆزەتیڤەکانـەوە وەرگـیراون. بـە دەگمــەن لایــەنێکی فەلــسەفەیی هەیــە خــۆی بــە زانــستێکی گەشـــەکردووەوە گرێنــەدابێ. هــەروەها بێڕەچــاوکردنی شــێوازی گەشەکردنەکەی، سەختە ڕەواییدانی فەلسەفە بـە زانـست بهێنرێتـە پێشچاو. گـەر لـەم ڕوانگەیـەوە سـەیری مێژووی فەلـسەفە بکـرێ، هەمیشە ڕووبـەڕووی ئـەو پەیوەندییـە پارادۆکسیە دەبینـەوە، کـە لەلایەکەوە فەلـسەفە بانگەشـەی توانـای ڕەواییـدان بـە زانـستەکان دەکــاو لــە لایەکیتریـــشەوە هەمیـــشە پێـــشبینی بـــەکارهێنانی ڕەواییــەکانیان دەکـا، وەك ڕێگـە نیـشاندەرو پێـوەر بـۆ هەوڵــە ڕەخنەگرییەکانی خۆی. لێرەدا ڕەنگە دژبەیەکییەك ببینرێ، چونکە هەرچـۆنێك پرسـیار بکـرێ، ئەمــە دێتــە پێـشەوە، ئایـا دەکـرێ ڕەواییدان بە کۆمەڵەشتێك بـەو جـۆرەی فەلـسەفە دەیـەوێ، ببێتـە

بنەماو مۆدێل بۆ خودی فەلسەفەکە؟ لە یەکەم تێڕوانیندا ئەمە وەك هەڵەیەکی ئاسانی لۆژیك خۆی دەنوێنێ، بەڵام ڕەگوڕیشەی ئەم کێشەیە لەوەوە هاتووە کە فەلسەفە بەقووڵی ڕۆچۆتە ناوەڕۆکی گەشەکردووی زانستەوە، بە جۆرێك گەر بیەوێ خۆی لە زانستەکان ڕزگاربکا، ئەوا تەنانەت ناتوانێ دەسەڵاتی بەسەر ئەو چەمکانەشدا بمێنێ، کە وەك کۆڵەکەن بۆی. چونکە نزیکەی گشت ئەو چەمکانەی فەلسەفە بەکاریاندەهێنێ، ئەوانەن کە لە زانستەکانەوە یان لە نیمچە زانستەکانەوە هاتوون. پەیوەندی فەلسەفە بە زانستەوە ئەوەندە ئاڵۆزە، کە لەلایەکەوە ناکرێ فەلسەفە بە زانستێکی پۆزەتیڤ دابنرێو لە لایەکیتریشەوە لە ڕوانگەی شێوازی خۆدەربڕینەکانییەوە بە ناچاری پەیوەستە بە بوونی زانستەکانەوە.

گەر مێژووی فەلسەفە وەك پرۆسەیەکی بەرەوپێشچووی ڕزگاربوون لە میتۆلۆژیا سەیر بکرێ، ئەمە روونتر دەبێتەوە. لێرەوە دەردەکەوێ کە بەردەوام ئەو زانیاریانەی فەلسەفە لە ئازادیدا، مامەڵەی لەگەڵدا کردوون، لە ناوەڕۆکدا ئەو ماتریاڵە ڕاستەخۆیانە بوون کە فەلسەفە لەم پرۆسەیەدا لە میتۆلۆژیای داماڵیون، کە دواتر هێنراونەتە نێو پرۆسەیەکی سەرکەوتوی



گیانبەبەرداکردندا، کە یەکەم گەیشتنە لوتکەی لە سەر دەستی پارمەندیس (نزیکەی 540–450 پ.ز)دا بووە. دواتریش لە ڕێگەی ئایدیاکانی پلاتۆوە زیاتر گەشەیکرد، لەلای ئەم ئایدیاکان ڕێکوڕەوان سەربەخۆن‌و پابەندنین بە تاکەکان‌و لەڕێگەی بوونی واقعییەوە کاریان لێناکرێ. لەم گۆشەنیگایەوە وا دەبینرێ کە وانە ئایدیاییەکانی پلاتۆ کاردانەوەیەك بێ بۆ بەرپەرچدانەوەی گەشەکردنی زانست لە زۆر لایەن‌و ڕووەوە، کە جاران بەشێك بوون لە فەلسەفە. لە هەر بوارێکدا فەلسەفە ئەم شێوازە بەرگری لەخۆگرتنەی گرتبێتە بەر، هەوڵیداوە خۆی لە پێشکەوتنەکانی زانست بەدوور بگرێ، ئەویش لە ڕێگەی هێشتنەوەی شوێنێکی تایبەتی بۆخۆی تا ئازادانە خۆی تیا ئەمدیوو ئەودیو بکا. ئەمە هەر لە سەرەتاوە کارێکی بێئەنجامە. بەمشێوەیە دەیەوێ شوێنێکی دیاریکراو بۆ خۆی قۆرخ بکا، هەر بەهەمانشێوەی ئەو زانستانەی ئەم دەیویست خۆی لێیان بەدوور بگرێ. ئەمە بۆ هەردوو لایەنەکەیە، چ وانە ئایدیاییەکانی جاران‌و چ هەوڵدانەکانی ئەم سەردەمە بۆ تەواو لێکجیاکردنەوەی کەشێکی فەلسەفەییانەی پەتی‌و دوور لە هەموو کێشە زانستییە دنیاییەکان. مرۆڤ نموونەیەکی ئەمە لە ڕەوتە ئۆنتۆلۆجییەکاندا دەبینێتەوە. ئەو

قولاییەی هەڵوێستە ئایینییەکان یان فەلسەفەییەکان پێیان وایە، لە میانەی بانگەشەی پابەندنەبوونیان بە هیچ واقیعێکی راستەقینەوە، هەیانە، هەر بەهۆی ئەم رۆح بەبەراکردنەوە دەبێتە شتێکی پابەندو ئاست نزمو بەرجەستەکراو.

بەشێوەیەك، هەردوو بۆچوونەکە تەواوکەری یەکترین. لەلایەکەوە پۆزەڤیتزم (بۆ نموونە، کارناپ) کە هەوڵدەدا هەر تەواو تەواو فەلسەفە لە زانستدا بتوێنێتەوە، لە لایەکیتریشەوە ئۆنتۆلۆجی (بۆنموونە، هایدگەر) کە هەوڵدەدا فەلسەفە خاوەن شوێنێکی تایبەتو سەربەخۆبێ. هەردوو بۆچوونەکە بریتییە لە بەهەڵە تێگەیشتنێك لە فەلسەفە. لە هەردوو حاڵەتەکەدا فەلسەفە کراوە بە خاوەن تایبەتمەندێتی، تایبەتمەند لە بواری لۆژیکی ماتماتیکیدا و لە بواری شێوازی بەجێگەیاندنی ئەزموونگەریدا، یان تایبەتمەند لە (بوون)ی پەتیدا. هەردوو پۆزەڤیتزم و ئۆنتۆلۆجی کاردانەوەن بەرانبەر زانست. هەوڵدانێکی زرِن بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشانەی پێشکەوتنە بەربڵاوەکانی زانست دەیخاتە سەر رێگەی فەلسەفە. چونکە هیچکام لەمان لە رووی فەلسەفەییەوە توانای بە ئەنجامگەیاندنی ئەو پرۆسەیەیان نییەو بازی بەسەردادەدەن، بەڵام بەو بازدانە، زیاتر دەکەونە هەڵدێرەوە.



ئەو هەڵوێستەی بۆ فەلسەفە دەگونجێ، نە رێگەدانە بەوەی بێرەخنە ئەو پێوەرو چەمکانە دەربارەی زانیاری لە دەرەوەی زانستەکانی ئێستا پەسەند بکاو نە خۆبەدوور گرتنو رەتکردنەوەیانە. بەڵکو بریتییە لە بیرکردنەوەی بنەڕەتی لە چالاکییەکانیان، واتاکانیان، میتۆدەکانیان بە شێوەیەکی هەمەلایەنە. ئەمەش تەنیا بە بایەخدان بەو گشتگیرییە دەبێ، کە زانست لە دەرەوەو لە ناویەوە پەلوپۆی بڵاودەکاتەوە. ئەم گشتگیرییە بریتییە لە کۆمەڵگەی مێژوویی.

## فەلسەفەو کۆمەڵگە

بنەمای ئەو تێگەیشتنە ماتریالییەی کە ساڵانی سییەکان لە رێگەی وتارە درێژەکانی هۆرکهایمەرەوە لە گۆڤاری (Zeitschrift für Sozialforschung) دارِێژرابوون، بریتیبووە لە روانینی مرۆڤ بۆ سروشت. ئەم بۆچوونە کراوە بە بناغە بۆ تێگەیشتن لە دیاردەی مێژوویی. هەر جۆرە رەهایبوونێکی میتافیزیکی رەتکراوەتەوە. هیچ شتێکی نەگۆڕی ئەنترۆپۆلۆجی یان کۆمەڵایەتی بوونی نییە. هیچ پەیوەندییەکی هەمیشەیی یان سروشتی لە ئارادا نییە. گشتیبوون کۆمەڵگەی مێژوویی پێکدەهێنێ. کە قابیلی

بەراوردکردن نییەو بەردەوام سترەکچەری گشتی خۆی دەگۆڕێ.

تیۆریی رەخنەگرانە، بە پێچەوانەی زانستەکانەوە دەیەوێ لە گشتیبوون بگا، هەروەها بە پێچەوانەی گشت سیستمە میتافیزیکییەکانەوە دەیەوێ پێشبینییەکانی خۆی دەربارەی ئەو حاڵەتە مێژووییە هەڵسەنگێنێ.

تیۆری زانستی بە پلەی یەکەم بریتییە لەو تیشکە رەخنەییەی ئاڕاستەی حەقیقەتە زانستییە تەنیاکان دەکرێن لە پەیوەندیاندا بەو گشتەی کە لە ناویاندان. ئەو فاکتەرانەی زۆربەی کاتەکان زانست بۆ داڕشتنی تیۆرییەکانی پشتیان پێدەبەستێ، بریتی نین لە خاڵی سەرەکی رەها، چونکە پێشوەخت لەلایەن گشتە کۆمەڵایەتییەکەوە نەخشەیان بۆ کێشراوە. شێوازە ئامادەکراوەکە بۆ سەرنجلێدان، بۆ فۆرمولەکردنی کێشەکانو گرنگێتی وەڵامەکانیش هەموو شاهیدن بۆ ئامادەگی چالاکییە مرۆییەکان. گەر بەمشێوەیە ئەوەی هەیە بگەڕێنرێتەوە بۆ پەیوەندی بوون بە چالاکییە مرۆییەکانەوە، ئەوا لە تیۆری رەخنەگریدا شێوازێکی بیرکردنەوە دەخرێتەوە بەر باس، کە دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی ئایدیالیزمی ئەڵمانی. لە سەردەمی رەواجی بیری (کانت)دا شێوازی بیرکردنەوەکە ئەو چرکەساتە دینامیکییانەی لەبەرانبەر



بەپیرۆزڕاگرتنی (حەقیقەت)و دواتریش بەرانبەر بە پەیوەستبوونی کۆمەڵایەتی بۆ یەکجۆر بیرکردنەوە داناوە. گەر بنەمای چالاکییەکانی ئایدیالیزمی ئەڵمانی خاوەن خەسڵەتێکی رۆحی بێ، کە گەڕێنرابۆوە بۆ "سەبژێکتێکی ترانسیندینتاڵی"، ئەوا گەر رەچاوی بنەما ماتماتیکییەکان نەکرێ، خۆی وەك (راستەقینە) دەنوێنێ. چونکە کارەکەی نێو کۆمەڵگە، لەگەڵ ئەو پرۆسانەی کە چ زانیارییەکانو چ ئامانجەکانیان تیا دیاری دەکرێ، لەگەڵ شێوازەکانی ژیانی راستەقینەدا یەکانگیر دەبنەوە. ئەو جیهانەی لە یەکەم سەرنجەوە وا خۆی دەردەخا کە بریتی بێ لە کۆی راستییەکانو لەبەر ئەوە دەبێ وەك بەرهەمێکی کاری کۆمەڵایەتی سەیربکرێ. مرۆڤ نەك تەنیا لەرێگەی جۆری بیرکردنەوەو هەستکردنیان بە دەرئەنجامێکی مێژوویی، بەڵکو تەنانەت لەرێی بینینو بیستنیشەوە رێگە نادەن لەو پرۆسەی ژیانی کۆمەڵایەتییە دابماڵرێن، کە لەهەزاران ساڵدا گەشەیکردووە.

قوتابخانەی فرانکفۆرت زیاتر کۆنکرێتانە باسی ئەم بۆچوونەی کردووە، بەتایبەتی لە رەخنەگرتنێکدا لە پۆزەڤیتیزمی سۆسیۆلۆجیا. زانایەکی سۆسیۆلۆجی ناتوانێ رازیبوونی کرێکارێك لە کۆمەڵگەی سەرمایەداری وەك بەڵگەیەك بەکاربهێنێو گشتاندنی

بۆبکا. لەگشتدا دەبێ هەموو لایەنەکان هەڵبسەنگێنرێن، تەنانەت ئەو بەهەڵە وێنەکێشانەی باس لە هارمۆنیای نێو چینەکان دەکا، کە ئایدۆلۆجیای باڵادەست لە مێشکی کرێکارەکەدا چەسپاندوێتی.

هەروەك چۆن دەبێ لە میانەی رەوتە مێژوویی‌و کۆمەڵایەتییەکانەوە لەو راستییانە تێبگەین کە زانست پێکدەهێنن، هەروەها تێگەیشتن بۆ خودی زانستیش، بەسەیرکردنی وەك سیستەم، لەو چوارچێوەیەدا دەبێ. رەخنەکەی قوتابخانەی فرانکفۆرت لێرەدا لەسەر بنەمای رووبەڕووبونەوەی ئەو لەخۆتێگەیشتنەی زانستە سەبارەت بە توانا راستەقینەکانی خۆی. بەپێی ئەو لەخۆتێگەیشتنە، کێشە زانستییەکان پەیوەستن بە گەشەکردنی کۆمەڵگەوە، کە بەباشی زانستەکەیان تیا بەکارناهێنرێ. ئەم بۆچوونە لە "تیۆری ترادیسۆنیدا" وەك ئەنجامێکی رەها دانراوە کە دەڵێ دەکرێ باس لە جەوهەری زانست بکرێ، یان لە دەرەوی مێژووەوە سەیر بکرێ. ئەو هەڵەیەی تیۆریی ترادیسۆنی تێیکەوتووە، ئەوەیە کە شتێك زۆر پەیوەستدەکا، واتە هاوبەشیکردن لە چالاکیدا بۆ شتێکی سەربەخۆو رەها. ئەمە دووركەوتنەوەیە لە کاری راستەقینەی کۆمەڵایەتی زانست. خۆهەڵاواردنە لەو راستییەی کە زانست تەنیا یەکێکە لەو لایەنانەی



کارکردن کە ئایدۆلۆجیای باڵادەست لە نێوانییەوە خۆی بەرهەمدەهێنێتەوە.

ئەم هێڵکاری‌و مۆدێلی رەخنەگرتنە لە خودگەیشتنی سیستمی زانست لەلایەن قوتابخانەی فرانکفۆرتەوە بۆ رەخنەگرتن لە کۆمەڵگەش بەکارهێنراوە. لە خودگەیشتنی کۆمەڵگە رووبەڕووی راستییەکان دەکرێنەوە. کۆمەڵگە هەر لەخۆیەوە دروست نەبووە، بەڵکو بریتییە لە یەکەیەکی گشتی کە بە شێوەیەکی دیارو تایبەت لە خودی خۆی دەگا. لە ئەنستیتوتە گرنگەکانی کۆمەڵدا ئەو یاساو پرنسیپانە هەن، کە ناسنامەو کارنامەکەی دیاریدەکەن. بەم شێوەیە بۆ نموونە لە کۆمەڵگەی سەرمایەداریدا بازاڕ لەبەرانبەر ئایدیای ئازادی‌و یەکسانیدا خۆی دەنوێنێ، سیستمی سیاسی لە ئایدیای بڕیاری دیموکراسی دەربارەی هەموو بوارەکانی ژیانی کۆمەڵ، هەروەها سیستمی یاسایی لە بەرانبەر پرنسیپی یەکسانی لەبەرانبەر یاسادا خۆی دەنوێنێو ..هتد. لە رێگەی رووبەڕووکردنەوەی ئامانجەکان‌و پرنسیپەکانەوە لەگەڵ واقیعی راستەقینە دەتوانرێ وەك گشت رەخنە ئاراستەی کۆمەڵ بکرێ بەو جۆرەی جیاوازبێ لە لەخودتێگەیشتنەکەی. دەردەکەوێ ئەو واقیعە راستەقینەیەو ئەو گشتاندنە راستەقینەیە بەزۆر پێکەوە

لکێنراون نەك چوارچێوەیەك بێ بۆ پێکەوەژیانی ئاشتییانە. ڕەخنەکە بەوشێوەیە نییە کە وەك پێوەر بۆ ئایدیای دەرەکی بەکاربهێنرێ، بەڵکو ئایدیای ناوخۆیین لە شێوەی ڕووبەڕووکردنەوەی لەخودتێگەیشتنەکەی کۆمەڵگەو ڕاستییەکانی. ئەمەش بەومانایە نییە کە ڕەخنەگرتنەکە بێلایەنەو خاوەن هیچ بەرژەوەندییەك نییە.

"تیۆرییە ڕەخنەییەکە... هیچ مەبەستێکی تایبەتی نییە، جگە لەو بەرژەوەندییەی خۆی پێوە پەیوەست کردووە، کە لەناوبردنی ناعەدالەتی کۆمەڵایەتییە. ئەم دەربڕینە نەرێنیە بریتییە لە دەربڕینێکی ئەبستراکت بۆ ناوەڕۆکی ماتریالیستییانەی تێگەیشتنی عەقڵییانەی ئایدیالیزم"[3]

بەپێچەوانەی ئایدیالیزمەوە، هۆرکهایمەر دژی بەعەقڵانیکردنی بوونی بەرژەوەندییە لە کۆمەڵگەیەکی چاکتردا. بەلای ئەمەوە ناکرێ لە پرنسیپە فەلسەفەییەکانەوە ڕێگە خۆشبکرێ بۆ ئەم جۆرە بەرژەوەندییە، بەڵکو ئەم ئەنجامی ڕێژەیی بۆ دادەنێ.

" ژیانی زۆربەی خەڵك ئەوەندە دژوارە، قوربانیدانەکانو پێشێلکارییەکان ئەوەندە زۆرن، خۆماندووکردنەکان بەرانبەر بە

[3] -Horkheimer, Max  Traditionelle und kritische Theorie. Vier Aufsätze, s.56, (1937, 1972).




دەسکەوتەکان زۆربەی کات لە پەیوەندییەکی ناقۆڵای مادی وادان، کە لەو هیواو ئاواتەی خەڵك تێبگەین کە دەخوازن ئەم ژیانەی سەر زەوی تاکە هەقیقەت نەبێ. لەو ڕێگەیەوە کە ئایدیالیزم وەك ئەوەی هەیە، باسی ئەو هیوایە ناکا، بەڵکو هەوڵیش دەدا بۆ بە عەقڵانیکردنی، بۆیە دەبێتە هۆکارێك بۆ جوانکردنی ئەو قوربانیدانانەی لەڕێی پەیوەندییە سروشتی و کۆمەڵایەتییەکانەوە دەدرێن".[4]

### دیالێکتیکی ڕۆشنگەری

خەڵکی ناتوانن لەو کۆمەڵگەیەدا خۆیان بدۆزنەوە، کە بەرهەمی دەستی خۆیانە، نەك هەر خۆدۆزینەوە، بەڵکو پێدەچێ کۆمەڵگە تاکەکەسیش بهاڕێ. لێرەوە ئەو پرسیارە فەلسەفەییە دێتە پێشەوە، بۆ وای لێهات؟ هۆرکهایمەرو ئادۆرنۆ دەیانەوێ لە دیالێکتیکی ڕۆشنگەرییدا(Dialektik der Aufklärung) وەڵامی ئەو پرسیارە بدەنەوە.

[4] - T. ex. Hegels idealism. s. 76, (1933, 1972).

"ئەوەی ویستومانە و بەدوایدا گەڕاوین، زانیاری بووە دەربارەی ئایا بۆ لەبری ئەوەی مرۆڤایەتی بگاتە ئاستێکی دروستی پەیوەندی نێوان کەسەکان، بەرەو جۆرێکی نوێی دڕندایەتی ڕۆشتووە؟"[5]




پاڵنەری سەرەکی بۆ دەستکردن بەئەنجامدانی ئەم پرۆژەیە، هەوڵدان بووە بۆ تێگەیشتن لە هۆکاری پەیدابوونی نازیزم، کە زەقترین فۆرمی دڕندایەتی مۆدێرنە، ئایا چۆن توانی لە کۆمەڵگەیەکی پڕ لە ترادسیۆنی فەلسەفەییو هونەرییو زانستە نوێیەکاندا ڕەگ داکوتێ؟ وەڵامەکە لێرەدا کەمی هۆشیاریی نەبووە، بەڵکو بە پێچەوانەوە لەجەمسەری دژ بە ناعەقڵانییدا بووە، واتە دەبێ لە نێو خودی ڕۆشنگەریدا ئەو وەڵامە بدۆزرێتەوە. چەمکی ڕۆشنگەری، واتە بەرەوپێشچوونی بیرکردنەوە بە مانا هەرە مەزنەکەی، لێرەدا تەنیا مێژووی بیر ناگرێتەوە، بەڵکو هەموو

---

5 -Horkheimer & Adorno, Dialektik der Aufklärung s. 1, (1947,1980).



واقیع. بزووتنەوەی راستەقینەی کۆمەڵگەی پارێزگاران، واتە پرۆسە مێژووییەکەی، لەخۆدەگرێ. دیالێکتیك سەرنج بۆ دیوی ناوەوەی ڕۆشنگەری رادەکێشێ. ڕۆشنگەری خۆی ئایدیا تایبەتییەکانی خۆی، وەك ئازادی، چاکە، مرۆڤایەتی، بەر لەوەی بەوەدا رابگەن لە کۆمەڵگەدا پیادەبکرێن، لەناوبرد.

بۆ زیاتر نزیکبوونەوە لە تێگەیشتنی ئەم بابەتە، پێویستە گۆشەنیگاکە فراوانتر بکرێو تەنیا بە دیدێکی فەلسەفەییانەوە بڕوانرێتە پەیوەندی نێوان سروشتو ئەوانەی دەستیان بەسەر سروشتدا گرتووە. بیرۆکەی سەرەکی لە (Dialektik der Aufklärung) دا ئەوەیە کە مرۆڤ تەنیا لەڕێگەی دەسەڵاتی شارستانییەوە بەسەر سروشتدا، توانیویەتی خۆی لەدەست سروشتو زەبروزەنگیەکانی رزگاربکا. بەڵام ئەوە بووە هۆی زاڵبوونی دەسەڵاتی شارستانی بۆسەر سروشتو بۆسەر مرۆڤیش، کە خۆی لە بنەڕەتدا بە مەبەستی ئازادکردنی مرۆڤ بووە. مێژووی دێرینی بە سەبژێکتبوونو شارستانێتی دەگەڕێتەوە بۆ پەیوەندی نێوان سروشتو دەسەڵاتشکان بەسەر سروشتدا. مرۆڤ خۆی وەك بەرهەمێکی سروشت، پاش بێنەوبەردەیەکی لەباسکردن نەهاتوو، بۆ دەسەڵاتشکان بەسەر سروشتدا، خۆی لە سروشت

بەرزترکردۆتەوە. کردەکە وەك بزووتنەوەیەکی دوولایەنەی هاوکات خۆی دەنوێنیّ، لەلایەکەوە سەبژێکت خۆی لە سروشتە دەرەکییەکە راپسکاندووە، بوون، پڕ بە مانای وشە، لە نێو خودو شتەکانو ئافەریدەکەرە دەرەکییەکاندا وردوخاش بووە. لەلایەکیتریشەوە، سەبژێکتەکە وەك خود خۆی لە سروشتی ناوەوەی خۆی رزگارکردووە. خاڵی باش لێرەدا ئەوەیە، سەبژێکت، کە لێرەدا بە هاتنە دەرەوەی لە سروشت، پەیدابووەو خۆی کردووە بە سەردار بەسەریەوە، لە خودی خۆیدا جگە لە دەربڕینو وێناکردنی خۆزاڵکردنەکە نەبێ، شتێکیتر نییە. کەواتە چ ناوەوەو چ دەرەوە بریتیین لە کورتکردنەوەی سروشت لە ماتریالێکی رووتو ئاشکراو ئەبستراکتدا بۆ دەسەڵات بەسەرداشکاندن. مرۆڤ لەرێگەی نامۆبوونەوە (alienationen) باجی ئەو فراوانبوونی دەسەڵاتەی دەدا. "هەر هەوڵدانێك بۆ خۆدەربازکردن لە ملکەچی بۆ سروشت ئەنجامەکەی ملکەچبوونی زیاتری بەدواوە دەبێ. شارستانێتی ئەوروپا ئەم رێگایانەی بڕیوە".[6]

خود، خاوەن پرنسیپی دەسەڵاتە، ترسی لە هەر شتێکی نەناسە، کە هەڕەشە لە ناسنامەکەی بکا. ئەو سروشتەی سەبژێکت

[6] - Horkheimer & Adorno, Dialektik der Aufklärungm s. 15, (1947,1980).



تەنیا لەڕێگەی دەسەڵاتەوە توانیویەتی بەسەریدا زاڵبێ، مەترسی هەڵگەڕانەوەو گرتنەوە دەستی دەسەڵاتی لێدەکرێ. لەم خاڵی وەرچەرخانەوەیە تێگەیشتن لەپرۆگرام و ئامانجەکانی رۆشنگەری ئاسان دەبێ. رۆشنگەری هەر لە سەرەتاوە لە هەوڵداندا بووە بۆ رزگارکردنی مرۆڤ لە ترسەکانیو کردنییەتی بە سەردار. ویستویەتی بە زانین ئەفسانەکان پوچەڵ بکاتەوە.

هەردوو لایەنی تیۆریو پراکتیکی رۆشنگەری وەك درێژەپێدەری ئەو دەسەڵات بەسەرداشکاندنو ئەو توندوتیژییەیە بەرانبەر بە سروشت، کە خود بەکاریهێناوە بۆ خۆراپسکاندن لەو سروشتە. زانست بێ بەکارهێنانی زەبروزەنگ بەرانبەر بە بابەت کارێکی مەحاڵە، چونکە چۆنییەتی جۆری پەیوەندییە زانستییەکان هەڵگری جۆرە تێکدانو گۆڕانکارییەکە. (مەعریفە دەسەڵاتە) ئەمە وتەی یەکێ لە فەیلەسوفەکانی رۆشنگەری سەردەمی نوێیە، وتەی فرانسیس بەیکۆنە (1561–1626). ئەو زانستەی لەوەودوا هاتە کایەوە، هەمان ئەو بنەمایەی لەخۆگرتبوو. ئەو زانیارییانەی مرۆڤ لە سروشتەوە فێریان بوو، بەکاریهێناون بۆ دەسەڵاتشکان بەسەر سروشتو لەهەمانکاتیشدا بەسەر مرۆڤیشدا. ئەمجۆرە مەعریفەیە لە جەوهەردا تەکنیکییە، خۆی بە چەمكو وێناکردنو

چێژوەرگرتن لە زانیاریو گەیشتنە هەقیقەتەوە خەریك ناکا. نا بەڵکو خاوەن میتۆدە، بەری کاری ئەوانیتر دەبا، سەرمایەیە. ئەو عەقڵەی لە زانستەکاندا ئاماژەی بۆ دەکرێ، ئامێرییە، واتە عەقڵ لێرەدا ئامێرێك یان کەرەسەیەکە بۆ گەیشتن بە هەندێ ئامانج، کە پێویست ناکا بە عەقڵ، باشییان بسەلمێنرێ. هەرچی لەگەڵ پێوەری ژمارەکانو لەگەڵ قازانجدا نەگونجێ، لەلایەن رۆشنگەرییەوە بە گومانەوە سەیر دەکرێ. بەلای رۆشنگەرییەوە هەرچی قابیلی کێشانو پێوان نەبێو بە ژمارە ئاماژەی بۆ نەکرێ، بریتییە لە سەراب. بەهۆی ئەمجۆرە هەڵسەنگاندنو کردەی بە چەندێتیکردنە لەلایەن زانستەوە، سروشت گۆڕدراوەو کراوە بە شتی ئۆبژێکتیو بەس. هەروەها لە بەرانبەردا سەبژێکتیش تەنیا لە خاڵێکی سەرچاوەی ئەبستراکتدا قەتیسکراوە. هەموو چۆنێتییەك لەناوبراوە.

مرۆڤ وادەزانێ ئەو کاتەی هیچ شتێکی نەناس و غەریب نەما، ئیتر ترسەکەی دەڕەوێتەوە. ئەم بۆچوونە بڕیاردەربووە بۆ خۆڕزگارکردن لە ئەفسانە. رۆشنگەری گشتگیرە، وەستانی بۆ نییە تا ئەو کاتەی هەموو شتەکان دەخاتە ژێر دەسەڵاتی "عەقڵ"ەوە. هیچ شتێك توانای بەرگەگرتنی پرنسیپە هەڵتەکێنەرەکانی



راسیۆنالیستی نییە. هەموو تێگەیشتنێکی تیۆری، تا ئەوکاتەی چەمکی راستەقینەو رۆشنگەری لە چوارچێوەی بێواتاییو بێسوودی رزگار نەبن، دەکەونە بەر شاڵاوی توندی ئەو رەخنە وێرانکارییەی ئەو تیۆرییانە بە سەراب لە قەڵەم دەدا. بیرۆکەی خودی رۆشنگەریی بۆ تێگەیشتن لە چەمکی مرۆڤایەتی، لە جۆری بەکارهێنانە فەلسەفەییەکەی ئەو چەمکە چاکتر نییە: هاوکێشەکان شوێنی تێگەیشتنە گشتییەکان دەگرنەوەو هۆکارەکانی بە پرنسیپی راستوهەڵە یان گریمانەکاریی لێکدەدرێنەوە. تەنانەت زانست دەیەوێ زمانیش بکا بە سیستمێکی تەنیا پێکهاتوو لە هێما پەتییەکان. لەم پرۆسەی بە عەقڵانیکردنەدا بیر دەسبەرداری بەدواداگەڕانو پۆلێنکردنو دەوڵەمەندکردن دەبێ. ئەو جیهانەش کە لە هەموو نەناسێك پاککرابێتەوە، بە وتەی (ڤیتگنشتاین) جگە لە بوون بە "کۆی پەیوەندی شتەکان" بە هیچیتر نابێ. لێرەدا باسی سەرنەکەوتوویی تیۆرییانەی رۆشنگەریی دێتە پێشەوە. ئەو ویستویەتی مرۆڤایەتی لە دەست میتۆلۆجیا رزگاربکا، کەچی خۆی لە کۆتاییدا گەڕاوەتەوە بۆ میتۆلۆجیا، بۆ ئەفسانەی پۆزەڤیتیزم.

لە لایەنێکیتری هاوشێوەدا، رۆشنگەری جەوهەری راستەقینەی وێرانکەرانەی خۆی لە پراکتیزەکردنی کۆمەڵایەتیدا دەردەخا.

کۆمەڵگەی موحافیزکار بەهۆی سەنگ بۆدانانەوە بەڕێوەدەچێ، واتە پارە پێوانەیە بۆ هەموو شتێك. هەموو شتە جیاوازەکان لە رێگەی نرخی ئاڵوگۆڕپێکردنەوە، بەیەکتر بەراورد دەکرێن. هەمووشتێك دەکڕدرێ‌و دەفرۆشرێ، دەکرێ بە شمەکی خاوەن نرخی ئەبستراکت. ئێستا بە راستی، سەرلەنوێ، چۆنیەتی و تاکمەندێتی پێشێل دەکرێ. هەر چالاکییەکی مرۆڤ گەر لەدەرەوەی چوارچێوەی ئامانج‌و قازانجی مادیدا بێ، بۆ رۆشنگەری مایەی گومانلێکردنە. پێوەری سەرکەوتوویی مرۆڤ رادەی خۆگونجاندنێتی لەگەڵ بوون بە ئۆبژێکت. خود، کەسی تاك لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکاندا ئەوەندە بچوك دەبێتەوە، تەنیا دەبێتە ئامێرێکی تەقلیدی بۆ کارو کارلێك. نرخی زاڵبوون بەسەر سروشتدا تەنیا نامۆبوونی مرۆڤ نییە لەبەرانبەر ئۆبژێکتە دەستبەسەرگیراوەکەدا، بەڵکو هەروەها بریتییشە لە نامۆبوون لە بواری پەیوەندییەکانی مرۆڤ لەگەڵ یەکتری‌و نامۆبوونی هەر تاکێکی مرۆڤیش بەرانبەر خودی خۆی.

بەدبەختی لە دیالێکتیکی رۆشنگەریدا ئەوەیە کە شارستانییەت ویستویەتی خود لە چنگی ناچارییەکانی سروشت دەربازبکا، بەڵام لەئەنجامدا، رۆشنگەرییەکە، خۆی بووە بە کۆپییەکی تەواوی



سروشت. کۆمەڵگە، بۆ ئەو تاکانەی پێوەی پەیوەستن، بووە بە جۆرێکیتر لە سروشت. وەك بڵێی سروشت لە رێگەی ناچارکردن بۆ هاوبەشیکردن لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکاندا، تۆڵەی خۆی لە رۆشنگەرە دەسەڵاتدارەکان دەکاتەوە. هەردوو سروشتەکە هاوچەشنن، هیچ رێگەیەکیش نییە بۆ گەڕانەوە بۆ سروشتە یەکەمەکە. بە پێچەوانەی هەموو رۆمانسییە سروشتییەکان‌و ناڕاسیۆنالیزمییەکان، هۆرکهایمەرو ئادۆرنۆ لایەنگری لە بیرۆکەکانی رۆشنگەری دەکەن. "بێگومان ئێمە بانگەشە دەکەین بۆ ئەو پرنسیپەی کە ئازادی لە کۆمەڵگەدا لە بیری رۆشنگەری جیا ناکرێتەوە "[7] ئەو کەموکوڕییەی رۆشنگەری هەیەتی‌و بە هۆیەوە ناتوانێ خۆی لەو ماڵوێرانییە دەربازبکا، بریتی نییە لە نەبوونی پێوەندی ناوخۆیی لەنێوان قۆناغەکانی بەرەوپێشچوونەکاندا، کە هەموو جارێك بەرانبەر هەر سەرکەوتنێکی نوێ، سروشت بەرپەرچدانەوەی خۆی هەیە، بەڵکو کەموکوڕییەکە ئەوەیە کە (رۆشنگەرییەکە هەر رۆشنگەری نییەو بەس)، رۆشنگەری خۆی لەخۆیدا ئامانج نییە، بەڵکو ئامرازێکە بۆ ئەوەی سروشت لە سەبژێکت جیا بکاتەوە. لێرەدایە هەقیقەتی نەناسراوی کولتوور

[7] - Horkheimer & Adorno, Dialektik der Aufklärungm s. 3, (1947,1980).

حەشاردراوە. تەنیا ئەو کاتەی ئەو عەقڵەی لە سروشت هاتە دەرەوە بۆ ئەوەی بەسەریدا زاڵبێ، بتوانێ وەك سروشت خۆی بناسێنێ، ئەوکاتەی بتوانێ سازش بکا لە سەر داوای زاڵبوون، ئەو کاتە عەقڵ لە ئامێرێکەوە بۆ دەسەڵاتگرتنەدەست، دەبێ بە هێزێکی سەربەخۆی ئازادکەر کە پێچەوانەی هەرچەشنە سروشتێکی خۆزاڵکردنە. گەر رۆشنگەری گوێنەدا بە هێزی کاردانەوەی ناوخۆی، ئەوا چارەنووسی کۆتایی پێهاتووە.

بەلای هۆرکهایمەرو ئادۆرنۆوە تەنیا "بیری جڵەونەکراو" دەتوانێ چارەسەری "حاڵەتی کوێربوون"ەکە بکا، هەر لەبەر ئەوەشە پەنای بۆ دەبەن. لێرەدا مەبەست لە تێگەیشتنێکی ئایدیایی نییە بۆ وشەی (بیر). خەسڵەتی تایبەتی لە کۆمەڵگەی پۆست سەرمایەداریدا بریتییە لەوەی تا رادەیەکی زۆر، چەوسێنراو خۆی جۆری چەوساندنەوەکەی خۆی نابینێ‌و هەست بە شێوازەکانی ناکا. تاکەکەسان جادولێکراو ئاسا پەیوەستکراون. ئەم جادووەش ئەوەندە بڕ دەکا، تا کەسەکان وشەی کلیل ئاسا دەدۆزنەوە. ئەم بیرە رەخنەگرییە بەدوای ئەوەدا دەگەڕێ، نەك لەڕێگەی دروستکردنی یوتۆپیای نموونەییەوە دەربارەی کۆمەڵگەیەکی باشتر، بەڵکو بەهۆی روونکردنەوەو ئاشکراکردنی



چەوساندنەوەکە. ئەمە دەتوانێ ئەو سروشتە ئاساییە بەئاگا بێنێ، کە لەڕێی پاراستنی کوێرانەی خودو بە زەبری ئەو زانیارییە نادیالێکتییەوە لەقوڵاییدا شاردراوەتەوە.

لەڕوانینیاندا بۆ سروشت‌و هەروەها بۆ پەیوەندییەکانی نێوان مرۆڤ و سروشت، هۆرکهایمەرو ئادۆرنۆ جیاوازن لە هەردوو لایەنی بیرکردنەوەی سەرمایەداریی‌و مارکسیستی. سروشت بەپێی بۆچوونەکانی ئەم دوولایەنە هەر بە تەواوی نامۆیە بۆ مرۆڤ. بەڵام بە بیروڕای ئادۆرنۆو هۆرکهایمەر پەیوەندییەکی خێزانی یان خزمایەتی لە نێوانیاندا هەیە. زۆربەی رەوتە نییومارکسیستییەکان ئەم بۆچوونەیان رەتکردۆتەوە، چونکە بەلای ئەمانەوە مرۆڤ وەك بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتی تەنیا شارەزای ئەو جۆرە سروشتە دیاریکراوەیە، کە لە مێژووی خۆیدا مامەڵەی لەگەڵداکردووە. بە گوێرەی (Dialektik der Aufklärung) جۆرە ماکێکی ئایدیالیزمی لەم بۆچوونەدا هەیە، لە رۆشنگەرییەکی ساکارو ساویلکەدا، کە هێشتا هەستی نەکردووە کە (رۆشنگەری هەر بە تەنیا رۆشنگەری نییە)، لەبەر خەسڵەتی مێژوویی، مرۆڤ ناتوانێ تەنیا پەیوەستبێ بە سروشتێکەوە، یان بە ناوەڕۆکێکی نەگۆڕەوە، وەك ئەوەی تێوریستەکانی مافی سروشتی هەوڵی بۆ دەدەن. بەڵام

لەلایەکیتریشەوە بیرۆکە سەبارەت بە گۆڕین پێویستی بە (شتێك)ە کە بگۆڕدرێ، بۆیە سروشتو مێژوو لێکدانەبڕاون. مرۆڤ لە یەککاتدا بوونەوەرێکی چالاکی بەرهەمهێنەری مێژوویەو بوونەوەرێکی ئازارکێشو پاسیڤی سروشتە.

لە خاڵێکیتریشدا (Dialektik der Aufklärung) شێوازە باوەکەی نییومارکسیزم تێدەپەڕێنێ، ئەویش سەبارەت بەو رۆڵەی کە (پەیوەندییە دەسەڵاتدارییەکان) بە شێوەیەکی گشتی، لە کۆمەڵگەدا دەیانگێڕێ. بەلای مارکسیستی باوەوە، ئەو پەیوەندییە توندوتیژەی سەرتاپای کۆمەڵگەی سەرمایەداری تەنیوەتەوە، دیاردەیەکی ئاشکراو ئاساییە، دەبێ لە چوارچێوەی کاری هاوبەشدا بەدوای رەگوڕیشەکانیدا بگەڕێین. لێرەدا هۆرکهایمەرو ئادۆرنۆ لە پرۆسەی کارکردنەوە، کە خوڵقێنەری مێژووە، گۆشەنیگاکەیان درێژ دەکەنەوە بۆ مرۆڤ وەك بوونەوەرێکی سروشتی، لێرەدا تەنانەت خودی پرۆسەی کارکردنەکەش وەك دەربڕینێك بۆ ئەو توندوتیژییە سەیر دەکرێ. بۆیە دەبێ هەموو جۆرە پەیوەندی بەستنێك لە کۆمەڵگەی سەرمایەداریدا وەك پیادەکردنی دەسەڵات، وەك بەسەردا زاڵبوون، لێکبدرێتەوە. مرۆڤ نەیتوانیوە بێ بەکارهێنانی زەبرو زەنگ بەرانبەر سروشت درێژە بە



ژیان بدا. بە بەنامۆکردن، بەهۆی پەیوەندییە سەرمایەدارییەکانەوە، لە نێوان مرۆڤەکان خۆیاندا هەروەك لە نێوان مرۆڤو شتەکاندا، ئەو چرکە ساتە ئاشکرا دەبێ کە دەبێ وەك درێژکراوەی ئەم توندوتیژییە سەیر بکرێ. ئەمە لە کاتێکدا کە لە دیاردەی نامۆییدا لای مارکس تەرکیز خراوەتە سەر کار ، نەك توندوتیژی.

(Dialektik der Aufklärung) لە رووی تێگەیشتن لە (تیۆری– پراکتیك)ەوە لەگەڵ مارکسیزمی ترادسیۆنیدا جیاوازی هەیە. "پراکتیزەکردنی راستەقینەی گۆڕانکاری ریشەیی پەیوەستە بەتیۆرییەکەوە کە قابیلی جێبەجێکردن نییەو دەبێتە هۆکاری چەقبەستنی بیرکردنەوە لە کۆمەڵگەدا. لە دژی هەر گونجاندنێکی پراکتیکی، کە هەمیشە مرۆڤ هەوڵدەدا بە پەنابردنە بەر جۆرەها تیۆری دەربارەی پێشکەوتن ئەنجامیانبدا، ئادۆرنۆو هۆرکهایمەر سوورن لەسەر بەکارهێنانی چەمکی بە واقیعیکردنی ژیانی مرۆڤ.

بە رووکەش کەرەستەی گونجاندنەکە لە هەموو جۆرەکانی پێشکەوتنو پلەبڕینەکاندا خۆی دەنوێنێ. ئادۆرنۆو هورکهایمەر خوازیارن کە زانیاری دەربارەی ئەو زەبرە زۆرەی لە زاڵبوون بەسەر سروشتدا هەیە، واتە زانیاری سەبارەت بە بوونی

سروشتێکی سەرسەخت لە بیرکردنەوەو لە تەکنیکدا، بتوانێ لەو ناچارییە کەمبکاتەوە کە بەهۆیەوە هەر پێشکەوتنێکی شارستانییەت تەنیا دەبێتە هۆکاری بەرهەمهێنانی دەسەڵاتدارێکی دیکە.

تێگەیشتن لە دەسەڵاتدارێتی وەك سروشتێکی سەخت، تەنانەت لە ناو بیرکردنەوەشدا، رەنگە بتوانێ ئەو ناچارییەی کە وەك دانپیانانێك بۆ رەنگدانەوەی هەستی بەکۆمەڵ لەلایەن سۆسیالیزمەوە جەختی لەسەرکراوە، نەرمتر بکا. سۆسیالیزم بەشێوەیەکی لەرزۆك خۆی بە میراتی فەلسەفەی پارێزگارخوازییەوە هەڵواسیوەو لەم رێگەیەوە، پەیوەندییە ناچارییەکان بە دنیای ئازادییەوە، بە شێوەی چەندێتی پەتیو میکانیزمییەوە دەمێنێ، سروشتیش وەك لایەنێکی تەواو نەناسراو، هەروەك لە میتۆلۆجیا سەرەتاییەکاندا هەبووە، بە سەرتاپاگیری دەمێنێو پێکەوە لەگەڵ سۆسیالیزمدا ئازادی هەڵدەلوشن.



**دیالێکتیکی نێگەتیڤ : دیالێکتیکی بێشوناس**

رەخنەگرتن لە لایەنە نادیالێکتیکییە روخێنەرەکە، لەو باوەڕە زیادەڕەوییەی رۆشنگەریی کە پشتی بە زانست بەستبوو، کرۆکی (دیالێکتیکی رۆشنگەریی) بوو، (دیالێکتیکی نێگەتیڤ)ی بە دواداهات. ئەمەیان شاکارێکی فەلسەفەیی ئادۆرنۆ بوو لە ساڵی 1966دا بڵاویکردۆتەوە. بریتییە لە رەخنەگرتنێکی قووڵ لە فەلسەفەی ترادسیۆنی، واتە لە ئایدیالیزم.

هەڵبەتە مۆرکێکی تایبەت بە فەلسەفەی ئەوروپایی ئەوە بووە کە بە شێوەیەکی سەرەکی ئایدیالیستی بووە. تێزی سەرەکی ئایدیالیزم بریتییە لە بوونی عەقڵێکی سەربەخۆی ناپەیوەستی خاوەن توانای هەر لەخۆوە گەشەکردووی تێگەیشتوو لە هەموو واقیع. ئەم داواکارییە گشتگیرییە کاتێك واتای دەبێت، کە بتوانرێ بنەمایەکی تەواو پتەو بۆ هەموو بیرکرنەوەیەك، بۆ سیستمەکە دەستنیشان بکرێ. ئایدیالیزم لە شێوازە جۆراوجۆرەکانیدا هەمیشە، هەوڵدانی بۆ دۆزینەوەی بنەمایەکی رەها بۆ فەلسەفە کردۆتە بیانووی بوونی خۆی. هۆکارێکی تەواو سەرەکی یان پرنسیپی یەکەم، کە هەموو شتەکانیتر دوای ئەوان دەکەونو

بناغەی سەرەکی خۆیان دەدۆزنەوە. بیرکردنەوە لە سیستەمو ئایدیای سەبارەت بە یەکەم پرنسیپ دانەبڕاوانە پێکەوە لکێنراون.

رەخنەکانی ئادۆرنۆ ئاڕاستەی ئەو یەکەم پرنسیپەو ئەو بۆچوونانە بووە سەبارەت بە (فەلسەفەی یەکەم). ئەم چەمکی (فەلسەفەی سەرەتایی) بەکارهێناوە، لێرەدا (سەرەتا) بە واتای (سەرەتا)و بە واتای (یەکەم)یش بەکارهێنراوەو لە بنەڕەتەوە لە هۆسرێلو هایدگەرەوە خوازراوە. رەخنەکانی ئادۆرنۆش بە شێوەیەکی تایبەتی ئاڕاستەی ئەمانو فەلسەفەی پۆزەڤیتیزم کراوە. بەڵگەهێنانەوەکان لەوجۆرە نین کە رەخنەی ئاڕاستەکراوبن بۆ ئەو پرنسیپە یەکەمە هەمەجۆرانەی ئایدیالیزم تاقیکردونەتەوە، تەنانەت هەوڵدانێکیش نەبوون بۆ ئاشکراکردنی ناتەواویی ئەو پرنسیپانە. ئامانج ئەوە نەبووە باس لە جۆرە پرنسیپە یەکەمە پێشنیازکراوەکانی نێو مێژووی فەلسەفە بکاو بیسەلمێنێ کامیان لە راستیدا بنەما سەرەتاییەکەن. رەخنەکە دەربارەی چەمکی یەکەمی رەهایە، لەوێشەوە رەخنەیە بۆ سیستمی بیرکردنەوەی ئالودەبوو بە شێوازی بیرکردنەوەی دەرەبەگایەتی، کە لەپێشدا یەکەم هەیەو دواتر دووەم. رەخنەلێگیراو ئەوە نییە کە گوایە ناوەڕۆکی یەکەم پێکدێنێ، بەڵکو هێنانە پێشچاوی ئەوەی کە مرۆڤ



دەبێ لەمجۆرە پرنسیپە بنەڕەتییەوە دەستپێبکا. پەیوەندی بە شوناسی بازنەی بیرکردنەوەوە هەیە. ئەو ساتەوەختەی رەخنەکە ئەم ئاڕاستەیە دەگرێتەخۆ، چەمکی"یەکەم" کە لە ئایدیالیزمیدا بوونی هەیە، دەکەوێتە بەر رەخنەکە. لێرەدا شوناس بۆدانانێك دێتە ئاراوە، ئەوەی کە گوایە یەکەم پرنسیپە، دەبێ بێهیچ مەرجێك، سەربەخۆ، بێبایەخدان بەوەی پرنسیپەکە بەچ ناوێکەوەیە، شت، رۆح، سەبژێکت یان ئۆبژێکت، جەوهەر یان راستەقینە، بوونی هەبێ. لە هەمانکاتیشدا پرنسیپەکە بانگەشە بۆ یەکەمیبوونی خۆی دەکا لە رووی گرنگێتی راستەقینەوە، واتە ئەم پرنسیپە هەمیشە بوونی دەبێو بوونی ئەم هیچ پەیوەست نییە بەو شتانەوە کە ئەم خۆی بنەڕەت یان پرنسیپیانە. ئەم لەهیچ شتێکەوە نەهاتووەو هیچ پابەندییەکی نییە. ئەم داوایە دژ بە خواستەکەی یەکەمجارە، مەبەست لە "خواستی هەمەلایەنە"یە، کە هەر پرنسیپێك کە بتوانێ وەك یەکەم پرنسیپ بێ، ئەوا دەبێ گشتی بێ، ئەگینا دەبێتە کاتی، ناتوانرێ وەك بنەڕەت سەیر بکرێ. هەموو پرنسیپێکی سەرەتایی رەهایی لەخۆدەگرێ، کەواتە هەمیشە، بەدەر لەوەش کە لای ئەزموونگەرە رادیکاڵەکان وەك هەقیقەت حسابی بۆدەکرێ، هەر بریتی دەبێ لە پرنسیپێکی

فیكری. تەنانەت ئەم جۆرە ئەزموونگەرانەش ناتوانن راستییەكی تەنیا، شتێك كە ئێستاو لێرەدا دێتەپێشەوە، بكەنە پرنسیپی یەكەم. هەر بە ناچاری، یەكەم پرنسیپ لای ئەزموونگەران دەبێت گشتی بێ، بەتایبەتی پرنسیپ دەربارەی هەقیقەت، وەك دەردەكەوێ، هەموو ئەو شتانەی وەك یەكەم پرنسیپ دادەنرێن، كە نابێ لە شتیترەوە هاتبن، هەمیشە لە شتیترەوە هاتوون، واتە ناكرێ وەك یەكەم پرنسیپ حساببكرێن.[8]

ئەوەی لێرەدا بە تەواوی بەڵگەی بۆ هێنراوەتەوە، نادروستیی ئایدیای یەكەمە (ئاستەنگێكی نێو ئایدیالیزمە كە بەناوی "كێشەی دروستبوون" ناسراوە). لەوەدەچێ پرۆسە مێژووییەكەی خۆرزگاركردن لە میتۆلۆجیا خۆی دژی خۆی كاربكا، ناوەڕۆكی بیرۆكەی بوونی پرنسیپی یەكەم خاسیەتێكی رەهایی زیاتر دەبەخشێ بە پرۆسەی بەردەوام گەشەسەندووی بەرۆحانیكردن. هەڵبەتە چەند ئاستی رەهاییەكە زیاتر بێ، ئاستی راڤەكردنو شەرعیەتپێدان كەمتر دەبێتەوە. سەرەنجام ئەو یەكەمە خۆی لە شێوە رەخنەی (تاوتۆلۆجی) نزیكدەكاتەوە، كە هەر هیچ نالێ،

[8] Adorno, Theodor W, Zur Metakritik der Erkenntnistheorie, s.15, (1956,1972).



چونكە هەمیشە هەمانشت دەڵێتەوە. لەكاتێكدا جەوهەری هەموو شتێك لای هیگڵ بریتییە لە رۆح، بەڵام پرنسیپی یەكەم لای هایدیگەر بریتییە لە بوون، كە بەڵگەهێنانەوە دژی ئەوەی دواییان سەختترە، چونكە هەموو شتێك بێنكوڵیكردن بەواتایەك لە واتاكانی وشە "هەبوونی" هەیە. لێرەدا خراپییەكە ئەوەیە كە پرنسیپی یەكەم خەریكە لە بەڵگەنەویستی نزیكدەبێتەوە. لە رەوتی گەشەكردنیدا، ئایدیا دەربارەی پرنسیپی یەكەم خۆی سەری خۆی دەخوا، ئەوە راستییەكەیە، راستییەك كە بە شێوەیەكی پارادۆكسی لە رێی یەكەم فەلسەفەوە نەبوایە، دەستمان نەدەكەوت.[9]

هەموو ئەوانەی وەك یەكەم باسكراون، هەموو چەمكو پرنسیپەكان، بەناچاری لە شتێكیترەوە هاتوون، یان روونتر بڵێین، پێشبینیكراون. فەلسەفە هیچ خاڵێكی دەسپێكی رەهای نییە. واتە لەگەڵ هیچ یەكگرتنەوەیەكی میتافیزیكیدا بۆ گەڕانەوە بۆ پرنسیپی بنەڕەتی ناگونجێ، هەموو جۆرە گوتەیەكی لە شێوەی "هەموو شتێك لە بنەڕەتدا بریتییە لە رۆح یان سەبژێكت.. هتد" هیچ نییە

[9] - هەمان سەرچاوەی پێشوو لا 22

جگە لە حەزو هەست بۆ دەسەلآت بەسەرداشکان نەبێ. لەبەر ئەوەی فەلسەفەی یەکەم هەر لە سەرەتاوە دەبێ هەموو شتێکی گرتبێتە خۆی، ئەوا سەبژێکت دەست بەسەر هەرشتێکیتردا دەگرێ، کە لەخۆی جیاوازبێ، دەبێ هەموو هەر لەژێر باڵیدا بمێننەوە، پرنسیپ هەمەلایەنی مسۆگەر دەکا. دیارە هێنانەدی ئەم کارە بە لابردنو لە ناوبردنی هەموو ئەو شتانە دەبێ، کە ناگونجێن. ئەم هەستی دەسەلآتگرتنە دەست خۆیە لە داوای بوونی میتۆددا نمایشدەکا. فەلسەفەی یەکەم بێ بوونی شێوازی میتۆدی ناکرێ بهێنرێتە پێشچاو. میتۆد ئاسا، لە رێگای دیاریکراودا، هاتوو هەمیشە بە یاسا بەستراوەتەوە بە رۆیشتووی پێش خۆیەوە. هەرکاتێ بیرکردنەوە بە پێی میتۆد بێ، بۆ ئەوەی یەکەم بوونی هەبێ، دەبێ رێگاکە لە ساتەوەختی بیرلێکردنەوەیدا کۆتایی نەیەتو بە بنبەست نەگات. میتۆد دەبێ هەمیشە زەبروتوندی دژ ئەو زانستە بەکاربهێنێ، کە ئەم خۆی لە پێناویدا هەیە. دەبێ ئەویتر بخاتە چوارچێوەی ئەو قاڵب یان مۆدێلەی ئەم بۆی داناوە. هەر بۆیە لە شێوازی میتۆدیدا زۆر هەست بە دژواری یان بەرزو نزمی ناکرێ، تەنانەت لەو میتۆدانەشدا کە گومانێکی رادیکالآنەیان لەخۆگرتووە (لە گومانە میتۆدییەکەی "دێکارت"ەوە تا میتۆدە



بەناوبانگەکەی هایدگەر بۆ هەڵوەشاندنەوەی میتافیزیکی رۆژئاوایی). هەمیشە ناوەڕۆکی لەرزۆکو لاوازی ئامانجە میتۆدییەکە پەردەپۆشدەکرێ، بە تایبەتی بە گەڕانەوە بۆ هێنانەپێشەوەی ئەو شتەی کە لەوەوبەریش هەر هەبووە. واتە گومانکردنی خوردکراوەو دیاریکراو مەترسیدارە، نەك گومانی رەها.[10]

ئەوەی بەلای ئادۆرنۆوە وەك خاڵێکی زۆر گرنگ سەیر دەکرێ، ئەوەیە کە هەر یەکەیەك، یان هەر پرنسیپێکی یەکەم، بێگوێدانە جیاوازی لە رووی ناوەڕۆکەوە، هەر هەموو دەبێ هەر سوبژێکت بن. لە بواری پەیوەستبوونو بوونی جیاوازییەکانی نێوان سەبژێکتو ئۆبژێکت، بەو جۆرەی کە بابەتێکی پتەوی فەلسەفەیی پێکدەهێنن، واتە پەیوەندییە دێرینەکەی نێوان سروشتو دەسەلآتشکان بەسەر سروشتدا. ئەو شێوازەی ئاوێتەبوون یان پێکەوەگونجان، کە بەرزترین شێوازی بریتییە لە گێڕانەوەی هەموو بۆ تەنیا یەك فۆرم، کە دەبێ خاوەن شوناس بێ، واتە چەمکێکی پەسەندکراو لەلایەن دەسەلآتشکاو بەسەر سروشتدا پێکدەهێنێ. ئەم فۆرمە تاکە هەر لەسەرەتاوە جۆرە بەزۆر سەپاندنێکی تێدایە. ئەوەی لەبەرانبەریدا دەوەستێ، ناڕۆشنە، جۆراوجۆرە، بەئالۆزیی

[10]– هەمان سەرچاوەی پێشوو لا 19

گوزارشتیلێکراوە. بیرکردنەوە لە شوناس بریتییە لە گۆڕینی ئەو ناڕۆشنیو جۆراوجۆرییە دژوارە بۆ یەك یەکە. ئەم پرنسیپە کە دەبێتە خۆپارێزەر بەرانبەر ئەو هێزە ناڕۆشنە، خود خۆیەتی، کە خۆی خۆی دەپارێزێ. شوناس لەخۆپاراستنەکەوە دروست دەبێ، کەواتە ئەوە  سەبژێکتە کەبنەڕەتە بۆ پرنسیپەکانی شوناس. خود کە دەبێتە شوناس بۆ خۆی، سەرچاوەی هەموو ناسنامەیەکە. لای ئەو بوونەوەرە هیچ سەرچاویەکیتری شوناس نییە کە قابیلی بەراوردکردن بێ. بە پێچەوانەوە، گشت چرکەساتەکانی دروستکردنی ئەم یەکەیە، کە سەبژێکت ناسنامەیەکیتری دەداتێ، کە بریتی نەبێ لە خودی خۆی، هەر مۆرکی ئەو سەبژێکتەی پێوەدەمێنێ. ئەمانە چەمکن، چەمکیش بە شێوەیەکی سەرەکی ئامڕازی دروستکردنی شوناسە، لەبەر ئەوەی لە پرۆسەی بیرکردنەوەدا، مرۆڤ دەبێ چەمکەکان بەکاربهێنێ.

دەتوانرێ بە  شێوەیەکیتر ئەم بابەتە فۆرمەلە بکرێتەوە: پرنسیپی شوناس بریتییە لە پرنسیپێکی بیرکردنەوە. هەموو پرنسیپێکیش (هەموو بنچینەیەك) کە بۆ زاڵبوونە بەسەر هەمەچەشنەییدا، بە ناچاری، پرنسیپێکی بیرە. چڕکردنەوەو



گێڕانەوەی هەموو بۆ یەکەم، یان بۆ یەك یەکەی گشت لەخۆگرتوو، هەمیشە گەڕانەوەیە بۆ بیرکردنەوە.

ئادۆرنۆ لە ژێر ناوی (فەلسەفەی شوناس)دا رەخنە لەم چەمکە دەگرێ، کە زۆر لەوە زیاترە تەنیا سەبارەت بە یەك رێبازی فەلسەفەیی بێ. ئایدیالیزم هەموو شتێك لە تاکە یەك پرنسیپدا دەتوێنێتەوە، کە دەبێ ئەم یەکەیە، چرکەساتی دروستبوونی ئەو یەکە تەنیایە، تەنانەت ئەو کاتانەش کە وەك ئۆبژێکت ناوزەد دەکرێ، هەردەم بریتی بێ لە سەبژێکت. بەم پێیە شێوازە جۆراوجۆرەکانی ماتریالیزمی دۆگماتی وەك جۆرێك لە جۆرەکانی ئایدیالیزم دەردەکەون، گەرچی بۆ خۆشیان ئاگاداری ئەوە نەبن. یەکێ لەو جۆرە ماتریالیستییە میتافیزیکییانە ئەوەیە کە دەڵێن هەموو شتێکی نێو واقیع لە مادە پێکهاتووە. ئەم بۆچوونە لە یەکەم لێڕاماندا لەوە ناچێ سەبژێکت بێ، بەڵام چەمکی ماتەریش، هەر ئەوەندەی وەك پرنسیپێکی سەرتاپایی سەیر بکرێو هەوڵبدرێ لە رێگەیەوە هەمەجۆرێتییەکەی بخرێتە نێو چوارچێوەیەکی دیاریکراوی شوناسەوە، ئەو کاتە،  گەرچی بە مەبەستیش نەبێ، دەبێتە ئایدیالیزم.

هەموو فەلسەفەیەك، بەناچاری، دەبیٚ چەمك بەكاربهێنیٚ. چەمكیش كۆمەڵێك دیاردەی لە ژمارە نەهاتوو لە چوارچێوەی گۆشەنیگایەكی دیاریكراودا كۆدەكاتەوە، چەمك شوناسبەخشە، چونكە هەموو جیاوازییە تاك تاكەكانی ئەو دیاردانەی كە گرتونیەتە خۆی، ناهێڵیٚ. بۆ نمونە چەمكی (دەوڵەت) سیفەتی وەك دیكتاتۆری یان دیموكراتی یان ئەوەی كە دەكەوێتە ئەوروپاوە یان ئەفریكاوە یاخود دەوڵەمەندە یان هەژار.. هتد ناگرێتە خۆ. تەنیا ئەو سیفەتانەی لە نێوان گشت دەوڵەتاندا هاوبەشە لە نێو چەمكی دەوڵەتدا جێگایان دەبێتەوە، (شوناسی دەوڵەت) بێگوێدانە جیاوازییەكانیان. هەروەها هەموو جۆرەكانی فەلسەفە دەبیٚ بە ناچاری ئەم جۆرە چەمكە شوناس بەرهەمهێنەرە بەكاربهێنن. گەر رێبازێكی فەلسەفەیی لە سەرەتاوە مەیلی لایەنگری ئایدیالیزمی تیا بەدی بكریٚ، شوناسەكەی لە فۆرمێكی پەتی بیركردنەوەدا پەنگ دەخواتەوە. بیركردنەوە بە واتای ناساندنە. رەخنەیەكی فەلسەفەیی خۆڕاگری ئاراستەكراو بۆ ئایدیالیزم، وەك ئاشكرا كراوە، ناتوانیٚ جەخت لە شتێكیتری ناسەبژێكتی بكاتەوە وەك پرنسیپی یەكەم. ناشكریٚ بە شێوەیەكی پۆزەتیڤانە، لە رێگەی پێشكەشكردنی كۆمەڵیٚ حەقیقەتەوە بەسەر ناچاربوون بۆ شوناسدا



زاڵبین. فەلسەفە ناتوانیٚ شت بئاخنێتە نێو تێكست (دەق)ەوە.[11] هەروەها مروڤ ناتوانیٚ تەنیا بە بڕیار جەخت لەسەر بوونی شتێك لەخۆیدا، لەدەرەوەی بیركردنەوەدا بدا. شتێكی لەمجۆرە، هەر بە پوچی دەمێنێتەوە. فەلسەفە دانەبڕاوانە پابەندە بە چەمكەوە. لە میانەی چەمكەكانەوە گەشە دەكا. تەنیا رێگە كە لەبەردەمیدا بە كراوەیی دەمێنێتەوە، ئەوەیە كە لەڕێی چەمكەوە سەرابی شوناسی سەرتاپایی نەهێڵیٚ. ناونیشانی (دیالێكتكی نێگەتیڤ) بە شێوەیەكی سەرەكی شتێكیتر نییە جگە لە ئاماژەكردن بۆ ئەوەی بابەتەكە لەگەڵ چەمكەكەیدا پێكەوە ناگونجێن. زانیاری پێدانێكە دەربارەی نادروستی شوناسەكە، نادروستی ئەو هەوڵە بێوچانە بێهودەیەی دەدریٚ بۆ جێگەكردنەوەی بابەتەكە لە چەمكەكەدا.

ئایدیالیزم لە بەرانبەر بوونی ماوەیەك لە نێوان شتو تێگەیشتن، واتە نێوان شتو چەمك، بێدەنگ دەبیٚ. ئەویش لەڕێی ئەفسوناویكردنو بەپیرۆزڕاگرتنی تێگەیشتنە گشتییەكان، سەیركردنیان وەك ئەوەی رەها بن، لە خودی خۆیاندا بریتیبن لە حەقیقەتە مەزنەكان. بەڵام چەمك شتێكی پەتی رۆحی نییە، كە سەر بە جیهانی سەربەخۆی فیكری بیٚ، بەڵكو ئامرازێكە بۆ

[11] - Adorno, Theodor, W. Negative Dialektik, Gesammelte Schriften 6, s. 531 (1966,1973).

دەسەڵاتشکان بەسەر سروشتدا، کە وەك پێداویستییەکی بەردەوامیدان بە ژیانی مرۆڤ لە ناو سروشتدا هێنراوەتە کایەوە.[12]

چەمك شوناس بۆ دانانێك لەخۆدەگرێ، شێوازێکی مرۆڤە بۆ رێکخستنی روانینو هەستەکانی خۆی، چ سەبارەت بە دەروونی خۆی یان جیهانی دەرەوەی. پرۆسەی دروستکردنی چەمکەکان هەر بە تەواوی لە پرۆسەی ئاڵوێرکردن دەچێ، بۆ ئەوەی بتوانێ زۆرترین شتو زانیارییەکانی بەیەکتر بەراورد بکا. هەردووکیان هۆکاری عەقڵانین بۆ زیادکردنی تواناکانی مرۆڤ بۆ خۆراگرتن لە خەباتیدا بۆ مانەوە. کرۆکی عەقڵانییەت دروستکردنی پەیوەندییەکی شوناسییە لەناو ئەو گێژاوە زۆرەی لە هەموو لایەکەوە بەرەو لای خۆی رایدەکێشێ. هەڵبەتە دروستکردنی شوناس لەلایەن بیرەوە باجی خۆی هەیە، ئەو تاکمەندییە، ئەو تایبەتمەندییەی دیاردەیەك هەیەتی، دەبێت بەژێر پێوە. دیاریکردنی ماتریالیزم لەلایەن ئادۆرنۆوە بریتییە لە راستکردنەوەی ئایدیالیزم، بە شێوەیەك کە دەیەوێت ئەوە بەبیر بهێنێتەوە، کاتێك فەلسەفەی کلاسیکی بەهۆی چەمکەوە شوناسی بەخشیوە بە حەقیقەت، ئەوە لە راستیدا تەنیا بەردەوام بووە لە دەسەڵاتشکان

[12]- هەمان سەرچاوەی پێشوو، لا 17.



بەسەر سروشتدا لە سنووری تێگەیشتنەکاندا، واتە لە سنووری فەلسەفەدا. ئەو عەقڵەی کە لە بنەڕەتەوە بەش بەشە، لەگەڵ ئەوەشدا توانایەکی گشتی یوتۆپیایی تێدایە. پێویست ناکا عەقڵ خۆی بە یاساو رێساکانی خۆیەوە ببەستێتەوە. دەتوانێ دژ بەخۆی بیربکاتەوە بێئەوەی خۆی لەناوبەرێ.[13] ئەوەی کە رێگەخۆشکەرە بۆ دیالێکتیك، زانیارییەکانی بیر یان عەقڵە دەربارەی خودی خۆی. زانیاری دەربارەی کەموکوڕی خۆی، (قەرزباری) خۆی بەرانبەر بیرلێکراوەکە. پێویستە لە واقیع بگەین، بەڵام واقیعی راستەقینە هەمیشە لە واقیعە تێگەیشتووەکە بەرفراوانترە. بە شێوەیەکی روونتر، دیالێکتیك بە هۆی پێکدادانی بەردەوامی نێوان چەمكو شت لە گەشەکردندایە. کەواتە دیالێکتیك نە میتۆدەو نە شتێکی راستەقینەیە بە واتا سادەو ساکارەکەیان. هیچ دەروازەیەکی کراوەی راستەوخۆ نییە بۆ تێگەیشتن لە شت. نا، بەڵکو ئێمە تەنیا لەرێگەی چەمکەکانەوە دەیانناسین. هەروەك چۆن تەنیا لەرێگەی چەمکەکانەوە ئەو شتانە بەدیدەهێنین، کە چەمکەکان خۆیان رێگرن بۆ بەدیهێنانیان. هەموو هەڵە بڕیارلەسەردراوەکانی چەمك هەڵەیتر بەدوای خۆیاندا دەهێنن. لەم

[13] – هەمان سەرچاوەی پێشوو، لا 144

پرۆسەیەوە ئەو دەرئەنجامە دێتە پێشەوە، کە ڕەنگە ببێتە هۆکار بۆ دەستبەردار بوون لە بەزۆر شوناس بۆدانانو ببێتە هۆی هاتنە پێشەوەی نا– شوناسی کپکراو.

گەرچی لە ڕووی ترادیسیۆنییەوە ئەرکی فەلسەفە بووە بڕیار لەسەر دیاریکردنی شوناسی ئەبەدی و گشتی بدا، بەڵام ئەمڕۆ فەلسەفە ڕۆڵی مێژوویی خۆی لە ئارەزووی ڕاستەقینەیدا بۆ تاکە بێپێناسەکان، تایبەتەکان، لەقاڵبنەدراوەکاندا دەبینێتەوە. ئەوەی جاران پلاتۆ بە بێبایەخو پوچ سەیری دەکردن، واتە شتە بێ - شوناسەکان، بە بەراوردکرن بە تراکتاتوسی ڤیتگنشتاین دەبینین ئێستا خەریکی باسکردنی ئەو شتانەیە، کە لەباسکردن نایەن.[14] ئەو دژیەك وەستانە سادەیەی لەم کارەوە ئەنجامدەدرێ، فەلسەفە دەکات بە دیالێکتیك. کاری فەلسەفە بریتی دەبێ لە گەشەدان بەم پارادۆکسە. هەرچییەکیتر هەیە، تەنیا هەڵوەشاندنەوەیە. لە ڕووی بیرکردنەوەوە تەنیا چەندبارەکردنەوەو بە سیستمکردنی ئەوەیە کە تائێستا هەبووە. وەرچەرخان ڕووەو ناشوناس، دەبێ لە تاقیکردنەوەی پراکتیکیدا سەربکەوێ، واتە لە شیکارییە

[14] - هەمان سەرچاوەی پێشوو، لا 20



کۆنکرێتییەکانی فەلسەفەدا. بەڵام گەر تەنیا ڕاشەکردنو ڕاگەیاندنی پرۆگرام بێ، ئەوا خۆی نکوڵی لەخۆی دەکا.

هەموو شیکارییە فەلسەفەییەکانی ئادۆرنۆ هەوڵدان بوون بۆ جێبەجێکردنی ئەم خواستە، ئەمانە نموونەن بۆ "دیالێکتیکی نێگەتیڤ". دوای ماڵئاوایکردن لە سیستمەکە، لە فەلسەفەی یەکەمو داواکاریی سەرتاپاگیریی، پێویستە فەلسەفە خۆی تەرخانبکا بۆ فۆرمە "بچوك"و کراوەکان، بۆ گوتارەکان، مۆدێلەکانو شتە وردەکان.

فەلسەفە... نابێ چیتر لەو خەیاڵەدا بێ کە خاوەن دەسەڵاتی ڕەهایە. بەڵێ، دەبێ خۆی لەو جۆرە بیرکردنەوانە بەدووربگرێ، بۆئەوەی ناپاکییان بەرانبەر نەکا. هەروەها دەبێ بە مووی لە میتۆدی گەڕان بەدوای تێگەیشتن لەڕاستی لا نەدا. تێزە بەناوبانگەکەی کانت کە تەنیا ڕێگەی ڕەخنەگەری لەبەردەمماندا بە واڵایی ماوەتەوە، پێوەرە بۆ هەر جۆرە فەلسەفەیەك. ئەمە وەك یاسایەکە بۆ مانەوەی سیستمەکە.[15]

[15] – Adorno, Theodor, W. Gesammelte Schriften 10, s 461, (1962,1977).

## هونەر وەک روبەرێک بۆ هەقیقەت

پاش مەرگی خۆی لە ساڵی 1969دا، ئادۆرنۆ دەستنووسێکی قەبەی تەواونەکراوی جێهێشت، کە نیاز وابوو ببێتە شاکاری سەرەکی ئەم سەبارەت بە فەلسەفەی هونەر. ئەم کارە تەواونەکراوە لە 1970دا بە ناونیشانی (تیۆریی ئیساتیك Ästhetiscke Theorie) چاپکرا. ئەم بەرهەمە، گەرچی لەفۆرمی وردەکارییەکانیشدا ناچارییان پێوەدیارە، بریتییە لە بیروبۆچوونە وردو هەمەلایەنەکانی ئادۆرنۆ دەربارەی هونەر کە بە درێژایی ژیانی خۆی پێوە خەریککردبوون. بە تایبەتی چەندەها نووسینی تەرخانکردبوو بۆ میوزیك‌و ئەدەبیاتی مۆدێرن.

هونەر بەلای ئادۆرنۆوە هەمیشە لەگەڵو دژ بە کۆمەڵگە، بیری لێدەکرێتەوە. خەسڵەتی جیاکەرەوەی هەیە لە بەرانبەر واقیعی ئەزموونکراو، بەو هۆیەشەوە خۆی لە رەوتی واقیعی نێو کۆمەڵگەش جیادەکاتەوە، گەرچی لە هەمانکاتیشدا لەهەناویدایە. هونەر لەو روانگەیەی جەوهەری خۆیەوە وا خۆی دەنوێنێ، کە ئەم دوو کارەکتەرە جیاوازەی لە یەککاتدا لەخۆگرتبێ. لەلایەکەوە خاوەن سەربەخۆیی (ئۆتۆنۆم)ەو لە لایەکیترەوە فاکتێکی کۆمەڵایەتییە. بۆیە بۆ تێگەیشتنێکی راستەقینە لە هونەر دەبێ لە



هەردوو لایەنەکەوە سەیربکرێ، چونکە هەردوو رەهەندەکە لە هەموو فۆرمەکانی خۆنواندنیدا بوونیان هەیە. هەردوو لایەنەکە، بەرزونزمدەکەن، دژایەتی یەکتر دەکەن، بەڵام هیچکات بە تەنیاو لەناکاو خۆیان دەرناخەن. گەر مرۆۋ وەك زۆربەی ئەوانەی لەژێر کاریگەرێتی تیۆریی مارکسیزمدان، تەنیا وەك جۆرە چالاکییەکی کۆمەڵایەتی پێشوەخت دیاریکراو بڕوانێتە هونەر، نەك وەك خاوەن جەوهەرێکی جیاواز لە هەرشتێکیتر، ئەم کارە خۆهەڵواردنە لەو پارادۆکسەی کە هونەر یەکەمجار لە رێی وەستانی دژ بە کۆمەڵگەوە دەبێتە کارێکی کۆمەڵایەتی. سەرەتا خاوەن ئۆتۆنۆمییە، هونەر تەنیا بەرهەمهێنانەوە یان دووبارەکردنەوەی ئەوشتانە نییە، کە ئێستا بوونیان هەیە. بەڵکو ئەو کاتە دەبێتە هونەر، کە سنووری دراو دەبەزێنێ. کەموکوڕی تێگەیشتنی مارکسیستی بۆ هونەر لەوەدایە کە بەباشی هەست بە پەیوەستبوونی هونەر بە کۆمەڵگەوە ناکا بەبێ ئەوەی ئەم پەیوەستبوونە هونەرەکە نەکا بە دەبڕینێکی هۆشەکی ناڕەسەن یان بە تەنیا جۆرە کۆپیکردنێك. لە بەرانبەر ئەم جۆرە ئیستاتیکەدا کە بەلایەوە هونەر دیاردەیەکی لاوەکی کۆمەڵگە خوڵقێنەرەکەیەتی، رەخنەی ئادۆرنۆ لێرەدا بەمجۆرەیە:

ڕەنگدانەوەی دەروونیی کۆمەڵگە لە کارە هونەریەکەدا بریتییە لە ڕەنگدانەوەی پەیوەندییە جەوهەرییە کۆمەڵایەتییەکان لە هونەرەکەدا، نەك جەوهەری هونەرەکە لە کۆمەڵگەدا.[16]

لەلایەکیتریشەوە ئادۆرنۆ ڕەخنە لەو لایەنەی ئیستاتیکیش دەگرێ، کە گرنگی زۆرو تاك لایەنە بە ئۆتۆنۆمییەکی هونەر دەدا، بۆ نموونە لایەنە پارێزگارەکان کە لایەنگری تیۆری (هونەر بۆ هونەر)ن، یان تیۆریی ستروکتورالیستی کە خەریکی دروستکردنی بیرۆکەی (هونەر خۆی لەخۆیدا)ن، ئەم تیۆرییە دەیەوێ وەك شتێکی تەواو ئەبستراکتی سەربەخۆ بڕوانرێتە هونەر، بەدەر لە هەر کاریگەرییەکی کۆمەڵگە. ڕەخنەکە بەو جۆرەیە کە ناکرێ هێڵێکی جیاکەرەوەی لەو شێوەیە بکێشرێ، بەڵکو هەمیشە ئەو هێڵە یان ئەو سنوورە دەبەزێنرێو ئەمبەرو ئەوبەر بەو شتانە دەکرێن، کە بەپێی تیۆرییەکان نەدەبوایە بجولێنرانایە.

هەردوو ڕەهەندەکەی کاری هونەری، چ خاوەن ئۆتۆنۆمییەکەو چ ئەویتری پەیوەست بە کۆمەڵگەوە، لە دەرەوەی چێوەی خۆیاندا تێگەیشتنیان ئەستەمە. هەر پێکهاتەیەکی هونەر لە یەککاتدا لەلایەن هێزێکی ناوخۆییو هێزێکی پەیوەست بە کۆمەڵگەوە

[16]- Adorno, Theodor, W. Ästhetische Theorie, s. 345, (1970,1974).



ئاڕاستە دەکرێ. لێرەوە دەتوانرێ پێوانەیەك بۆ هونەری مۆدێرین دروستبکرێ. لەبەر ئەوەی هونەری هاوچەرخ دەیەوێ ڕاستەوخۆ دەستوەربداتە نێو کاروبارەکانی کۆمەڵگەوە، واتە بە ئاگاییەوە دەیەوێت لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە کاریگەریی هەبێ، بۆ ئێمە وەك یەك خۆیان دەنوێنن، مرۆڤ هەست بە ئامانجەکە دەکا، بۆیە نیگەران دەبێ. لەلایەکیتریشەوە لەهەندێ ڕووەوە، گەر هەر یاسا هونەرییەکانی خۆیان (هونەری ئەکادیمی) نمایش بکەن، ئەوا بۆ ئێمە جیاوازییەکی ئەوتۆیان نابێ. پێوەری ڕاستەقینە بریتییە لەوەی ئایا کارە هونەرییەکە توانای هەیە بەش لە واقیعی ئەزموونکراو دابڕێو بە شێوازی هونەریی خۆی گۆڕانی بەسەردا بێنێو بە زمانی تایبەتی هونەر گوزارشتی لێبکا، لەو ڕێگەیەوە جەوهەری شاراوەی کۆمەڵگە ئاشکرا بکا. ئەو هونەرەی ئادۆرنۆ خۆی پێوە سەرقاڵ دەکا، هونەری بەڕەسمی ناسراوی وڵاتانی بلۆکی ڕۆژهەڵات نییە، واتە ریالیزمی سۆسیالیستی، کە بە ناهەق ئەم ناوەی لێنراوە. "... هونەر هەر بوونی نەبێ چاکترە وەك لەوەی پێیدەگوترێ هونەری ریالیزمی سۆسیالیستی"[17] بەهەمانشێوە دژی هاوتا ڕۆژئاواییەکەی دەوستێتەوە، واتە دژی

[17]– هەمان سەرچاوەی پێشوو لا 85

پیشەسازی هونەرو بەرهەمە بێنرخەکەی (هۆلیوود). هەردوولا دووبارە ئەو شتانە بەرهەمدەهێننەوە، کە خۆیان هەن. هەردووکیان جگە لە پڕوپاگەندەی بەبریقوباقو کات بەسەربردنی بێواتا، هیچیتر نابەخشن. هونەری راستەقینە لەم سەدەیەدا خۆی لە هونەری مۆسیقای شوێنبێرگو بێرگو ڤێبێرنداو لە بواری ئەدەبیشدا لە بەرهەمەکانی کافکاو بێکێتدا دەنوێنێ. ئەم هونەرەیە کە زۆرجار دووچاری رەخنەلێگرتن بۆتەوە لەبەر ئەوەی نێگەتیڤانەو رووکەشیانە بووە، کە بریتین لە گوزارشتکردن لە داڕزانی پارێزگاران. کاتێ ئادۆرنۆ ئەمجۆرە رەخنەیە دەدۆزێتەوە کە لە پەیوەندیدایە بە تیۆریی رەخنەگرانەوە، دەردەکەوێ ئەم چەشنە هونەرە بە واتایەکی رادیکاڵانە خۆی لە کۆمەڵگە دووردەخاتەوەو وەك کارێکی عەبەسیو بێواتا خۆدەنوێنێو زیاتر رەخنەگرتنە لە رەوشە هەنوکەییەکە. بەپێچەوانەی زۆربەی کارە هونەرییە باوەکانەوە ئەم جۆرە بە ئاسانی خۆی لەگەڵ شێوە بێنرخە زاڵەکاندا ناگونجێنێ. نایەوێ خۆی بکا بە کاڵا، خەسڵەتی جیاکەرەوەی شۆکهێنەری هونەری مۆدێرنی رادیکاڵ پتر لە ریالیزمی سۆسیالیستی گوزارشت لە واقیع دەکا، کە بەشێوەیەکی



سەرەکی تەنیا رووکەشو دیوی دەرەوە دەردەخا، یان هەر رەخنەگرتنێکی سادەو سەرپێیی کۆمەڵایەتی پیادە دەکا.

هونەریش وەك کۆمەڵگە دەبێ لەمیانەو لە بەرانبەر گۆڕانکارییەکی مێژووییەوە سەرنجی لێبدرێ. لە ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەهەمەوە گۆڕانکارییەکی گرنگ روویدا، کە هونەرمەندانی پایەبەرزی وەك بۆدلێر، مانێتو ڤاگنەر لەبواری موزیکدا، پشتدەکەنە بنەما باوەکانو داهێنانی نوێ دێننە ئاراوە، بۆنموونە، لە شێوازی تۆن نووسیندا. لەو سەردەمە بەدواوە قۆناخێکی هونەری نوێ دێتە کایەوە، کە لە تیۆری ئیستاتیکادا لە ژێر ناونیشانی "مۆدێرن" شیکاری بۆ کراوە. هونەر دەستبەرداری هەموو فۆرمو کلێشە ترادیسۆنییەکان دەبێ، رووەکاتە لایەنە نۆیو نەدۆزراوەکان، بابەتە دەست بۆ نەبراوەکانو ئەبستراکتەکان دەبنە بنەمای هونەری نوێ. لە هونەرەکەی جاران تەنیا ئەوانەی لە رووی هونەرییەوە خاوەن تەکنیکێکی زۆر بەرزبوون، توانییان بمێننەوە، ئەوانیتر لە سنووری ناوچەکانی خۆیاندا قەتیس بوون. ریمباود ئەم پێوەرە نوێیەی لەم دێڕەدا دەربڕیوە کە دەڵێ: (il faut etre absolument modern) بە واتای (پێویستە بە شێوەیەکی رەها مۆدێرن بێ). مەرج بۆ (مۆدێرنێتە) ئەوە نییە

هونەرەکە هونەرێکی رەخنەگرانەبێ، چونکە جارانیش هونەری رەسەن ئەو مۆرکەی هەر هەبووە، تەنانەت لە هونەرەکەی مۆزارتیشدا، کە بەلای لایەنگرانییەوە، بە هونەرێکی زۆر (پۆزەتیف) دانراوە، دەبینین (هەڵچوون) تیایدا خاڵی سەرەکییەو بە نهێنی رەخنە لەو شتانە دەگرێ کە خۆی لێدوور دەگرێ. بەڵام هونەری مۆدێرن شتەکان دەخاتەڕوو، بە شێوەیەکی ئاشکراو رەوانیش ناڕازیبوونی خۆی بەرانبەر دەردەبڕێ.

شێوازی دەربڕینی رەخنەگرتن لای هونەرو فەلسەفە هاوشێوە نییە، گەر فەلسەفە پەنا دەباتە بەر چەمكو بڕیاردان، ئەوا لای هونەر زیاتر ناڕاستەوخۆیە، بەتایبەتی لەو شێوازانەدا کە تاکەکەسە هونەرمەندەکان خۆیانی تیا دەردەخەن، هەر شاکارێکی هونەری خۆی بەتەنیا کارێکی تەواوکراوە، کێڵگەی بەیەك گەیشتنی ساردو گەرمە، هەموو هێزو باوەڕە جیاوازەکان لەبەرانبەریەکدا، لە جێگۆڕکێیەکی بەردەوامدا لە گەشەکردندان. جیاوازی نێوان هونەرو واقیع لەم روانگەیەوە دەردەکەوێ کە هۆکاری لۆژیکیو مەعریفیشی هەبێ. ئەو شێوازەی کارە هونەرییەکان لە داهێنانو مانا پێبەخشیندا هەیانە، واتە لۆژیکە تایبەتییەکەیان، تەواو لەو لۆژیکەی خەڵکی بۆ تێگەیشتن لە واقیع بەکاریدەهێنن، جیاوازە. لە



لایەکەوە هیچ شتێك لە هونەردا لۆژیکێکی پتەوی بەسەردا ناسەپێنرێ، چونکە کارەکە قابیلی یەك جۆر تێگەیشتن نییەو لە جەوهەردا بریتییە لە فۆرم. لەلایەکیتریشەوە لەبەرئەوەی خاوەن ئۆتۆنۆمییە، لە چاو واقیعدا لۆژیکێکی بەهێزتری هەیە. بەهیچ شێوەیەك هونەر ئەوەندە ناعەقڵانی نییە وەك هەندێك لە نەشارەزایانی هونەر بۆی دەچن. بەڵام لە هونەردا زنجیرەی یەکبەدوابیەکدا نییە، چرکەساتەکان بەدوای یەکدا نایەن، وەك ئەوەی لە تیۆرییە تەقلیدییەکاندا دەربارەی مرۆڤ یان سروشت هەن. لە تێگەیشتن لە کارێکی هونەریدا، ئەوەی دەردەکەوێ، تەواوکراوی کارەکەیە، هەروەك بڵێی مرۆڤ کارە هونەرییەکە بەرهەمدەهێنێ. مرۆڤ هەر بەتەواوی دەچێتە "ناوەوە" بۆ ناو کارە هونەرییەکەو دوای ریتمی تایبەتی کارەکە دەکەوێو مرۆڤ خۆی لە کارە هونەرییەکەدا لەبیردەکا، هیچ ئاگای لە "دەرەوە" نامێنێ. تێگەیشتن لە وێنەیەکی گرافیکی، واتە ژیان بەخشین بە هێڵەکانی، زیندووکردنەوەی ئەو گشتەی راستەوخۆ دێتە بەرچاو، بەهەمانشێوە مرۆڤ لە پارچە موزیکێك تێدەگا، کە راڤەی دەکا، یان دووبارە خۆی لێیدەداتەوە یان بەرهەمی دێنێتەوە، شێوازی پەیوەندییەکە ئەوەیە تا چەند لە کارە هونەرییەکەوە نزیك

دەبێتەوە، نەك ئەوەی تا چەند دەقاودەق لێكچوون هەیە، بەهەمانشێوە، هونەرمەند نیگارێك دەكێشێ، كە مەرج نییە لەبەرگیراوەی وێنەیەكی دیاریكراو بێ. كاری هونەری بە سروشتی خۆی لە چوارچێوەی كاتدا نییە، بەو واتایەی هەر كارێكی هونەری خۆی لەخۆیدا تەنیا هەر لەخۆی دەچێ.

ئەم چەمكی تێگەیشتنە بەم شێوازە چركەساتێكی نابینایی لەخۆدەگرێ، تێگەیشتن لە هونەر تەنیا پێویستی بەو شتە نییە، كە وا دەرخات بەتەواوی بە دوا ئەنجام گەیشتووە، بەڵكو هەروەها دەبێ شتێكی شاراوەشی لە هەناوی خۆیدا حەشاردابێ، ئەو بەشەی كە هێشتا مرۆڤ تێینەگەیشتووەو وەك مەتەڵ ماوەتەوە. گرنگیو پێویستی پەیوەندی نێوان فەلسەفەی جوانیو هونەر ئەو پرسیارانە دەیهێنێتە ئاراوە، كە لە میانەی تێڕامان لە كاری هونەرییەوە سەرهەڵدەدەن. "شارەزایی رەسەن لە بواری ئیستاتیكدا دەبێ فەلسەفەیی بێ، ئەگەر وا نەبێ هیچ بوونێكی نییە."[18] یان بە شێوە دەربڕینێكیتر: " هونەر (پێویستی بە) فەلسەفەیە، بۆ ئەوەی ئەو شتە بڵێ كە خۆی ناتوانێ بیدركێنێ، كە

[18]– هەمان سەرچاوەی پێشوو، لا197



هەر لە رێگەی هونەریشەوە دەگوترێ، بەو پێیەی كە نایدركێنێ".[19]


هۆكاری ئەوەی كە ئادۆرنۆ وەك شتێكی پیرۆزو ئایینی سەیری هونەر ناكا، ئەوەیە كە بەلایەوە هونەر نە بریتییە لە واقیع بە مانا سادەكەیو نە بریتییە لە رۆح یان ماهییەتی واقیع. ئەم جەخت لەسەر پەیوەستبوونی هونەر بە كۆمەڵگەوە دەكا. هوتەر بریتییە لە ئاگامەندی دەربارەی بێدەسەڵاتی تەواو. ئەوەی هونەر دەیەوێ دەربڕێ، سەبارەت بەو پاڵەپەستۆیەیە كە لە كۆمەڵگە دیاریكراوەكەدا، لە جیهانە رێكخراوەكەدا، بوونی هەیە. ئەوەی هونەر هەوڵی بۆ دەدا، دروستكردنی كاراكتەرێكی خەیاڵی، پڕشنگێكە. هونەر بریتی نییە لە وێناكردنی واقیع وەك ئەوەی هەیە، بەڵكو وەك ئەوەی دەبوایە ببێ. ئەوەش نەك لەبەر رۆشنایی خواستێكی رەها، یان خەیاڵێكی پەتی، بەڵكو بەو پێیەی هەموان ناچارن حەزبكەن كە ئەو كۆمەڵگە دیاریكراوە وا بوایە. هونەر وەك گرێكی پێویستە، لێرەدایە كە پەیوەستبوونی هونەر بە كۆمەڵگەوە ئاشكرا دەبێ.

[19] - هەمان سەرچاوەی پێشوو، لا 113

چ هونەرو چ فەلسەفە، هەریەکە لەلای خۆیەوە کاردەکا بۆ ئەوەی شتە شاراوەو داپۆشراوەکان بخەنە بەرچاو. فەلسەفە لەرێگەی بەکارهێنانی چەمکەکانەوە، لەبەرانبەر باوەڕە وشکهەڵاتووەکاندا، هونەریش لە رێگەی وێناکردنی ئەو شتانەی بە شوناس بەسەرداسەپانیش تێگەیشتنیان ئەستەمە. ئەم جیاوازییە هۆکارە بۆ ئەوەی کە لە بواری ئیستاتیکا توانای زیاتر هەیە بۆ (نێگەتیڤی پۆزەتیڤ) لەرێگەی هێنانەدی وێنەیەکی یەکگرتنەوەی نێوان تاکەکەس و کۆمەڵەوە کە واقیع خۆی رێگەی لێگرتووە، هونەر رەخنە لە واقیع دەگرێ. هونەری رەسەن بێدەنگ قسە دەکا، بە جۆرێك کە لە شێوازی دەربڕینی مرۆڤ ناچێ، وەك "خۆی وایە" یان "دەبێ بەمجۆرە بێ".

ئەو شادمانییەی لە هونەرەوە بەرهەمدێ، پەیوەستە بە هەستکردن بە خۆڕاگری. لێرەوە هونەری مۆدێرن و تیۆریی رەخنەگرانە دەگەنە یەکتر.





## بینیامین: ماتریالیستێکی ئیماندار
## فەیلەسوفی سەردەمی نێوان هەردوو جەنگی جیهانی

ژیانو بەرهەمەکانی ڤالتەر بینیامین لایەنێکی تایبەتو سەرنجڕاکێشە لە مێژووی نوێی فەلسەفەدا. ئەوەش پەیوەستە بە مێژووی ژیانی بینیامین خۆیو ئەو بەرهەمانەی بەجێیهێشتوون. 1892 لە بەرلین لەدایك بووە، باوکی کە پیاوێکی جوو بووە، بە ئیشوکاری بانکییەوە خەریك بووە. وەك خێزان ئارەزووی کولتووریان هەبووە، بینیامین فەلسەفەو مێژووی ئەدەبی خوێندووە، ساڵی 1919 خوێندنی تەواوکردووە. لە 1925دا، بە پشتبەستن بە نامەی دکتۆراکەی (Ursprung des deutschen Trauerspiels) داوای دامەزراندنی کردووە لە زانکۆی فرانکفۆرت، بەڵام داواکەی پەسەندنەکراوە. تا چەند ساڵێکیش دوای ئەوە وەك نووسەرێکی سەربەخۆ کاریکردووە، تا ئەو کاتەی هۆرکهایمەر لە 1930دا لە هەمان زانکۆ، ئەنستیتوتی لێکۆڵینەوە کۆمەڵایەتییەکانی دامەزراندووە، سەرلەنوێ بینیامین پەیوەندیکردۆتەوە بە ژیانی ئەکادیمییەوە. لە 1933دا بەهۆی نازییەکانەوە ناچار روویکردۆتە تاراوگەو لە پاریس گیرساوەتەوە.



پەیوەندی راستەوخۆی لەگەڵ ئادۆرنۆ پەیداکردووە، دواتریش ئادۆرنۆ پاش مەرگی بینیامین سەرپەرشتی بڵاوکردنەوەی بەرهەمە چاپنەکراوەکانی کردووە. بەهاری 1940 ئەڵمانییەکان بەرەو پاریس هێرشیانکرد، بینیامین بەرەو ئیسپانیا هەڵات، لەڕێگە لەگەڵ گروپێکدا گیرا، بۆ شەوێ بینیامین خۆی کوشت، رۆژی دواتر کەسەکانیتری گروپەکە بەردەدرێنو رێگەیان پێدەدەن بڕۆن.

بەرهەمەکانی بینیامین زۆر هەمەلایەنەن، تیۆری مەعریفە، تیۆری زمانناسی، مێژووی فەلسەفە، لایەنی پەروەردەییو رەخنەی ئەدەبی لەخۆدەگرن. بەڵام دەتوانرێ بگوترێ بەشی هەرە سەرەکی کارەکانی ئەم وەك نووسەر لە بوارەکانی ئیستاتیکاو کولتووری فەلسەفەییدایە. لەسەر تیۆرییەکی دیاریکراو کارینەکردووە، چەمکە فەلسەفەییە سەرەکییەکانی زۆرجار لێکدانەوەی جیاواز هەڵدەگرن، توانای تەئویلکردن مۆرکێکی تایبەتین لە میتۆدو شێوازی نووسینیدا.

هەڵبەتە ئەم زۆری لێکدانەوانە دەگەڕێنەوە بۆ جۆراوجۆریی سەرچاوە تیۆرییەکانی نووسەرو بۆ تەمەن کورتییەکەی.

دەتوانرێ بەرهەمەکانی بینیامین بەسەر دوو قۆناخی سەرەکیدا دابەشبکرێن. قۆناخێکی تێڕامان لە تیۆلۆجی جوویی (واتە، کاری

فیکریی ئەبستراکت)، کە بەرهەمەکانی ساڵانی بیست دەگرێتەوە، لەگەڵ قۆناخی مارکسیستی، کە لە ساڵانی سییەکانەوە سەریهەڵدا، خەسڵەتێکی تایبەت بە بینیامین وەك نووسەر سەرهەڵدانەوەی هەندێك لەو چەمکانەیە لە قۆناخی دووەمدا، کە ئەم خۆی لە قۆناخی یەکەمدا بەکاریهێناون. بینیامین لەبری بەکارهێنانی چەمکی نوێ، ویستویەتی هەمان ئەو چەمکانە لە بواری مارکسیستیشدا بەکاربهێنێتەوە.

کاری سەرەکی نووسین لای بینیامین لە قۆناخی تێڕاماندا بریتی بووە لە دکتۆرانامەکەی (Ursprung des deutschen Trauerspiels) لەساڵی 1925دا. ساڵانی دواتر خۆی تەرخانکردبوو بۆ لێکۆڵینەوە لە تیۆری مارکسی، ئەم خۆتەرخانکردنە لە ساڵانی سیییەکاندا بووە هۆکار بۆ ئاشنایەتی پەیداکردن لەگەڵ بیرتۆڵد برێختو کتێبی (Der Autor als Produzent) ساڵی 1934و کتێبی (Das Kunstwerk im Zeitalter seiner technischen Reproduzierbarkeit) ساڵی 1936ی بەری ئەو دۆستایەتییەیە. لە 1927ەوە تا کاتی مردنەکەی سەرقاڵی پرۆژەیەکی فەلسەفەیی بەرفراوان بووە بە ناوی (Pariser Passagen). لە 1935دا کاری لەسەر پرۆژەی



نووسینێك کردووە بە ناوی (Paris, die Hauptstadt des 19.jahrhunderts)
لە 1939 نووسینی (Das Paris des Second Empire bi Baudelaire) و (Uber einige Motive bei Baudelaire)تەواو کردووە. ئەمانە بەشی سەرەکی نووسینەکانی پێکدەهێنن، بە ماوەیەکی کەم بەر لە مردنەکەی توانیویەتی نووسینەکەی دەربارەی مێژووی فەلسەفە تەواو بکا بە ناوی (Uber den Begriff der Geschichte). لە قۆناخی مارکسیستییەکەدا فەلسەفەکەی بینیامین لە نێوان دوو جەمسەری بەهێزی نێوان سیاسەتی هێرشبەرانەی ماتریالیزمی برێختو رەخنە کۆمەڵایەتییە تا رادەیەك نەرمەکانی ئادۆرنۆدا گەشەیکردووە. ئەم پەیوەندییە دوو جەمسەرییە لە شێوازی نووسیندا، دواتر کاریگەریی خۆی هەبووە. لایەنگرانی بزووتنەوە رادیکاڵییەکەی خوێندکارانی 1968 هەوڵیانداوە لایەنە ماتریالیستییەکانی فەلسەفەی بینیامین لەو رووپۆشە رزگارکەن، کە لەسەردەمی سەرپەرشتیکردنی ئادۆرنۆوە بەسەر بەرهەمەکانی بینیامیندا درابوون. لە رووی کاریگەرێتی مێژووییەوە بینیامینیش بە هەمانشێوەی مارکۆزە لە ئەڵمانیای رۆژئاوا یەکێك بووە لە

تیۆریسته پڕ خوێنەرەكان. تەنانەت تا ئێستاش بۆچوونەكانی بینیامین سەرچاوەی ئیلهام بەخشینن.

**جوانیو مەعریفە**

لە نامەیەكدا لە 1923/12/ 9دا بینیامین نووسیویەتی: "پێویستە گشت زانیارییەكانی مرۆڤ ...قابیلی لێكدانەوەبن... ئایدیاكان بریتین لە بناغەی لێكدانەوەكان."[20] لێرەدا مەعریفەی وەك پرۆسەیەك بۆ لێكدانەوەی تێكست باسكردووە، كە واقیع لە شێوەی تێكستێكدا لێكدانەوەی بۆ دەكرێ. زمانی مرۆڤ بریتییە لە جۆرێكی ئەو زمانەی لە هەمووشتێكدا وەك جەوهەر بوونی هەیە. ئەم لایەنەی تیۆری مەعریفی ڕەگوڕیشەكەی لە تیۆلۆجییەكی رادیكالآنەوە هاتووە. جیهان بە وشەی خودا ئافەریدەكراوە. هەر بۆیە دەبێ جیهان وەك وشەی خودا (بخوێندرێتەوە). لە دكتۆرانامەكەی (Ursprung des deutschen Trauerspiels) دا بە شێوەیەكی گرنگ چەمكەكانی مێژوو، مەعریفەو جوانی پێكەوە گرێداوە. بە سازان لەگەڵ تیۆلۆجیدا وەك خاڵی سەرەتا، مەعریفە شتێكە لە هەمانكاتدا لایەنێكی دیارەو لایەنێكی لە سەروو

[20] - Walter Benjamin, Brief an Florens Christian Rang. Vom Dezember 1923, I Briefe m bd,1, s 323, G. Scholem-Th W. Adorno Frankfurt 1966.



هێزی بینین یان هەستپێكردنەوەیە. لەبەر ئەوە فەلسەفە ناتوانێ راستەوخۆ لە واقیع تێبگا، بەڵكو ئەو كارە تەنیا لە شێوەی وێناكردنو سیمبۆل بۆ دانانەوە دەبێ. واقیع لە زریانێك دەچێ، كە ناتوانرێ بە هۆی رەوتەكەیەوە لێیتێبگەین. تەنیا لە رێگەی كۆكردنەوەی لایەنەكانی چەمكەكانەوە لە شێوەی وێنەی رەمزیدا دەتوانرێ رەوتی مێژوو لە قاڵبدرێو بكرێتە ئامانج بۆ لێكدانەوە. بینیامین هونەر بە وێنەیەكی لەو جۆرە پێناسەدەكا، كە فەلسەفە بە هۆی بەها سیمبۆلییەكانییەوە دەتوانێ خۆی لە هەقیقەت دەربارەی گشتێتی مێژوو نزیك بكاتەوە. گەر جوانی جەوهەری هونەربێ، كەواتە "تەنیا دۆزینەوەی پەیوەستبوونی هەقیقەت بە جوانییەوە ئەوپەڕی ئامانجی كارەكانی فەلسەفەی هونەر نییە، بەڵكو هەروەها مەرجێكی زۆر پێویستیشە بۆ بڕیاردان لەسەر خودی چەمكی هەقیقەت خۆی."[21] جوانی یەكگرتنێكی رەمزی لە نێوان ئێستاو رابوردوودا، لە نێوان جیهانی رۆحیو جیهانی واقیعیدا پێكدەهێنێ. لە جوانیدا پەیوەندییەك لە نێوان جیهانی هەستپێكراوو مەلەكوتی خوداییدا دروستدەبێ. هونەر دەبێتە

[21] - Walter Benjamin, Ursprung des deutschen Trauerspiels, s. 210, (1925), Gesammelte Schriften, bd 1, Rolf Tiedemann, Frankfort, 1974.

دەروازەیەك بۆ چوونە ناو رەهایی مێژوو، بۆ نزیکبوونەوەی زیاتر لە جەوهەری واقیع. بینیامین لە وەسفکردنی جوانیدا هاوڕایە لەگەڵ پلاتۆ: لەمڕووەوە هەقیقەتی وەك ناوەڕۆکی جوانی باسکردووە. بینیامین لێرەدا هەڵوێستێکی دەربارەی فەلسەفەی هونەر دیاریکردووە، تەنانەت لە قۆناخەکانیتری ژیانی خۆیشیدا وەك نووسەر هیچ گۆڕانکاری تێدا نەکردووە. لە کارەکانی دواتریدا سەبارەت بە فەلسەفەی هونەر، دیسانەوە هونەر خاڵی سەرەتاییە بۆ دەستکردن بە لێکدانەوەی پەیوەندییە کولتووریی‌و مێژووییەکان.



### کولتوورو ئاگامەندی

لە (Paris, die Hauptstadt des 19.jahrhunderts) و توێژینەوەکانیتردا دەربارەی بۆدلێر، بینیامین ویستویەتی قۆناخ‌و شێوازی کولتوورو ئاگامەندی سەدەی نۆزدە دیارییبکا. بەهۆی خوێندنەوەی واقیعی ئەو قۆناخە لەرێگەی تێکستەوە، بینیامین بە مەبەست وێنە گرنگەکان لەو رەوتە مێژووییە پشتگوێ دەخا، بەم وێنانەی وتووە (fantasimagorier) واتە خەیاڵی لەخشتەبەر، یان وێنەی خەیاڵی. لەم وێنانەدا کولتوورو ئاگامەندی قۆناخەکە، بە هۆی پێشکەوتنی بەرهەمهێنانی شمەکەوە لە کۆمەڵگەدا دەخرێنە بەرچاو. پاساژەکانی پاریس (Pariser Passagen) نموونە بوون بۆ ئەم وێنە خەیاڵییانە، ئەم بازاڕانە سەریان بە شووشە گیرابوو، کەلوپەلی گرانبەهایان بۆ فرۆشتن تیا دادەنرا ، بە بۆچوونی بینیامین هونەری بیناسازی‌و دیکۆر لەم پاساژانەدا لە خزمەتی بازرگانەکاندا بووە. نموونەیەکیتریش پێشانگای نێودەوڵەتی بووە. جەوهەری شتەکان دەگۆڕدرێ‌و برەو بە بەهاو نرخەکەی دەدرێ. "وێنەی خەیاڵی کولتووری سەرمایەداریی لە پێشانگای نێودەوڵەتی پاریسدا لە 1876دا گەیشتە ئەوپەڕی گەشەکردنی خۆی".[22] گەورەترین بەرهەمهێنەری وێنەی خەیاڵی لە سەدەی نۆزدەدا بریتی بووە لە پاریس، پایتەختی شتی کەشخەو مۆدە. بنەڕەتی ئەم قۆناخی رەوتە کولتوورییە لە شێوازی داڕشتنی نەخشەی شارەکەوە گەشەیکردووە، بە بڕوای بینیامین ئەو شێوازی تەکنیکی نەخشەسازییەی شار بە مەبەستی بەخشینی روویەکی هونەری پرشنگداربووە بەو شارە، کە رەنگدانەوەی دەسەڵاتی هاووڵاتیان بێ لە بەڕێوەبردنی شارەکەیاندا. نەخشەسازی شەقامە دوورو درێژەکان کە لە

[22] - Walter Benjamin, Paris, die Hauptstadt des 19.jahrhunderts, s 414, (1955).

ئەمبەرو ئەوبەریان دار چێنرابوو، کە هەر وەك تابلۆیەکی هونەری وابوون، مەبەستی سەرەکی ئەندازیارەکەیان کە ناوی هاوسمان بووە، بۆ رێگەگرتن بووە لە دانانی مەتەرێزی سەربازی (المتاریس)، هەربۆیە بەمجۆرە شەقامانەیان دەگووت "جوانکارییە ستراتیژییەکان". وەك کاتیگۆرییەکی فەلسەفەیی ئەم وێنە خەیاڵییانە خاوەن خەسڵەتی وێنەی دیالێکتیکین، واتە دوولایەنی دژ بەیەکی پێکەوە کۆکردۆتەوە، کە پێکەوە یەك یەکە بەرهەمدێنن، ئەو یەکەیە بریتییە لە وێنەی خەو پێوە بینراو یان یۆتۆپیا.

"نارۆشنی سیفەتی سەرەکی بەرجەستەبوونی وێنەیی دیالێکتیکە، یاسای دیالێکتیك لە راوەستاندا، ئەم راوەستانە یۆتۆپیایەو ئەو وێنە دیالێکتیکیەش وێنە خەوپێوەبینراوەکەیە. ئەم وێنەیە رێکورەوان شتەکە دەکاتە بت بۆ پەرستن."[23]

ئاگامەندی، لە کارکردنیدا لەسەر شت، یادەوەرییەکان دەگەڕێنێتەوە بۆ سەردەمی سەرەتاکانی مێژوو، بۆ سەردەمی کۆمەڵگەی بێچین، لە هەمانکاتیشدا هەر ئاگامەندی لە هەوڵداندایە بۆ رەونەق بەخشین بە شتەکانو بۆ بەرەوپێشبردنی کۆمەڵگەی

[23]– هەمان سەرچاوەی پێشوو.



بەرهەمهێنەری کەلو پەل بە مەبەستی گەیشتن بە قۆناخێکی نوێترو بەختەوەرتر. دیالێکتیکی وێنە خەیاڵییەکە لەم جوڵە دوولایەنییەدا خۆی دەردەخا، لایەنی بیرکەوتنەوەی سەردەمانی دێرینو لایەنی پێشبینیکردنەکان، لێرەشدا شتەکە خەسڵەتی وێنەی خەو پێوەبینراو یان وێنەی ئاوات بۆ خوازراو وەردەگرێ. وێنە خەو پێوەبینراوەکە بە شێوەیەکی دیاریکراو باس لە گەشەسەندنی مێژووی کولتووریی دەکا، هیچ خەسڵەتێکی هەمیشەیی نییە.

"هەڵبەتە هەر قۆناخێك تەنیا خەون بە قۆناخی دوای خۆیەوە نابینێ، بەڵکو بەدەم خەوەوە رێگە لە بێداربوونەوە دەگرێ... لە کاتی قەیرانە ئابوورییەکاندایە، کاتێ هێشتا شوێنەوارەکان بە پێوە ماون ئێمە وەك شوێنەوارە کاولبووە دێرینەکان دەیانبینین."[24]

لە (Pariser Passagen)دا بینیامین بە شێوەیەکی میتۆدی هەوڵیداوە رەهەندێکی سۆسیۆلۆجی بە فەلسەفەی کولتووریی ببەخشێ. ئەو یەکەم کەس بووە توێژینەوەی کردبێ لەسەر چۆنیەتی بەکێشکردنی کولتوور بۆ بینینی رۆڵی هەمەلایەنەی

[24]- هەمان سەرچاوەی پێشوو

ئیستاتیکی له دروستکردنی کۆمەڵگەی شمەك بەرهەمهێنندا. لە وێشەوە پەرەی بە لایەنی ئیستاتیکای ماتریالیستی داوەو رێبازە سەرەتاییەکانی کاپیتالیزمی نوێی دیاریکردووە. لەگەڵ ئەمانەشدا توێژینەوەکەی بینیامین دوورتریش رۆیشتووە، لە چۆنیەتی کاریگەرێتی پێشکەوتنەکانی کۆمەڵگە لە ئاگامەندی تاکەکان و شێوازی کارکردنو تێرکردنی ئارەزووەکان وردبۆتەوە. لە (Uber einige Motive bei Baudelaire) دا لێکۆڵینەوەیەکی لەسەر چۆنیەتی ژیان لەو شارەگەورانەی لە بەرهەمهێناندا تەکنیك بەکاردێنن کە دانیشتوانەکانیان دووچاری شۆك دەبن، پەیوەندی نێوان شێوازی شۆکەکەو خەڵکانی شارە گەورەکان دەستنیشاندەکا. دانیشتوانانی شارە گەورەکان لەرێگەی رەفتارو پەرچەکرداری میکانیکییەوە خۆیان لەو شۆکە لادەدەن. بە هەمانشێوەش هەستە مرۆییەکان خۆیان لەگەڵ ریتمی بێزارکەری بەرهەمهێنانی پیشەسازیدا دەگونجێنن. شێوازی ژیان بەسەربردن لە رۆچوونە نێو یادەوەرییەکانەوە دەگۆڕدرێت بۆ پەرشوبڵاویی، واتە چڕیی هەسپێکردنەکان لەدەستدەدا، بەڵام لە هەمانکاتدا خۆی لە دەست مامەڵەکردن لەگەڵ یادەوەرییە کۆنەکان رزگار دەکا. ئەو مامەڵەیە لەگەڵ یادەوەرییە کۆنەکاندا لای بینیامین وەك تریفەی



دەوری دیاردەیەك دانراوە. ئەو تریفەیە بریتییە لەو بۆچوونە مێژووییانەی پەیوەستن بە ریتواڵەکانی شێوازی پەرستنی سەردەمانی کۆنەوە. رزگاربوون لەو تریفەیە لە هەمانکاتدا بە واتای ئازادی مرۆڤە لە تێگەیشتن لە ئێستای خۆیی‌و بەئازادی بیرکردنەوە دەربارەی ئایندەی. "ئەو (بۆدلێر) ئەو نرخەی دا، کە دەبوایە بیدایە بۆ هەستکردن بە مۆدێرنە، واتە تێکشکانی ئەو تریفەیەی لە تووشبوون بە شۆکدا هەبووە."[25]

لە هەوڵداندا بۆ خۆپاراستن لەو شۆکە، مرۆڤەکان خۆیان لە قوڵبونەوە بەدووردەگرن‌و پەنا دەبەنە بەر بەسەربردنی کات. لە رێگەی ئەم پرۆسەیەوە جۆری تێڕوانین بۆ ئێستا دەچەسپێ‌و مرۆڤەکان دەتوانن لە واقیعی مۆدێرندا ژیان بەسەربەرن.

تەکنیك‌و ژیان لە شارەگەورەکاندا مرۆڤ لەسەر جۆرە ئاواتو ئارەزوویەکی نوێ رادەهێنن، کۆمەڵگەی شمەك بەرهەمهێن دەبێتە خاوەن ئاگامەندییەکی تایبەت بە قۆناخە مێژووییەکەی خۆی. ئەم جۆرە ئاگامەندییەش لە چەمکی راگوزەریدا لە (Das Paris des Second Empire bi Baudelaire) روونکراوەتەوە. ژینگەی راگوزەری بریتییە لە پاساژەکانی پاریس، لە وەسفکردنەکەی

[25] - Walter Benjamin, Uber einige Motive bei Baudelaire, s.653 (1939).

بۆدلێردا کەسە راگوزەرەکە وەك شت خۆی بۆ خەڵکە زۆرەکە دەنوێنێ، ئەم راگوزەرە خۆی دەخاتە بەردەست قەرەباڵغییەکە، حاڵەتی مرۆیی لەدەستدەداو دەچێتە حاڵەتی شتەوە.[26] بەلای بۆدلێرەوە کەسی راگوزەر پاڵەوانێکی مێژووییە، چونکە جورئەتی ئەوەی تێدایە خۆی بخاتە پاڵ ئەو خەڵکەی ژەهرە کوشندەکەیان خواردۆتەوە. بەلای بینیامینەوە ئەم کەسە راگوزەرە بەرجەستەکەری ئاگامەندی نارەسەنی قۆناخەکەیە. ئەو ژەهرەی ئەم راگوزەرە لە گەڵ خەڵکەکەدا دەیخواتەوە، شتێکیتر نییە جگە لەو ئاگامەندییەی ئەو قۆناخە، کە لەرێی کۆمەڵگە شمەك بەرهەمهێنەرەکەوە بریقو باقێکی پێبەخشراوەو هەوڵدانێکیشە بۆ خۆدەرخستن لە شێوەی کارێکی هونەریدا. لە رێگەی خۆکردن بە شت، راگوزەریش دەبێتە بەشێك لەو شتانەی بۆ فرۆشتن ئامادەکراون.

لە (Das Kunstwerk im Zeitalter seiner technischen Reproduzierbarkeit) بینیامین هەوڵیداوە بۆ تێگەیشتن لە بایەخی کولتووریی لە بەرهەمهێنانەوەی تەکنیۆلۆجیدا بۆ چێژوەرگرتن لە هونەرو بۆ دیاریکردنی بایەخو ئەرکەکانی هونەر لە

[26]- Walter Benjamin, Das Paris des Second Empire bi Baudelaire, (1939)



ژیانی کۆمەڵایەتیدا. بە شێوەیەکی بەرچاو فیلم، فۆتۆگرافی، رادیۆو چاپەمەنییەکان بوونەتە کەرەستەی گرنگ بۆ ئەم لێکۆڵینەوەیە. بەرهەمهێنانەوەی کارە هونەرییەکان بە هۆی تەکنۆلۆجیاوە دەبنە هۆی لەدەستدانی خەسڵەتی تاکمەندێتی ئەو کارە هونەرییانەو هەروەها تێکشکانی تریفەکەیان. " ئەو کارە هونەرییە، چەند نزیکیش بێ، ئێمە وەك یەکجار بەدیارکەوتنی دوورەدەستێك پێناسەی دەکەین."[27] ئەو تریفەیە کە نرخو بەهای کارە هونەرییەکە لەخۆدەگرێ، خاوەن پلەو پایەیەکی بەرزو بۆ خەڵکە رەشۆکییەکە دەست پێڕانەگەیشتووە، بەڵام لەرێگەی بەرهەمێنانەوەی تەکنیکییەوە ئەو بەرزیو بڵندییە لە دەستدەداو دەهێنرێتە خوارەوە بۆ نێو واقیعی کۆمەڵایەتی خەڵکەکە. ئیتر ئەرکەکەی جارانی لە دەست دەدا کە لە بواری ریتواڵی ئایینیدا هەیبوو، دەبێتە خاوەن ئەرکێکی پراکتیکی، بە تایبەتی لە بواری سیاسیدا. بەلای بینیامینەوە کاریگەرێتی تەکنیك لەسەر هونەر هەمەلایەنەیە، بەها تەقلیدییەکەی هونەر ناهێڵێ. لە رێگەی هۆکارەکانی بەرهەمهێنانەوەی تەکنیکییەوە رۆڵێکی دیموکراسییانەو ئازادانە دەبەخشرێتە هونەر. لە میانەی گۆڕینی

[27] - Walter Benjamin, Das Kunstwerk im Zeitalter seiner technischen Reproduzierbarkeit, s. 479, (1936).

شێوازی بیرکردنەوە لە قوڵبوونەوە لە یادەوەرییەکانەوە بۆ چالاکییە کات بەسەربەرەکانی ئێستا، تەکنیك شوێنپەنجەی خۆی بە ئاڕاستەیەکی دیاریکراو بەسەر ئەو شێوازی بیرکردنەوەیەدا دەسەپێنێ. خەڵکی وەك چۆن سەیری یارییەکی وەرزشی دەکەن، هەر بە هەمانشێوەش سەیری کارە هونەرییەکان دەکەن. شارەزایانەو بێلایەنانە سەرنجدەدەنە بەرهەمە نمایشکراوەکان‌و شێوازێکی رەخنەگرانەیان دەبێ بۆ راڤەکردن. لە چۆنیەتی روانینە جۆربەجۆرەکانەوە بۆ کارەکانی هونەرمەندان هەر لە بیکاسۆوە تا دەگا بە چاپلن ئەم سەردەمی بەرهەمهێنانە هەلومەرجی مێژوویی بۆ بەشداریی چالاکانەی زۆربەی خەڵکی لە ژیانی کولتووریدا دەرەخسێنێ.

بینیامین روانینێکی گەشبینانەی بۆ تەکنیکی بە پیشەسازیکردنی هونەر هەیە. سەرەرای ئەو پەیوەندییە تایبەتییانەی ئەم تەکنیکە نوێیەیان پێوە گرێدراوە، ئەوا هەر دەبێ گۆڕانکاریی شۆڕشگێڕانە لە ژیانی کولتووریدا بێنێتە ئاراوە. تا سەرمایەی فیلمسازی بڕیاردەربێ، مرۆڤ ناتوانێ بە شێوەیەکی گشتی وەك لایەنێکی شۆڕشگێڕ بڕوانێتە هونەری فیلمسازی، بەڵکو دەکرێ وەك لایەنێکی هاندەر بۆ دروستبوونی رەخنەیەکی



شۆڕشگێڕانە سەبارەت بە جۆرە باوەکانی نمایشکردنی هونەر سەیر بکرێ.

ئەو بەرهەمە تەکنیکییە دەبێتە هۆکار بۆ دروستبوونی پەیوەندییەکی یەکجار نوێ لەبواری پراکتیزەکردنە هونەرییەکاندا. بە پێی وەسفکردنی خودی بینیامین لە Der Autor als Produzent دا، دەستەواژەی (دووبارە ئەرك بۆ دیاریکردن)ی بۆ بەکارهێنراوە.

"بە رەچاوکردنی گۆڕانکارییەکانی شێوازی بەرهەمهێنان‌و ئامرازەکانی بەرهەمهێنان... برێخت چەمکی دووبارە ئەرك بۆ دیاریکردنی داهێنا، ئەو یەکەم کەس بوو کە ئەو داواکارییە گەورەیەی رووبەڕووی روناکبیران کردەوە: کە هیچ شتێك نەخەنە بەردەم ئەو ئامێری بەرهەمهێنانە گەر تا ئەوپەڕی توانا کاریگەر نەبێ بۆ پەیامی سۆسیالیزم."[28]

بە وردبوونەوە لە هاتنە سەر دەسەڵاتی نازیزم لە ئەڵمانیا، بینیامین تێگەیشت کە پیشەسازیی کولتووری دەتوانێ .."بەشێوەیەکی سەیر ژمارەیەکی زۆری بابەتە شۆڕشگێڕییەکان وەك پڕوپاگەندە بەکاربهێنێ‌و بیانخاتە خزمەت ئەو

[28] Walter Benjamin, Der Autor als Produzent, s. 104, (1939). In Versuche uber Brecht, Frankfurt, 1966.

دەسەڵاتەوە..."[29] هەربۆیە ئەرکی هونەرمەندە سۆسیالیستەکانە هونەرێك بەرهەمبهێنن، کە نەتوانرێ لەلایەن ئامێرە کولتوورییە فاشیستییەکەوە بۆ سوود لێوەرگرتن بەکاربهێنرێ. لەم بوارەدا گرنگ ئەوە نییە هونەرمەند چ هەڵوێستێکی سەبارەت بە شێوازی بەرهەمهێنانی ئەو قۆناخە هەیە، بەڵکو گرنگ ئەوەیە بە کردەوە لایەنی کام شێوازی بەرهەمهێنان دەگرێ. لێرەوە بینیامین خۆی لەو بۆچوونە بەدوور گرتووە دەربارەی ئیستاتیکای سۆسیالیستی، کە بەلایەوە ناوەڕۆکی بابەتە هونەرییەکە، واتە لایەنگرێتی چارەسەری سیاسی هەنگاوبەهەنگاو، فاکتەرێکی یەکلاکەرەوەیە بۆ ئەرکە سۆسیالیستییەکەی هونەر. لەبری ئەوە پێشنیازیکردووە با هونەرمەند لە داهێنانە هونەرییەکەیدا رەچاوی ئەو پرنسیپە تەکنیکییانە بکا، کە لە بواری داهێنانەکەدا پێویستن. دەبێ لە رێی شێوازە تەکنیکییەکەوە رێگە لە بەکارهێنانی هونەرەکەی بگرێ بۆ مەبەستی بەکارهێنان لە پیشەسازی کات بەسەربردندا. لەژێر کاریگەرێتی بیرتۆلد برێختدا بینیامین داوای جۆرە هونەرێك دەکا، کە تەنیا پەیامی سیاسی لەخۆنەگرتبێ، بەڵکو لەرێگەی شێوازە تەکنیکییەکەیەوە دەبێتە رێگەنیشاندەر بۆ جەماوەرەکەی بۆ

[29] - هەمان سەرچاوەی پێشوو



چۆنییەتی مامەڵەکردن لەگەڵ پەیامەکەدا لەرووی پراکتیکییەوە. دەبێ جەماوەرەکە لە تێڕوانینو تێڕامانێکی نێگەتیڤانە رزگاربکرێنو بکرێنە هەڵسەنگێنەری چالاكو رەخنەگرانە بەشداری بکەن. بینیامین شانۆنامە تراژیدییەکانی برێختی وەك نموونە هێناوەتەوە، کە تەکنیکێکی تایبەت بە خۆیان هەیە، هەمیشە بێئەنجام ناکۆکییە دراماتیکییەکان بێچارەسەر جێدەهێڵێ. ئەم تەکنیکە بینەران هاندەدا ناکۆکییەکانی نێو شانۆنامەکە بە ناکۆکییەکانی نێو ژیانی خۆیان بەراوردبکەن. شانۆ لە ئەرکی تەنیا کات بەسەربردنەوە دەگۆڕدرێ بۆ پرۆسەیەکی فێرکردن، بە تاقیگەیەکی کۆمەڵایەتی. شانۆی برێخت ئەو هەلوتوانایانەی بەهۆی تەکنیکی نوێو دیدی رەخنەگرانەی بینەرانەوە دێنە ئاراوە، بەگەڕدەخا.

بینیامین هەرزوو، پێش ئەوەی بەتەواوی بڵاوببێتەوە، هەستی بەگرنگی بەرهەمهێنانی کولتوور بە هۆی تەکنیکەوە کردبوو، هەر لەو روانگەیەوە هەستی بە پێویستی بوونی تیۆرییەکی ئیستاتیکی کردووە دەربارەی بە ئازادی پراکتیزەکردنی کولتوور لە سەردەمی زاڵبوونی بەپیشەسازیکردنی کولتووردا. لێرەوە هێزو توانای سەلماندن لە بۆچوونە فەلسەفەییەکانی بینیامیندا دەربارەی

کولتوور بەدیاردەکەونو بۆتە خاوەن پێگەیەکی پێشکەوتوو لە فەلسەفەی کولتوورو هونەری هاوچەرخدا. هەڵبەتە بەئاشکرا دیارە، کە بینیامین لەژێر کاریگەرێتی ئەو بۆچوونە باوە هاوچەرخەدا بووە، کە ئازادبوونی بەدەرئەنجامێکی ئۆتۆماتیکی ئەو نوێبوونەوە تەکنۆلۆژییەی سەردەم زانیوە.

**مەسیحو مێژووی فەلسەفە**

لەکاتی نووسینی (Uber den Begriff der Geschichte)دا بە ماوەیەکی کەم بەر لە مردنەکەی، بینیامین کاری لەسەر 28 تێزی مێژووی فەلسەفە دەکرد. ئەوە لە کاتێکدا بوو، کە کارەساتە جیهانییەکە بە تەواوی ئاشکرادەبوو. فاشیزم بزووتنەوەی کرێکارانی بەزاندبوو، ساڵی 1940 لە هەموو بەرەکاندا سەرکەوتنی بەدەستهێنابوو. پەیمانی یەکێتی سۆڤییەت بۆ پەلامارنەدانی هیتلەر بەلای بینیامینەوە وەك خیانەتێك بوو بەرانبەر هێزە ئەنتی فاشیستییەکانو تروسکایی هیچ هیوایەکیش بۆ راگرتنی نازییەکان نەمابوو.

"کاتێك ئەو سیاسەتمەدارانەی هیوای دژە فاشیستییەکان بوون، پشتیان دراوە لە زەویو دان بە شکستهێنانی خۆیاندا



دەنێنو خیانەت لە کێشەکەی خۆیان دەکەن، ئەوا (بیرکردنەوە مێژووییەکە) ئامانجی ئەوەیە منداڵە سیاسییەکانی دنیا لەو تۆڕە رزگار بکا کە تیایدا گیریانخواردووە.[30]

زمانو شێوەی دەربڕین لەم تێزانەدا زۆر رەشبینانەن، بۆنی کۆتایی دنیا، ئاخرزەمانیان، لێدێ. لە رووە مێژووییەکەیەوە وەك وەسێتنامەی فەلسەفەیی بینیامین خۆی دەنوێنێ.

هەروەك لەو چەند رستە خوازراوەی لای سەرەوە دەردەکەوێ، بینیامین دوو ئامانجی هەبووە، لەلایەکەوە ویستوویەتی حساب لەگەڵ ئەوانەدا بکا، کە خیانەتیان لە کێشەی ئەنتی فاشیستییەکان کردووە. لێرەدا بە پلەی یەکەم ناوی سۆسیال دیموکراتە ئەڵمانییەکان هێنراوە، لەلایەکیتریشەوە رەخنەکە ئاراستەی بزووتنەوەی کۆمۆنیستی ئینتەرناسیۆنالی کراوە. وەك فەیلەسوف بینیامین هێرشیکردۆتە سەر ئەو تیۆرییە مێژووییەی ئەم بزووتنەوە رامیارییانە وابەستەی بوون. ئەم تیۆرییە مێژووییە باوەڕێکی کوێرانەی بە پێشکەوتنە تەکنیکیو مێژووییەکان هەبووە. "هەڵسەنگاندنەکە لەوێوە دەستپێدەکا، ئەم سیاسەتمەدارانە

[30] - Walter Benjamen, Uber den Begriff der Geschichte, s. 698, Gesammelte Schriften, bd1 ,2 frankfurt 1974.

سەرسەختانە باوەڕیان بە بەرەوپێشچوون هەبووە، باوەڕیان بە بوونی بنکەی فراوان و لایەنگیریی لەنێو جەماوەردا هەبووە، هەروەها خۆگونجاندنیشیان بە شێوەیەکی ملکەچکەرانە بۆ ئامێرێکی جڵەو لەدەست دەرچوو، ئەم سێ لایەنە هەموویان هەر رووی یەك شتن."[31] بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ ئەم تێزانە وەك بانگەشەی پەشیمانبوونەوەی بینیامینە لەو باوەڕەی کە هەیبووە بۆ میکانیزمە ئازادیبەخشەکانی پێشکەوتنی تەکنۆلۆژیا. ئەم باوەڕە کوێرانەیەی بە پێشکەوتن وەك ئەو تۆڕە هێناوەتە پێشچاو، کە مناڵە سیاسییەکانی دنیا گیریان تیاخواردووە.

منالە سیاسییەکانی دنیا هێمایە بۆ گەڕانەوەی مەسیح، واتە بۆچوونی جوو دەربارەی شادبوون بە بەهەشت. بە بڕوای ئایینی جوو سەرزەمین بۆ بوون بە مەلەکوتی خودایی هەقیقەتێکی مێژوویییە. هەربۆیە بینیامین توانیویەتی ئەم بۆچوونە ئایینییە دەربارەی بەهەشت بەشێوازی بەکارهێنانی تێرمە سیاسییەکان راڤەبکا. لێرەدا دەگەینە تێگەیشتن لە ئامانجی دووەمی تێزەکان: "لەهەموو قۆناخێکدا پێویستە هەوڵی نوێ بدرێ بۆ رزگارکردنی ئەو باسانەی (دەربارەی مەسیحن) لەو چەقبەستوویییەی خەریکە

[31]- هەمان سەرچاوەی پێشووو، لا 698



بەسەریدا زاڵدەبێ. مەسیح تەنیا وەك رزگارکەر نایەت، بەڵکو وەك سەرکەوتوو بەسەر دەجالدا دەگەڕێتەوە."[32] بە بۆچوونی بینیامین ئەوە ئەرکی مێژوویی فەلسەفەیە کە یادەوەرییەکان دەربارەی مەسیح لەو باوەڕە کوێرانەیە بە دوارۆژ رزگاربکا، کە بە پەنابردنە بەر لۆژیك یادەوەرییەکان وەلاوەدەنێ، چونکە ئەم رووی لە داهاتووەو یادەکانیش تەنیا بۆ دواوە دەڕۆن. کەواتە هەر چرکەیەکی رەوتی مێژوو هەڵگری پرشنگێکە لە وێنەی گەڕانەوەی مەسیح. پێویستە مێژوونووسین ئەم وێنانە لە رەوتەکە جیابکاتەوەو بیانپارێزێ. لێرەدا بینیامین دەگەڕێتەوە بۆ ئەو بیروبۆچوونەی رەوتی مێژوو وەك (دەق) تەماشادەکا، کە قابیلی خوێندنەوەو تەئویلکردنە. مێژوونووسین پێویستە جەخت لەسەر یادکردنەوەو هیوا بوون بە رزگارکردنی مەسیحییانەبکات. تەنیا بەم شێوازە دەتوانرێ دەجال، واتە فاشیزم لەناوببرێ. "ئەوکاتە ئێمە وەك ئەرکی خۆمان کاریگەریمان دەبێ لە هێنانەدی ئەو بارەی لەو چرکەیەدا بە نائاسایی دادەنرێ‌و لەو رێگەیەوە پێگەمان لە خەباتدا دژ بە فاشیزم بەهێزتر دەبێ."[33]

[32]- هەمان سەرچاوەی پێشووو، لا 695

[33]- هەمان سەرچاوەی پێشوو، لا 697

ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ چارەنووسی گەلی جوودا لەسایەی نازیزمدا بۆتە هۆی سەرهەڵدانەوەی بۆچوونەکانی ئایینی جوو لە فەلسەفەکەی بینیامیندا. گەرچی ئەو هەردەم لە نووسینەکانیدا دەربارەی ڕزگاربوون تێرمە مارکسیستییەکانی وەك شۆڕش‌و خەباتی چینایەتی بەکارهێناوە، بەڵام باوەڕی نەماوە بە مۆدێلێکی چارەسەرکردنی سیاسییانە. جگە لە چارەسەرە ئاینییەکە هیچ دەروازەیەکیتر شك نابا. لە وێنەیەکی تەڵخ‌و ئاڵۆزدا بینیامین ڕەشبینییەکی قوڵی بەرانبەر ڕەوتی مێژوو لا دروستبووە. مرۆڤایەتی بەو فریشتە مێژووییە دەچوێنێ، کە بەناچاری بەرەو داهاتوو پەلکێش دەکرێ وەك بڵێی بەرەو کارەسات دەچێ.

"بەڵام لە بەهەشتدا زریانێك هەڵدەکا، باڵەکانی توند بە لەشیەوە دەنووسێنێ، بەجۆرێك فریشتەکە ناتوانێ بیانکاتەوە، ئەم زریانە بێبەزەییانە بەرەو ئەو داهاتووەی ئەم پشتی لێیەتی، ڕاپێچیدەکا. لەبەردەمیشیدا شوێنەوارە ڕووخاوەکانی ئاسمان لەبەرچاویدا زۆردەبن. ئەوەی ئێمە بە پێشکەوتن ناویدەبەین، ئەم زریانەیە."[34]


[34]– هەمان سەرچاوەی پێشوو، لا 697–698



هەروەك فریشتەکە، بینیامینیش چاوەکانی بڕیوەتە ڕابوردوو، دوور لەو جەنگە جیهانییەی ئەو کاتە سەرەتای سەرهەڵدانێتی. ئەمە کاریگەرییەکی گەورەی لەسەر میتۆدە فەلسەفەییەکەی دەبێ. ئەو کێشمەکێشەی نێوان تیۆلۆجی‌و مارکسیزم، کە لەساڵانی بیستەکانەوە ببوە مۆرکی فەلسەفەکەی ئەم، بە سەرکەوتنی لایەنی تیۆلۆجی کۆتایی دێ. بینیامین بۆ وێناکردنی پەیوەندی نێوان ماتریالیزمی مێژووی (واتە مارکسیزم)و تیۆلۆجی وێنەی ئامێرێکی یاری شەترەنجی هێناوەتە بەرچاو، ئەم ئامێرە بریتییە لە قەرەقۆزێك کە هەمیشە وا یاریدەکا کە ئامێرەکە یارییەکە بباتەوە. لە ژێر مێزی شەترەنجەکەدا بستەباڵایەك دانیشتووە، کە یاریزانێکی کارامەی شەترەنجە، ئەم لەو ژێرەوە یارییەکە ئاڕاستەدەکاو بووکی قەرەقۆزەکە تەنیا ئامرازێکی میکانیکییە. بینیامین ئەم قەرەقۆزەی بە ماتریالیزمی مێژوویی چواندووە، کە لە هەموو سیستمێکی فەلسەفەییتر چاکترە، گەر لەلایەن ئەو بستەباڵایەوە، کە هێمایە بۆ تیۆلۆجی، ئاڕاستە بکرێ. لەم وێنەیەدا کلیلی تێگەیشتن لە باسکردنە تیۆرییەکەی تێزەکانی مێژووی فەلسەفەمان چنگ دەکەوێ. مارکسیزم خۆی تەرخاندەکا بۆ باسکردنی پەیوەندی ئۆبژێکتیڤی نێوان ئێستاو مێژوو. بەڵام

ئەرکەکـەی تـەنیا باسـکردنێکی زمانەوانییـە بـۆ لێکدانەوەیـەکی قوڵترو یادهێنانەوە. ئەمەش لـە قـازانجی تیۆلۆجییـە. بینیـامین تـا رادەیەك گەڕاوەتەوە بۆ خاڵی سەرەتا.






هێربێرت مارکۆزە (1898–1979) لە ناو خێزانێکی جـووی سەرمایەداردا لە بەرلین لە دایك بووەو پەروەردەکراوە. سـەرەتا لـە زانکۆی بەرلین‌و دواتر لە زانکۆی فرایبۆرگ خوێندوویەتی، لە ساڵی 1922 لە فرایبـۆرگ دکتـۆرای لـە فەلـسەفەدا وەرگرتـووە. چـەند ساڵێك دواتریش هەر لەوێ ماوەتەوە بۆ خوێنـدن. مـارتن هایدیگـەر لەڕێگەی وانەوتنەوەکانییەوە لەوێ کاریگەرییەکی بەرچاوی هەبووە لە سەر شێوازی بیرکردنەوەی مارکۆزە، ئەم کاریگەرییە بە تایبەتی

له یەکەم کاری فەلسەفەیی مارکۆزەدا دەردەکەوێ، کە بەناوی (ئۆنتۆلۆجی هیگڵو دانانی بناغە بۆ تیۆرییەك دەربارەی (مێژوویتی)) (Hegels Ontologie und die Grundlegung einer Theorie der Geschichtlichkeit) ساڵی 1932 نووسیویەتی. ئەو چەمکانەی لەم ناونیشانەدا بەکارهێنراون، وەك ئۆنتۆلۆجی و مێژوویێتی، نیشانەن بۆ ئەوەی مارکۆزە تێگەیشتن‌و تێڕوانینی بۆ هیگڵ لە هەمان ڕوانگەی کێشەیی ئۆنتۆلۆجییەوە بووە، کە کرۆکی بیرکردنەوەی هایدیگەر بووە. لە (ئۆنتۆلۆجی)یەوە هایدگەر تێگەیشتنی فەلسەفەیی خۆی هەبووە بۆ تێگەیشتن لە هەبوونی بوون، واتە ئەو هەبوونەی کە پێشمەرجە بۆ ئەو بوونەی کە هەیە. لە بەرانبەریشدا چەمکی مێژوویێتی بریتییە لەو (جووڵە بەردەوامە)ی پێشمەرجە چ بۆ ڕووداوە ڕاستەقینەکانی مێژوو، چ بۆ ڕەوتە بەردەوامە کۆنکرێتییە مێژووییەکە.

بەڵام کارکردن لەسەر ئەم شێوازە هەرخێرا ڕووەو کزبوون ڕۆیشت، چونکە مارکس‌و مارکسیزم سەرنجی مارکۆزەیان بەلای خۆیاندا ڕاکێشا. سەرەتا پلانی هەبوو بۆ پێکەوە موتوربەکردنی فەلسەفەی مارکس‌و هایدیگەر، کە پرۆژەیەکی زۆر سەخت بوو. بەرە بەرە مارکۆزە دەسبەرداری بابەتی ئۆنتۆلۆجییەکە بوو،



ئەمەش تا ڕادەیەکی زۆر بە کاریگەرێتی ماکس هۆرکهایمەرو گروپی فەلسەفەی ڕەخنەگەری چواردەوری ئەنستیتوتی لێکۆڵینەوە کۆمەڵایەتییەکان بووە لە فرانکفۆرت. دوای ئەوەی هیتلەر ساڵی 1933 دەسەڵاتی گرتەدەست، مارکۆزە لەگەڵ ئەم ئەنستیتوتە کۆچیکردووە بۆ سویسراو دواتریش ساڵی 1934 چووە بۆ نیویۆرك‌و لەوێ ئەندامێکی کارا بووە لە ئەنستیتوتەکەدا.

چ پاڵنەرێك هۆکاربووە بۆ وەرچەرخانی ڕادیکاڵانەی مارکۆزە لە ئۆنتۆلۆجییەوە بەرەو فەلسەفەی ڕەخنەگری؟ دەکرێ لە میانەی خوێندنەوەی کتێبی دووەمی مارکۆزەوە دەربارەی هیگڵ بەناوی (عەقڵ‌و شۆڕش: هیگڵ‌و سەرهەڵدانی تیۆری کۆمەڵگە) کەساڵی 1941 بڵاویکردۆتەوە، هەندێك زانیاریمان دەستکەوێ. ئەوەی لێرەدا سەرنجی مارکۆزەی ڕاکێشاوە، بە پێچەوانەی کتێبی یەکەمەوە، ئەو لایەنە فەلسەفەییەی هیگڵە، کە ڕەخنە لە کۆمەڵگە دەگرێ. ئەم لایەنە لە ئۆنتۆلۆجیدا هیچ بوونێکی نییە. وەك وانەیەك دەربارەی ئەوەی پێش هەر دیاردەیەکی کۆنکریتی مێژوویی دەکەوێ، ئۆنتۆلۆجی بە ناچارەکی فۆرمێکی ئەبستراکت، کە قابیلی ڕەخنە لێگرتن نییە، دەگرێتە خۆ. هەروەها ئۆنتۆلۆجی لە بوارەکانی سیاسی‌و مۆراڵی‌و ئایینیدا خۆی بێلایەن دەهێڵێتەوە.

ئەم پرنسیپە بێلایەنییانەی ناچاریدەکا هەمیشە تەنیا لەگەڵ فۆرمە نەگۆڕەکانی کۆمەڵگەو دەسەڵاتدا بمێنێتەوە. لەبەر بێلایەنییەکەی توانای رەتکردنەوەی نییە. کاتێك ئەم چەمکە فەلسەفەییانە، بەمشێوازە خەسڵەتێکی ئەبستراکت وەردەگرن، دەکرێ لە هەر بوارێکی واقیعی کۆنکرێتیدا بەکاربهێنرێن، واتە بە ناچاری دەبن بە چەمکی ئایدۆلۆجی.[35] بۆ نموونە کاتێك هایدیگەر توانی بچێتە ناو ریزەکانی حزبی نازییەکانەوە، ئەوە دەرئەنجامی فەلسەفەکەی ئەو نەبووە. بەڵام بەو واتایەش نییە کە جۆرە پەیوەستبوونێکی لەمشێوەیە مەحاڵەو بیری لێناکرێتەوە.

گەر فەلسەفەیەك بیەوێ وەك داهات بۆ بارە باوەکە ئەژمار نەکرێ، دەبێ بە ئاشکرا پەنا بەرێتە بەر شێوازی رەخنەگری. هەر لەوێشەوە فەلسەفەکە خەسڵەتێکی زیاتر کۆنکرێتی وەردەگرێ، چونکە ناچار دەبێ خاڵێکی دەسپێکی دیاریکراوی بۆ هەر هەقیقەتێکی مێژوویی هەبێ.

خاڵی هەرە دیار لە فەلسەفەکەی مارکۆزەدا، لەپاش دابڕانی لە ئەنتۆلۆجی، هەوڵدانی بێوچانییەتی بۆ رەخنەگرتن لە هەموو لایەنە دامەزراوە تەقلیدیو پەسەندکراوەکان. هەوڵدانێك کە بە شێوەیەکی

[35]- Marcuse, kultur und Gesellschaft 1, s. 65 (1948 -1968).



کۆنکرێتیانەتر خۆی لە پرسیارکردن سەبارەت بە هۆکارە مێژووییو کۆمەڵایەتیو ئابوورییە شاراوەکانی ئەو لایەنە دامەزراوانەوە دەبینێتەوە. هەرچەندە فەلسەفە خۆی بۆ خۆی پەیوەستە بە کۆمەڵگەو مێژووەوە، هەروەها بە پێی سروشتی جەوهەریی خۆی دەبێ پەنا ببا بۆ چەمکە ئەبستراکتەکان، کە مارکۆزە نکوڵی لەمە ناکا، بەڵام بەلایەوە فەلسەفە هەر دەبێ رەخنەگرانە بێ، چ جۆرە فەلسەفەیەکیتر ناتوانێ، بە پەنابردنە بەر چەمکەکان، ئەو کۆمەڵگەیەی خۆی تێپەڕێنێو بگاتە ئەو جۆرە راستەقینانەی کە نالوێن دەربارەی ئەو کۆمەڵگەیە خوردبکرێنەوە. بۆ نموونە: چەمکی گشتی فەلسەفەیی (ئازادی) بە جۆرە لێکدانەوەیەك ئەبستراکتە، بەڵام دەکرێ وەك پرۆتێستێك بۆ فۆرمە باوە بەکارهاتوەکانی ئازادی لە کۆمەڵگەیەکی دیاریکراودا بەکاریبهێنین. ئەم جۆرە چەمکە، دەتوانرێ بە شێوەیەکی تەواو بەکاربهێنرێو ئاماژەبێ بۆ فۆرمی کۆمەڵگەیەك، کە بە چ شێوازێکی گشتیو هەمەلایەنی تیایدا بەکاردەهێنرێن. ئەبستراکتێکە لێرەدا بۆ ئەوە نییە دەسبەرداری پەیوەندییە راستەقینەییەکە ببین، بەڵکو بۆ بایەخدانە بە رەوشی داهاتووی مرۆڤەکان.[36]

[36]- Marcuse, kultur und Gesellschaft 1, s. 122 (1937 -1968).

دوای دابڕان لە ئۆنتۆلۆجی، لایەنە تەواو جیاوازەکانیتری فەلسەفەی هیگڵ بەهەمانهێزو گوڕەوە سەرنجی مارکۆزەیان بەلای خۆیاندا راکێشابوو.

نۆرمە رەخنەیی‌و عەقڵانییەکانی هیگڵ، بە تایبەتی دیالێکتیکەکەی، دەبێ لەگەڵ واقیعی باوی کۆمەڵایەتیدا بکەونە ناکۆکییەوە. لەبەر ئەو هۆیە دەتوانرێ سیستمەکەی ئەم بە (فەلسەفەی نێگەتیڤ) ناوزەدبکرێ، ئەو ناوەی کە رەخنەگرە هاوچەرخەکان پێیان بەخشیوە.[37]

### ئیرۆس‌و شارستانی

ساڵی 1940 مارکۆزە رەگەزنامەی ئەمریکی وەرگرت، کە ئەمریکا چووە نێو جەنگی دووەمی جیهانییەوە، ئەم بانگکرا بۆ خزمەتکردن لە ئۆفیسی خزمەتگوزارییە ستراتیجییەکان (OSS)، کە یەکەم دەزگای مەزنی زانیاریی نهێنیی ئەمریکا بوو. پاش جەنگ کە (OSS) ئاراستەی کارەکانی لە ئەڵمانیاوە رووەو یەکێتی سۆڤییەتی کۆمۆنیستی گۆڕی، مارکۆزە بۆ ماوەی چوار ساڵ وەك بەرپرسی بەشی سەنترالی ئەوروپا کاریکردووە. لە دەرئەنجامی کارکردنیدا

[37]- Marcuse, Reason and Revolution, s. VII (1941, London 1973).



سەبارەت بە پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی سۆڤییەت‌و ئەوروپای رۆژهەڵات، ساڵی 1951 ئەم بووە بە مامۆستا لە پەیمانگای رووسی سەر بە زانکۆی کۆلۆمبیا، هەروەها ساڵی 1952 مامۆستا بووە لە پەیمانگەیەکی هاوشێوەدا، کە سەر بە زانکۆی هارڤارد بووە. ئەنجامی کارەکانی ئەمساڵانەی لە دووتوێی کتێبی (مارکسیزمی سۆڤێتی، شیکردنەوەیەکی رەخنەگرانە)دا ساڵی 1958 بڵاوکردۆتەوە. لێرەدا باسی لە شێوازی کۆنکرێتی مارکسیزمی سۆڤێتی کردووەو رەخنەی ئاراستەکردووە.

ساڵی 1954 مارکۆزە بووە بە پرۆفیسۆر لە سیاسەت‌و فەلسەفەدا لە زانکۆی براندایس لە ماساچوسێت. ساڵی دواتر کتێبی (ئیرۆس‌و شارستانی، هاوبەشییەکی فەلسەفەیی بۆ سیگمۆند فرۆید) (Eros and civilization, A philosophical contribution to Sigmund Freud)ی بڵاوکردەوە. لەم کتێبەدا، کە رەنگە هەرەگرنگترین کتێبەکانی مارکۆزە بێ، هەروەها لە کتێبەکانی دواتریشیدا، رەخنەگرتن لە شارستانێتی و کولتووری کرۆکی فەلسەفەکەی پێکدێنن.

لە ئیرۆس‌و شارستانێتیدا، مارکۆزە خاڵی سەرەکی لە فرۆید خواستووە، کە بەلایەوە هەموو شارستانییەك لەسەر بنەمای

چەپاندنی بەردەوامی وزەی مرۆڤەکان بنیاتنراوە.[38] ئەم پشتگیری لە باوەڕە دووڕەهەندییەکەی فرۆید دەکا دەربارەی بوونی وزەیەك بۆ ژیان(ئیرۆس)و وزەیەك بۆ مردن (تاناتۆس) (لە میتۆلۆجیای گریکیدا ئیرۆس خواوەندی خۆشەویستییە و تاناتۆس خواوەندی ئازارو مەرگە. وەرگێڕ). هەروەها ئەو تیۆرییەش کە دەڵێ تاك لە بنەڕەتەوە بە پێی پرنسیپی ئارەزوو دەجوڵێتەوە. بەواتای گەڕانێکی بێسنوور بەدوای ئارەزووتێرکردندا. تەنانەت لە شارستانێتیو لە کولتووریشدا، پرنسیپی ئارەزووەکە دەگۆڕدرێ بۆ پرنسیپی واقیعی. تاك فێر دەبێ کە ناکرێ یەکسەر پێویستییەکانی دابینبکرێ. بە لای فرۆیدەوە لەپشت پرنسیپی واقیعبوونەوە، پێویستییەکی ژیاریی بنەڕەتی هەیە. خەبات لە پێناوی ژیاندا، لە جیهانێکدایە کە ناتوانرێ تیایدا هەموو پێویستییەکانی مرۆڤ بێزەبروزەنگو تۆڵەو نەداریو پاشکەوتن دەستەبەربکرێ.[39] ئەمە هۆکاری سەرەکییە بۆ ئەوەی شارستانێتی بەناچاری بەمشێوە توندوتیژە، لەرێگەی ئەو (چەپاندن)ەوە کە مارکۆزە بە (repressiv) زۆرەملێیی ناودەبات، پێداویستییە سەرەتاییەکان و وزەکان دووبارە رێکبخاتەوە. لەبەر ئەو نەدارییە کە کۆمەڵگە

[38]- Marcuse, Eros and Civilisation, s. 3f (1955).

[39] - هەمان سەرچاوەی پێشوو، لا 16– 17



بەدەستییەوە دەناڵێنێ. هەڵبەتە ئەوەی هەیە، بەشی هەموان ناکا، بۆیە دەبێ کۆمەڵگە وزە راستەوخۆکان بە هۆی کارەوە بەش بەش بکا. بەلای فرۆیدەوە پرنسیپی ئارەزوو لەگەڵ واقیعدا ناگونجێ، هەربۆیە پرنسیپی واقیعیو و هێزی مردن سەردەکەون.

کە مارکۆزە دەگاتە ئەو باوەڕەی پێشبینیکردنی دروستبوونی کۆمەڵگەیەکی بێزۆرەملێیی تەنیاو تەنیا ئەندێشەو بیرکردنەوەیەکی یوتۆپیاییە، لەبەر ئەوەیە کە فرۆید دوو سیفەتی سۆسیۆلۆجی–مێژوویی گرنگی فەرامۆشکردووە.[40] فرۆید جیاکاری ناکا لە نێوان زۆرەملێیی(repression)و زیادەڕەوی لە زۆرەملێیدا (surplusrepression)دا. لەبەر ئەوە دەگمەنی وەك فاکتەرێکی سادە، لێتێکەڵاوبووە لەگەڵ ئۆرگانیزەکردنی ئەو دەگمەنییەی کە هەیە. بەرهەمی کۆمەڵگە بە درێژایی مێژووی شارستانیەت هەرگیز بە هاوبەشی بە پێی پێویستیی تاکەکان دابەشنەکراوە. ئەو دابەشکردنە ناعادیلانەیەی شمەکە دەگمەنەکان هەمیشە پاڵەپەستۆیەك بووە لەسەر تاکەکان، بەڵام بەلای مارکۆزەوە ئەوە پێویست ناکا وابێو دەکرێ لە واقیعدا زیادەڕەوییە زۆرەملێییەکە لەگەڵ لەناوبردنی شێوازە دیاریکراوەکەی کۆمەڵگەکە نەهێڵرێ.

[40] - هەمان سەرچاوەی پێشوو، لا 4–5

بەهەمان ئەوجۆرەی کە مارکس جیاکاری نەکردووە لە نێوان زۆرەملێیو زیادەڕەویی لە زۆرەملێیدا، کە بە شێوەیەکی ئەبستراکت باسی لە چەپاندنکردووە، بەهەمانشێوە ئەو شێوازەشی نەبینیوە کە پرنسیپی واقیعی خۆی تیا دەنوێنێ، بە تایبەتی وەك پرنسیپی جێبەجێکردنprestationsprincip[41] ئەمە چ لە ڕۆژئاوابێ یان ڕۆژهەڵات، بێپەیوەست بوون بەو شتانەوە کە پێیان دەگوترێ (کێبڕکێی ئازاد) یان (بەرەوپێشەوەبردنی سۆسیالیستی)، هەموو کارێك بە پێی جۆری جێبەجێکردنەکە ئەنجامدەدرێ.

سەرەڕای ئەمەش، کە مارکۆزە، ئەو هیوایەی هەیە کە دەکرێ لەو کۆمەڵگە واقعییە زۆرەملێییە رزگاربین، ئەوا بە شێوەیەکی پارادۆکسی پەیوەندی بەوەوە هەیە کە کۆمەڵگە خۆی لەخۆیدا پەیوەستە بە ئامانجی لەناوبردنی زۆرەملێییەوە. بە شێوەیەکی واقعییانە دەتوانرا ئەو دەگمەنییە نەهێڵرێو بەو پێیەش کولەمەرگی لە پێناوی ژیاندا نەمایە. واتە نەهێشتنی دەسەڵاتی

[41] - هەمان سەرچاوەی پێشوو، لا 35.




رەهای پرنسیپی واقعی، کە بەرهەمهێنەری چەپاندنە بەلای فرۆیدەوە.

ئەوەی جاران وەك یوتۆپیا لێکدەدرایەوە، لە قۆناخی ئێستای شارستانێتیدا قابیلی هێنانەدییە. ئەم هێنانەدییەش پێویستی بە گۆڕانێکی ریشەیی سیستمی کۆمەڵایەتییە. "ئەمڕۆ خەبات لە پێناوی ژیاندا، خەبات لە پێناو ئیرۆسدا، خەباتێکی سیاسییە". لەم بوارەدا هونەرو فەنتازیا رۆڵێکی گرنگیان هەیە: "لە قبوڵنەکردنی ئەو بەربەستانەی کە پرنسیپی واقعی دەیانخاتە سەر رێگەی ئازادیو بەختەوەری، کە دوا ئامانجن، بە رەتکردنەوەی لەیادکردنی (دەبوایە چۆن بوایە) کاری رەخنەگرانەی فەنتازیا بەدیاردەکەوێ".

## مرۆڤە تاک ڕەهەندەکە

ساڵی 1964 کتێبی مرۆڤی تاك ڕەهەند (-One dimensional man) بڵاوکراوەتەوەو بوو بەو کتێبەی کە لە سەردەمی ڕاپەڕینەکەی گەنجاندا لە کۆتایی ساڵانی شەستەکاندا مارکۆزەی کرد بە یەکێ لە نووسەرە ناودارەکانی جیهان.



بەرگی کتێبی مرۆڤی تاک ڕەهەند

ئەم کتێبە بەردەوامبوونێکی پتەوتری ڕەخنەگرییە لە شارستانێتیو کۆمەڵگە. لێرەدا ململانێکە لەگەڵ ئایدۆلۆجیای زۆر پێشکەوتووی کۆمەڵگەی پیشەسازیدایە. کرۆکی باسەکە لێرەدا دەربارەی چەواشەکردنی سەرتاسەری مرۆڤەکانە، کە بۆتە مۆرکی کۆمەڵگەی مۆدێرن. هەمووشتێك لە نێو یەکتردا توێنراوەتەوە، خەسڵەتی سەرەکی کۆمەڵگە تاك ڕەهەندییەکەیەتی، بۆ تاکەکان جگە لە کۆمەڵگە، هیچ ڕەهەندێکیتر



بوونی نییە. کە چینی کرێکاران لە کۆمەڵگەی سەرمایەداریدا، کە مارکس بە پرۆلیتاریا ناوی دەبردن، هێزی ڕەتدانەوەیان لە دەستدەدەن، بەلای مارکۆزەوە چەند هۆکارێکی خۆی هەیە، کارکردن وەك جاران نەماوە، کە بریتی بێ لە ماندووبوونی جەستەیی، بڕستلێبڕینی فیزیکی. هەژاریش بە هۆی زۆرو زەوەندی بەرهەمی کاڵای بەکاربەرییەوە ڕەوییوەتەوە. بەرکاربردنی یەکجار زۆرو بەرهەمهێنانی یەکجار زۆر جۆرە بەڕێوەبردنێکی نوێو ئاڕاستەکردنی یەکلایەنەی پێداویستییەکانی تاکی لێدەکەوێتەوە.[42] ئاڕاستەکردنەکە بە تەواوی رووەو شمەکە ماتریاڵییەکان دەبێ: ئۆتۆمبیلو تەلەفزیۆن دەبنە شتی بنەڕەتی لە کۆمەڵگەیەکدا کە تاك بەتەواوی دەسەڵات لەدەستدەدا. وەك رووکەش شێوازی بەڕێوەبردنەکە دیموکراتییە، بەڵام لە راستیدا هەموو بڕیارە گرنگەکان، بێئاگاداریی تاکەکان، لەلایەن بیرۆکراتییەکی تەکنۆکراتییەوە دەدرێن.

ئەو ئاستی بژاردەیانەی لەبەردەم تاکەکەساندا دەبن، ئەو فاکتەرە سەرەکییانەنین کە ڕۆڵیان هەبێ لە بڕیاردان دەربارەی ئاستەکانی ئازادی مرۆڤ، بەڵکو بریتییە لەوەی ئایا ئەو تاکەکەسە

[42]- Marcuse, One-Dimensional Man, (1964).

چی هەڵدەبژێرێو دەتوانێ لە راستیدا چی هەڵبژێرێ. رەخنەگرتنەکە دەربارەی ئازادی هەڵبژاردن هەرگیز ناتوانێ بە شێوەیەکی رەها بێ. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بە تەواویی رێژەیی نییە. بە ئازادی هەڵبژاردنی سەردارەکان نابێتە هۆکار نە بۆ نەمانی ئاغاکانو نە بۆ نەمانی کۆیلایەتی.[43]

کە دەبینین زۆر سەختە، گەر نەڵێین ئەستەمە، بتوانین خۆمان لەو گەشبینییە بێبنەمایە قوتار بکەین کە هەموو لایەکی تەنیوەتەوە. لە هەمانکاتدا خەسڵەتی ناعەقڵانێتی تەواو ئاشکرا لەرێگەی کەڵەکەبوونی هۆکارەکانی وێرانکارییەوە خۆی دەنوێنێ، لەبەر ئەوەیە کە چەواشەکارییەکە رۆچۆتە نێو پێداویستییەکانەوە. لە کۆمەڵگەی تاك رەهەنددا، تاك جگە لەو پێداویستییانەی کۆمەڵگە بۆی دەستنیشاندەکا، خۆی هیچ پێداویستییەکی تایبەت بە خۆی نییە.

تاکە بوارێك کە مارکۆزە توانیبێتی وەك گونجاو بۆ خۆڕاپسکان لە جۆرە گەشەکردنەکەو لە هزری تاك رەهەندیو لەوێشەوە بتوانرێ (رەوشەکە بەرەو ئازادی ببا)، لای خوێندکارە

---

[43] - هەمان سەرچاوەی پێشوو، لا 7 .




شۆڕشگێڕەکان بووە، کە بە شێوەیەکی تەواو ویستویانە (رەتکردنەوە مەزنەکە) پراکتیزە بکەن.

سەرەڕای ئەم بۆچوونەش، مارکۆزە سەرنەکەوتنی راپەڕینەکەی خوێندکارانی بەلاوە سەیر نەبوو، کە نەیانتوانی ئەو گۆڕانکارییە رادیکاڵییانەی دەیانویست، لە کۆمەڵگەدا ئەنجامی بدەن. بەڵکو لە بەرانبەردا گەیشتە ئەو باوەڕەی کە گرنگترین کار پاراستنی هونەرە، هەقیقەتی هونەر لەوەدایە کە رەوشە پێدراوەکە تێدەپەڕێنێ، هونەر بە شێوازی تایبەتی خۆی، نوێنەرایەتی .."گشت ئامانجە کۆتاییەکانی شۆڕش دەکا: واتە ئازادیو بەختەوەریی تاك".[44] دوا کتێبی مارکۆزە (The aesthetic dimension) کە 1977 چاپکراوە، بەچڕی بۆ هێشتنەوەی ئەم بابەتە بە کراوەیی تەرخانکراوە.

---

[44]- Marcuse, The aestheticdimension, boston 1978, s. 69.




**هابەرماس وەک نووسەر**

یۆرگین هابەرماس 1929 لە دوسلدورف، ئەڵمانیا، لەدایکبووە. دوای ئەوەی لە 1956دا خوێندنی زانکۆ تەواو دەکا، وەك یاریدەدەری توێژەر لە ئەنستیتوتی لێکۆڵینەوە کۆمەڵایەتییەکان لە فرانکفۆرت دامەزراوە. لە 1961دا لە ماربۆرگ پەرەی بە خوێندنەکەیداو توێژینەوەیەکی بە ناوی



(Strukturwandel der Öffentlichkeit) پێشکەشکردو بوو بە مامۆستای فەلسەفە لە هایدلبێرگ. لە 1965ەوە هابەرماس گەیشتووە بە پلەی پرۆفیسۆر لە فەلسەفەو سۆسیۆلۆجیادا لە زانکۆی فرانکفۆرت. باوەڕ وایە راپەڕینی خوێندکارانی ساڵی 1968 تا رادەیەکی زۆر ئیلهامیان لە رەخنەکانی ئەم بۆ کۆمەڵگە وەرگرتبێ، بەڵام هەر زوو دژیەکییەکی توند لە نێوان داوای خوێندکارە راپەڕیوەکان بۆ گۆڕانکاریی رادیکاڵانەو خواستە ریفۆرمیستییەکانی هابەرماسدا سەریهەڵدا. هابەرماس یەکسەر بوو بە یەکێك لەوانەی رەخنەی توندی ئاڕاستەی بزووتنەوە خوێندکارییەکە دەکرد. لە 1971دا وازی لە پرۆفیسۆرییەکەی لە فرانکفۆرت هێنا، بۆ ئەوەی خۆی تەرخانبکا بۆ توێژینەوە لە ئەنستیتوتی ماکس– پلانك (Max-plank) لە سترانبێرگ، کە ئەنستیتوتێکی تایبەتە بە توێژینەوە دەربارەی زانستە کۆمەڵایەتییەکان. تا 1981 یەکێك بووە لە سەرۆك بەشەکان، ئەو کاتە وەك نارەزایی دەربڕین بەرانبەر پەیوەندییە نێوخۆییەکانی ئەنستیتوتەکە دەستی لەکار کێشایەوە.

هابەرماس یەکێکە لەو فەیلەسوفانەی کە ناتوانرێ بە ئاسانی، بێئاماژەکردن بۆ ئەو لایەنە تەقلیدییانەی ئەم لە نووسیندا پشتی

پێبەستوون، باسی لێوەبکرێ. هەرگیز (بێلایەنانە) خۆی لەقەرەی کێشەیەك نادا، شێوازی مامەڵەکردنەکەی هەمیشە (دیالێکتیکی– مێژوویی)ە: مرۆڤ تەنیا لەو ڕێگەیەوە دەگات بە راستی دەربارەی شتێك، کە رەخنەگرانە گفتوگۆ لەسەر چۆنییەتی گفتوگۆلێکردنی لە رابردوودا بکا. ئەو کاتە ئەو حوکمە لەپێشینانە دەربارەی شتەکە بەدیاردەکەون، کە بوون بە نەریت، بێئەوەی مرۆڤ بەوە بزانێ کە ئەویش بۆخۆی لایەنێکی ئەو بەئەنجام گەیشتنەیە. ئەمجۆرە شێوازی کارکردنو نووسینە کە خەسڵەتێکی جیاکەرەوەی زۆربەی فەیلەسوفە ئەڵمانییەکانی پاش هیگڵە، لای هابەرماس شێوازێکی تەواو ئاشکرایە. ئەم لە نووسینەکانیدا تەنیا لەسەر چەند تەوەرێکی گرنگی فەلسەفەی نوێی ئەڵمانی کار ناکا، بەڵکو زۆربەی لایەنە مۆدێرنەکانی فەلسەفەی ئەنگلۆساکسۆنیش دەگرێتەخۆی. هەروەها زۆربەی کات بەقووڵی رۆدەچێتە نێو زانست دەربارەی دەروونناسی، سۆسیۆلۆجی، مێژوو، ئیکۆنۆمیو زمانناسی.

لە پێشەکی چاپی نوێی (تیۆرییو پراکتیك) (Theorie und Praxis) لە 1971دا، کە چاپی یەکەمی لە 1963دابلاوکرایەوە، هابەرماس نووسیویەتی: مرۆڤ دەتوانێ کارەکانی ئەم بکا بە سێ بەشی سەرەکییەوە، یەکەم لێکۆڵینەوەی



سۆسیۆلۆجیو فەلسەفەی کۆمەڵایەتی، کە ئایا زانستو سیاسەتو دروستکردنی رای گشتی چ رۆڵێکیان لە کۆمەڵگەی سەرمایەداریدا هەیە. بابەتی سەرەکی ئەم بەشە بریتییە لە (Strukturwandel der Öffentlichkeit)ی ساڵی 1962. بەشی دووەم، هەڵسەنگاندنەکان دەربارەی رەوشی مرۆڤایەتیو میتۆدەکانی زانستە کۆمەڵایەتییەکان، لێرەدا کتێبی (بۆ لۆژیکی زانستە کۆمەڵایەتییەکان) (Zur Logik der Sozialwissenschaften) کە ساڵانی 1967و 1970 بڵاوکراوەتەوە. بەشی سێیەمیش دەربارەی توێژینەوەکانە دەربارەی تیۆریی زانیاری و دیارترین کتێب بریتییە لە (مەعریفەو بەرژەوەندی) (Erkenntnis und Interesse)ی ساڵانی 1968و 1973.

هابەرماس، لە حەفتاکاندا، جگە لە بەچاپ گەیاندنی چەندین کتێبیتر دەربارەی فەلسەفەی کۆمەڵایەتیو تیۆریی زانیاری، کۆمەڵێك وتاری وەك هەوڵدانێك بۆ دانانی تیۆرییەکی تایبەت بە زمان بڵاوکردۆتەوە، کە ئەمانەش وەك درێژە پێدانی کارەکانییەتی دەربارەی تیۆریی زانیاری.

**سروشت، ئازادی، ئازادبوون**

پرۆژە گرنگەکەی هابەرماس بۆ دووبارە بنیاتنانەوەی مێژووی مرۆڤ بووە. ویستویەتی باس لە چۆنییەتی سەرهەڵدانی سترکتورە کۆمەڵایەتییەکانو دامەزراوەکانو رازیبوونی گشت پێیان بکا. هەروەها ویستویەتی باسی ئەوە بکا ئایا چۆن مرۆڤ لەرێگەی فەلسەفەوە دەتوانێ خۆی وەك بوونەوەرێکی خاوەن تێگەیشتنو خاوەن توانای هەڵسوکەوت وێنا بکا. هابەرماس بەشێکی سەرەکی ئەم پرۆژەیەی لە شێوەی رەخنەگرتن لە کۆمەڵگەی مۆدێرنو ئەو فەلسەفەو ئەو تیۆرییانەی دەربارەی زانستە کۆمەڵایەتییەکانو لەخزمەتی شەرعییەت پێدانیدان، دەخاتە روو.[45] هۆکاری ئەم رەخنەیەش بریتییە لە چەمکی عەقڵو ئازادی مرۆڤ.

بەبۆچوونی هابەرماس هۆکاری بنەڕەتی بۆ چالاکییە کولتووریو زانستیو کۆمەڵایەتییەکان، گەڕانە بەدوای ئازادکردنی مرۆڤەکاندا. بە شێوەیەك کە تاك سەربەستانە توانای پەیوەندی بەستنی لەگەڵ مرۆڤەکانیتردا هەبێ. بەڵام ئەنجامی چالاکییە مرۆڤایەتییەکان بەجۆرێکن، کە سەربەخۆیانە خۆیان دەکەن بە (سروشتێکیتر)، کە رەنگە بۆ تاکەکەسەکە لە سروشتە یەکەمەکە،

[45] - Habermas, Techn. U. Wiss. Als Ideol, s. 48-145, (1968)…



واتە سروشتە بنەڕەتییەکە، بەزەبروزەنگو بێبەزەییانەتر بێ. هابەرماس لەگەڵ ئایدیالیستە ئەڵمانییەکاندا هاوڕایە دەربارەی ئەوەی ئازادی راستەقینەی مرۆڤایەتی بەو مەرجە دەبێ، کە هەر تاکێك بە پەنابردنە بەر هێزی بیرکردنەوە دوورترین سنوورەکان و ناخی خۆیانو پەیوەستبوونە هەستەکییەکانیان بەروونی ببینن، کە ئەمانە هەموو پێکەوە ئێستای بەدامەزراوەکراوی مرۆڤایەتی پێکدەهێنن. لە هەمانکاتیشدا هابەرماس هاوڕایە لەگەل زۆر لایەنی جەوهەریی لای مارکسو تیۆریی رەخنەگریدا لە دژایەتیکردنیاندا لەگەڵ ئایدیالیستە ئەڵمانییەکان: گەرچی ئەوە مۆرکێکی مرۆڤایەتیش بێ، کە مرۆڤ بیەوێ زاڵبێ بەسەر سروشتدا، بێجیاوازی ئایا ئەو سروشتە، سروشتە بنەڕەتییەکە یان سروشتە دروستکراوەکە بێ. هێشتا ناتوانرێ نکوڵی بکرێ، کە مەعریفەی مرۆڤ رەگی لە سروشتی بایۆلۆجی خودی مرۆڤدا هەبێ، ئەمە گەرچی بەپێی کات فۆرمی جیاوازیش بگرێتە خۆ.

بەلای هابەرماسەوە ئامانج لە زانستی کۆمەڵایەتی و زانستە مرۆییەکان یارمەتیدانی مرۆڤەکانە بۆ پێکهێنانی لێکتێگەیشتنو روانینێکی هاوبەش بۆ سروشتە دووەمەکە، کە ئەگەر لە دەرەوەی چێوەی داوای ئەو تێگەیشتنە بێ، دەبێتە پەیوەندییەکی پچڕاو.

کاره زانستییه کۆمەڵایەتییەکانی خودی هابەرماس ئاوێتەی ئەم بۆچوونەن‌و نووسینەکانی دەربارەی میتۆدی زانستە مرۆییی‌و کۆمەڵایەتییەکان دەکرێ وەك هەوڵدانێك سەیر بکرێن، بۆ سەلماندنی ئەوەی ئەمان بنەڕەتی راستەقینەی زانست پێکدەهێنن.

لە تیۆریی زانیاری‌و تیۆریی زمانەوانییەکەیدا هابەرماس لە هەوڵی بەڵگەهێنانەوەدایە بۆ هێڵکارییەکەی دەربارەی تێگەیشتن لە چەمکی ئازادی‌و ئازادبوونی مرۆیی‌و ئەو پەیوەستییەی هەیانە بە ئامانجەکانی زانستە کۆمەڵایەتییەکان‌و زانستە مرۆییەکانەوە. ئەمەش لە شێوازێکی بەرگریکردن لە یەکگرتوویی تیۆریی‌و پراکتیکدا روودەدا. لێرە بەدواوە تەنیا باس لە بیرۆکەکانی نێو تیۆرییە زانیاریی‌و زمانەوانییەکانی هابەرماس دەکەین، کە هەڵبەتە کلیلی تێگەیشتنێکی هەمەلایەنەیە لە نووسینەکانی هابەرماس.

### مەعریفەو بەرژەوەندی



وەك باوە، مەبەست لە وشەی مەعریفە ئەو لایەنانەی تێگەیشتنەکانمانە، کە لەگەڵ هەقیقەتە ئۆبژەکتیڤییەکاندا دەسازێن. مەبەستیش لە وشەی بەرژەوەندی ئەو خواست‌و ئارەزووانەیە، کە پاڵنەرو هاندەری سەرەکی هەڵسوکەوتەکانمانن. رەنگە ئەمە کارێکی ئیستیفزازیی بێ، کە هابەرماس کارە سەرەکییەکەی خۆی دەربارەی تیۆریی زانیاریی ناو ناوە (مەعریفەو بەرژەوەندی) وەك بڵێی پەیوەندییەکیان بەیەکەوە هەبێ. ئەم ناونیشانە نەك تەنیا کارێکی ئیستیفزازییە، بەڵکو هابەرماس وێنە تەقلیدییەکەی چییەتیی مەعریفەی سەرەوخوار هەڵگێڕاوەتەوە. هاوڕایە لەگەڵ ئەو بۆچوونەی کە دەڵێ، ریشەی مەعریفە، لە روانینێکی بێبەرژەوەندی بۆ واقیعێکی ناپەیوەست بەئاگامەندییەوەیە. ئەم تێگەیشتنە بەقوڵی رۆچۆتە جۆری تێگەیشتنمانەوە بۆ شت. بۆ نموونە بە شێوەیەکی شاردراوە وشەیەك لە وشەیەکیتری بەرانبەر وشەی (مەعریفە)دا هەیە، کە ئەویش وشەی (تیۆری)یە، کە لە بنەڕەتدا بە واتای (تێڕوانین)ە. هابەرماس دەیەوێ ئەوە ئاشکرابکا کە یەکێتییەکی بنەڕەتی لە نێوان تیۆری‌و ئەوەی وەك باو بە دژ بە تیۆری ناسراوە، واتە (پراکتیك)دا، بوونی هەیە.

هابەرماس پێیوایە دەتوانێ ئەو تێگەیشتنە، ریشەی مەعریفە لە روانینێکی بێبەرژەوەندی بۆ واقعێکی ناپەیوەست بە ئاگامەندییەوە، بگەڕێنێتەوە بۆ سەردەمی فەلسەفەی پێش سوکرات (469– 399 پ.ز).[46] لای ئەو فەیلەسوفانە، فەلسەفە دەربارەی گەردوونە. واتە گەڕان بووە بە دوای بنەڕەتی گەردووندا. بەلای پلاتۆوە (427–347پ.ز)، کە سەرچاوەیەکی بەهێز بووە بۆ بەشێکی سەرەکی گشت فەلسەفەی دوای خۆی، مەعریفەی دژ بە هەموو ئەو تێگەیشتنو ئارەزووانە داناوە، کە ژیانی مرۆڤ ئاراستەدەکەن. تەنیا ئەوەی خۆی بەرزتر رادەگرێ لە هەموو ئەو بەرژەوەندییە مرۆییانەی هەن، بۆ نموونە لە سیاسەتو بازرگانیدا، دەتوانێ مەعریفە دەربارەی ئایدیا باڵاکان بەدەست بهێنێ، هەر ئەو مەعریفەیەش پێوەری ژیانی باشی لەخۆگرتووە. ئەو بۆچوونە دەربارەی ئەوەی سیستمی گەردوونی پێوەری ژیانی باشی لەخۆگرتبێ، لەلایەن زۆربەی فەیلەسوفەکانی دوای پلاتۆوە رەتکراوەتەوە. بەڵام ئەو دژبەیەکییە تەقلیدییەی نێوان مەعریفەو هەڵسوکەوت، کە بەرژەوەندییە مرۆییەکان ئاراستەیان دەکا، هێشتا بەزیندوویی ماوە، وەك جیاکەرەوەیەکی میتۆدۆلۆجی نێوان دوو

[46] - Habermas, Techn. U. Wiss. Als Ideol, s. 146-147, (1968).



جۆر پرسیارکردن. ئەم جیاکردنەوە میتۆدۆلۆجییە بە شێوەیەکی زۆر ورد لەلایەن سۆسیۆلۆجیستو فەیلەسوفی کۆمەڵایەتی ئەڵمانی (ماکس ڤیبەر 1864–1920)ەوە باسکراوە.

"... لەلایەکەوە دەستنیشانکردنی هەقیقەت... لە لایەکیتریشەوە وەڵامدانەوەی پرسیاری... دەبێ مرۆڤ چی بکا... ئەمە هەر بە تەواوی دوو کێشەی لێکجیاوازن."[47]

تێگەیشتن لەوەی ئەم جیاوازییە میتۆدۆلۆجییە دەربڕینە بۆ جیاوازییەکی بنەڕەتی لە ئۆنتۆلۆجیدا، هابەرماسیش هەر وەك بیرمەندە گریکییەکان بە ئۆبژێکتیڤیزم ناوزەدی دەکا. راوەستانی هابەرماس دژ بە ئۆبژێکتیڤیزم بەو واتایە نییە کە بەتەواوی دەبێتە لایەنگری بەرانبەرەکەی، واتە (سەبژێکتیڤیزم)، سەبژێکتیڤیزمیش لە شێوە کلاسیکییەکەیدا لای پرۆتاگۆراس (480–410پ.ز)ی فەیلەسوفی گریکی دەبینرێ. کە بەلایەوە (مرۆڤ پێوەری هەموو شتێکە).[48] لە دایەلۆگەکەی پلاتۆدا کە تایبەتە بە پرۆتاگۆراس، هاتووە ئەوەی کە هەموو مرۆڤێك لەبەر رۆشنایی تێگەیشتنە سەبژێکتیو بەرژەوەندییەکانیدا لای وابێ هەموو ئەوشتانەی

[47] - Weber, Gesammelte Aufsätze zur Wissenschaftslehre, s. 601-602 Tubingen (1973).
[48] - Platon, Theaitetos, 160 D.

دەربارەی گەردوونو هەروەها دەربارەی مۆرالیش دەیانزانێ راستەقینەن، ئەوە دەرئەنجامێکی تەواو رێژەییە، هەڵوێستێکە دژایەتی لە نێوخۆدا هەڵگرتووە.

هابەرماس کەسێکی رێژەییخواز نییە، بە پێچەوانەوە لە هەوڵداندایە بۆ دارِشتنی تیۆرییەك، کە چۆنییەتی رەوایی مەعریفەی ئۆبژێکتی روونبکاتەوە. بە پێچەوانەی ئۆبژێکتڤیستەکانەوە جەخت لەوە دەکاتەوە، کە بنەماکانی مەعریفە لە میانەی هەڵسوکەوتەکانی مرۆڤەوە سەرچاوەدەگرن، بەڵام لە بەرانبەر سەبژێکتیڤیزمییەکانیشدا پێیوایە سەرچاوەی مەعریفە ئەو جۆرە بوارانەی رەفتارن، کە هۆکارن بۆ دروستبوونی داواکارییە سروشتییە سەقامگیرەکان. لە پرۆژە گشتییەکەیدا، هابەرماس هەمانکات هاوڕایە لەگەڵ ئایدیالیزمی ئەڵمانیو بەشێکی زۆری فەلسەفەی پاش هیگڵ. وەك لەمەوبەریش باسکرا، پرۆژەکەی هابەرماس شێوازێکی وای گرتۆتە خۆ، کە لە هەمانکاتیشدا بە پێچەوانەی ئایدیالیزمی ئەڵمانیو بە پێچەوانەی رەخنەکانی مارکسەوەیە دەربارەی ئایدیالیزمی ئەڵمانی. لەلایەکەوە لەگەڵ مارکس هاوڕایە کە گوایە پەیوەندی کارکردنی مرۆڤ بۆ گونجاندنی سروشت بایەخێکی بنەڕەتی هەیە بۆ جۆری هەڵسوکەوتی مرۆڤ.



لەهەمانکاتیشدا هاوڕایە لەگەڵ ئایدیالیزمی ئەڵمانی سەبارەت بەوەی، کە ئەو کارلێکانەی کاتی دروستکردنی ستروکتورە کۆمەڵایەتیو سیاسییەکان لە نێوان مرۆڤەکاندا روودەدەن، بایەخی گرنگیان هەیە بۆ ئاڕاستەکردنی هەڵسوکەوتەکانیان. هەروەها وەك ئایدیالیستە ئەڵمانییەکان بەلای ئەمیشەوە بیرکردنەوە فەلسەفەییەکان خاوەن رەهەندێکی جەوهەرین لە ئازادکردنی مرۆییدا.

لە کاتێکدا هابەرماس لای مارکسو ئایدیالیزمی ئەڵمانی ئەو بنەما سەرەکییەی بۆ ئاشکرا دەبێ، کە تێگەیشتنی مەعریفی، پێویستی بە جیهانی دەرەکییە. ئەوا لای ئەو فەیلەسوفانە هیچ روونکردنەوەیەکی بە سوودی دەستنەکەوتووە دەربارەی بنەما سەرەکیو سترەکتورە لۆژیکییەکانی میتۆدە زانستییە جۆراو جۆرەکان، بەڵکو لای هەندێ فەیلەسوفی نوێ گەیشتۆتە ئەو روونکردنەوەیە. لە کتێبی (مەعریفەو بەرژەوەندی)دا گفتوگۆ لەگەڵ سێ بیرمەندا دەکا، کە بەلای ئەمەوە ئەوان پێشەنگن لە سێ بواری جیاوازی تێگەیشتن سەبارەت بە پرسیاری چییەتی زانست. ئەم سێ بیرمەندەش بریتین لە (سی.ئێس. پیرسی C.S.Peirce 1839–1914) و (ڤیلهیلم دیلتای Wilhelm

Dilthey 1833–1911) و (سیگمۆند فرۆید Sigmund Freud 1856–1939). بەلای هابەرماسەوە هەر یەکێك لەمانە شێوازێکی مەعریفەیان ئاشکراکردووە. هیچکام لەو سێ شێوازە ناتوانن جێی یەکتربگرنەوەو هەر سێکیان پێکەوە هەموو بوارەکانی ئاگامەندیی مرۆڤ رووماڵدەکەن. بە بۆچوونی هابەرماس هیچکامیان بە تەنیا نەیانتوانیوە راڤەکردنێکی تەواو لەسەر هیچکام لەو سێ شێوازە مەعریفەییە بدەن بەدەستەوە.

هابەرماس بۆچوونەکەی پیرسی بەلاوە پەسەندبووە، کە دەڵێت دەبێ بەهۆی دەستێوەردانی مرۆڤەوە لە مەعریفەی نێو زانستە سروشتییەکان تێبگەین: ئەم دەستێوەردانەش ئاوێتەو موتوربەکراوە لەگەڵ ئەزموونگەرییەکانی زانستە سروشتییەکاندا. خاڵی سەرەتا لای زانستە سروشتییەکان بریتی نییە لە راستییە سادەکان، بەڵکو ئەنجامدانی گۆڕانکارییە لە ماتریاڵێکی سروشتی بەردەستدا، بەمەبەستی دابینکردنی پێداویستی. پیرسی شیکارییەکی بۆ زمانی زانستی کردووە، بەپێی ئەو شیکارییە، دەربڕینە وەسفکارییەکان باس لە شتەکان، وەك ئەوەی کە خۆیان هەن، بێپەیوەستبوون بە بەکارهێنانەکانی ئێمەوە بۆ ئەو شتانە، ناکەن. بە پێچەوانەوە بەو شێوەیە باس لەو شتانە دەکەن، کە ئایا



لە کاتی بەکارهێنانیاندا چییان لێدێ. بەمجۆرە پیرسی، بە بیروڕای هابەرماس، توانیویەتی یارمەتیدەربێ بۆ ئاشکراکردنی ئەو کارە هاوبەشیەی مرۆڤایەتی، کە بووە بە پێناسەی بەدەستخستنی زانستە سروشتییەکان لە جیهاندا. بزوێنەری جۆرە کارێکی وا کە دەبێتە پێناسە بۆ بەدەستخستنی زانستی بۆ جیهان، لای هابەرماس، ناویلێنراوە (مەعریفەی بەرژەوەندی)، ئەم مەعریفەیەی بەرژەوەندیش کە دەستخستنی ئەو زانستە سروشتییە بۆ جیهان پێناسە دەکا، هابەرماس ناویلێناوە (تەکنیکی مەعریفەی بەرژەوەندی). چەمکی مەعریفەی بەرژەوەندی دەبێتە دروستکەری پردێك لە نێوان مرۆڤ وەك بوونەوەرێکی هاوتا بە ئاژەڵو نێوان مرۆڤ وەك بوونەوەرێکی خاوەن ئاوەز. بە گوێرەی ئەم وتەیەی هابەرماس، مرۆڤ : ... ناکرێ سەبارەت بە یاساکانی هەڵسوکەوتکردنی بخرێتە ئاستێکی ئاژەڵییەوە، کە دەتوانین بە غەریزەکان ناویانببەین. بەڵام لەلایەکیتریشەوە بە تەواوی لە هەڵسوکەوتە ئۆبژەکتیڤییەکانی بەردەوامیدان بە ژیان رزگاری نەبووە. بۆ ئەم لایەنەی کە وەك هێڵی سنوور جیاکەرەوەیە، ئێمە باسی بەرژەوەندییەك دەکەین، کە بەپێی توانا تەکنیکییە بەردەستەکان، مەعریفە ئاڕاستەدەکا. کە بڕیاردەرە سەبارەت بە

ئاڕاستەکردنی بە ئۆبژێکتیڤکردنی ئەو لایەنانەی واقیع بە پێی پێویست، کە لە چوارچێوەی پرۆسە پایەبەرزەکانی توێژینەوەدا ڕوودەدەن.[49]

ئەم مەعریفەی بەرژەوەندییەی لەم چەند دێڕە خوازراوەوە ئاشکرا دەبێ، زادەی مێژووی رەگەزی مرۆڤ و هەلومەرجە سروشتییەکانە بۆ مانەوەی ژیان. ئەم دیاریکەری چوارچێوە پایەبەرزەکانی پرۆسەکانی توێژینەوەی زانستە سروشتییەکانە.

گەر مرۆڤ بیەوێ بزانێ خودی تەکنیکی مەعریفەی بەرژەوەندی چییە، ئەوا گەر لە ناو چوارچێوەی مەعریفەیی زانستە سروشتییەکاندا بۆی بگەڕێ، سەرکەوتوو نابێ. تەکنیکی مەعریفەی بەرژەوەندی بریتییە لە هەلومەرجەکان لە لۆژیکی توێژینەوەی زانستییە سروشتییەکاندا. بەڵام بە بۆچوونی هابەرماس، پیرسی لەمەدا کەوتۆتە هەڵەوە، کە وا تێگەیشتووە بۆ تێگەیشتن لە هەلومەرجە مرۆییەکان دەربارەی زانستە سروشتییەکان، دەکرێ کار بەهەمان ئەو شیکارییە میتۆدۆلۆجییە بکرێ، کە پیرسی خۆی بۆ زانستە سروشتییەکانی بەکارهێناوە. ئەم هەڵەیەی پێرسی تێیکەوتووە، نموونەی هەڵەیەکی گشتگیرو خەسڵەتێکی بەربڵاوی

[49]- Habermas, Erkenntnis und Interessem, s,173, (1968).



زۆربەی فەیلەسوفە مۆدێرنەکانی بوارەکانی زانستە. هەڵەیەك هابەرماس بە زانستگەرایی (scientism) ناویدەبا، بریتییە لە پێناسەکردنی گشت زانست بەو شێوازە تایبەتەی مەعریفە، کە لە رێگەی میتۆدە تایبەتەکانی زانستە سروشتییەکانەوە گەیشتونەتە دەست. بۆ گەیشتن بە تێگەیشتنێکی بێهەڵە دەربارەی ئەو زانینەی سەبارەت بە خۆمان هەمانە، وەك بوونەوەری خاوەن رەفتار، پێویستە پەنابەرینە بەر ئەو جۆرە زانینەی دیلتای یارمەتیدەربووە بۆ دیاریکردنی.

بە بیروڕای دیلتای جگە لە زانستە سروشتییەکان، شێوازێکیتری زانستیش بوونی هەیە. کە ئەم ناوی ناوە زانستە مرۆییەکان، ئەم زانستە سەبارەت بە ژیانی ئاگامەندی مرۆڤ و روانینەکانیەتی دەربارەی هونەر، زانست، دادپەروەریو سیاسەت. ئەم زانستە مرۆییانە هەر لەڕووی سروشتی بابەتەکانیانەوە خۆیان لە زانستە سروشتییەکان جیاناکەنەوە، بەڵکو لە ڕووی ئامانجو میتۆدەوە جیاوازن. لە کاتێکدا زانستە سروشتییەکان، بە پشتبەستن بە تاقیکردنەوە زانستییەکان، لە هەوڵداندان بۆ ئاشکراکردنی پەیوەندییە یاساییەکانی نێوان دیاردە سروشتییەکان. ئەوا زانستە مرۆییەکان، بە بیروبۆچوونی دیلتای، لە هەوڵداندان بۆ دروستکردنی

پەیوەندییەکی پڕ واتا لە نێوان ڕەفتارەکانو ئەو دەربڕینانەیتری ئاگامەندی، کە مرۆڤ لەخۆیداو لای کەسانیتر ڕووبەڕوویان دەبێتەوە. هابەرماس لێرەدا هاوڕایی خۆی دەردەبڕێو پێیوایە کرۆکی هەموو تێگەیشتنێك بە ئاشکرا تیشکخستنەسەر تێگەیشتنی بەکۆمەڵە، کە دەبێتە هۆکار بۆ ئەو ڕەفتارە بە کۆمەڵانەی دەبنە باکگراوند بۆ خودی تاك، کە مرۆڤیش لە هەوڵداندایە بۆ لێتێگەیشتنی.

" تێگەیشتن بریتییە لە ڕێکەوتن لە گەڵ ستركتوری خود، کە بە شێوەیەك لە قاڵبدراوە تا بتوانێ لە چەندوچوونە کولتوورییەکاندا هەڵسوکەوتێکی ئاڕاستەکراو ڕووەو باوەڕ بەخۆبوون بۆ تاکەکانو بۆ کۆمەڵیش دەستەبەربکا، هەروەها تێگەیشتنێکی هاوبەشیش لە نێوان تاکەکانیترو گروپەکانیتردا. ئەوکاتەش کە تێگەیشتنی نێو خود وشکهەڵدێ یان هەڵدەوەرێ، پەیوەندییەکی ژیاری بنەڕەتی لە ناودەچێ، کە بنەمایەکی گرنگی نێو ئامرازی ڕەفتارکردنە، واتە توانای ڕێکەوتنی بێزۆرەملێییو داننان بەیەکتریدا بێتوندوتیژی. چونکە ئەمە پێشمەرجە بۆ پراکتیزەکردن، ئێمە ئەو زانستە



مرۆییانە، بەو بەرژەوەندییانەی کە زانست ئاڕاستەدەکەن، بە پراکتیك، ناودەبەین.[50]

کاتێك ئێمە لەو باری تێگەیشتنەدا، توانای تێگەیشتنی جیاواز لەخۆمانمان هەیە، بۆ نموونە ئەو مرۆڤانەی سەر بە گروپیترن، سەربە قۆناخە مێژووییەکانیترن، یان کولتووریتر، هەموو جارێك لەڕێگەی دابینکردنی بنەمایەکی هاوبەشەوە ئەو کارە دەکەین، بۆ ئەوەی لەو پێشینەیەوە توانای تێگەیشتنو ڕێزدانانمان هەبێ بۆ جیاواز لەخۆمان. ئەو مەعریفە پراکتیکییەی بەرژەوەندی هێمایە بۆ ئەو بنەما گرنگەی کە سەقامگیریی ژیانی مرۆڤایەتی پێویستی بە ڕێزو دانپیانانی دوولایەنەیە. بە بۆچوونی هابەرماس دێلتای نەیتوانیوە هەموو دەرئەنجامەکان ئاشکرابکا، چونکە پێیوایە زانست دەتوانێ ئەو دوو لایەنییەی بواری تێگەیشتن فەرامۆش بکا، بەوەی کە بێبەرژەوەندیخوازانە خۆی بخاتە حاڵەتی لایەکیترەوە، ئەم جێگۆڕکێ بەرژەوەندینەخوازە لای هابەرماس تەواو وەك تەماشاکردنە بێبەرژەوەندییەکەیە، کە بە پێی پرنسیپە بنەڕەتییە میتۆدییەکان هەردووکیان هێمان بۆ ئەو ئۆبژەکتیڤیزمییەی هابەرماس لە هەوڵداندایە کاری لەسەربکا.

[50]- Habermas, Erkenntnis und Interesse, s, 221-222, (1968).

مەعریفەی بەرژەوەندی تەکنیکیو پراکتیکی هەریەکە جۆرە هۆکارێکی بەیەکگەیاندنی "سروشتی" تایبەتین. زاڵبوون بەسەر سروشتی دەرەوەدا بە هۆی (کارکردن)ەوە دەبێ، دروستکردنی سیستمێکی پێکەوە ژیان لە نێوان مرۆڤەکانیشدا لەسەر بنەڕەتی ڕێزلەیەکترگرتن لە ڕێگەی (زمان)ەوە بەرهەمدەهێنرێ. گەر کەسێك نەیەوێ پەیوەندییەکانی بە مرۆڤەکانیترەوە لە سەر بنچینەی زەبروزەنگ بنیاتبنێ، ئەوا ناچارە، بۆ هەڵکردن لەگەڵ ئەوانیتردا، زمان بەکاربهێنێ. کەواتە مرۆڤ دەتوانێ بە کارکردنو ئاخاوتن خۆی لەو توندوتیژییە کوێرانەیەی ژیانی نێو سروشتی سەرەتاییو نێو کۆمەڵگەی بێسەروبەر ڕزگاربکا. بەڵام دەلوێ لە نێو کۆمەڵگەیەکی مرۆیی سەقامگیرو دەوڵەمەندیشدا مرۆڤ دووچاری زۆرەملێیی ببێ، شێوازی ڕێکخستنی کار، ڕەنگە شێوازی دابەشکردنی بەرهەمو شێوازی بەڕێوەبردنی کاروباری کۆمەڵایەتی ببنە هۆکار بۆ ناچارکردنی ئەندامانی کۆمەڵگەکە لەرووی دابینکردنی دەسکەوتەکانو ناچاریان بکا بۆ سازشکردن لەسەر ئازادییەکانیان. ئەمەش وەك زۆرەملێیەکی ناچارەکیی لە کۆمەڵگەدا سەیر دەکرێ. هابەرماس دان بەوەدا دەنێ، بەشێکی زۆری ئەو زۆرەملێییەی لە مێژوودا مرۆڤ گیرۆدەی بووە، زۆرەملێیی ناچارەکی بووە. هەروەها



لەو باوەڕەشدایە کە هەقیقەتێکی سۆسیۆلۆجیو سایکۆلۆجی هەیە، کە زۆرجار زۆرەملێییەکە (دەقدەگرێ)و لە ستركتورە کۆمەڵایەتیو خەسڵەتە سایکۆلۆژییەکاندا، دوای نەمانی بارە ناچارەکییەکەش، بۆ ماوەیەکی درێژ هەر بە زیندوویی دەمێنێتەوە. مرۆڤ دەتوانێ، بەپەنابردنە بەر جۆرێك لە زانست کە لە دەروونشیکاریی فرۆیدیدا هەیە، ئەم جۆرە زۆرەملێییە دەقگرتووە ئاشکرابکا. خەسڵەتی تایبەتی دەروونشیکاریی پێکەوەگرێدانی دوو جۆری زانینە، لە خاڵێکی ڕەفتاریی دیاریکراوی نەخۆشە دەروونییەکەوە هەنگاو دەنرێ، کە وەك خاڵێکی ئاشکرای نیشانەی نەخۆشییەکەیە، یان لە نێوان هەلومەرجە دەرەکییەکانو نیشانەی نەخۆشییەکەدایە، بە ئاخاوتن لەگەڵ نەخۆشەکەدا، دەروونشیکارەکە ڕۆدەچێتە ئەودیو هەلومەرجە ئاشکراکەو دەگاتە مۆتیڤو خواستە شاراوەکان. مەبەست لەمجۆرە زانستە، تەنیا وەسفکردنی بارە دەروونییەکە نییە، بەڵکو گۆڕینی ئەو بارەیە بە مەبەستی چارەسەرکردن. لەدەروونشیکاریدا، کە ئێستا زۆر پێشکەوتووە، نەخۆش نەك تەنیا لە جۆری ڕەفتارە دەروونییەکانی خۆی تێدەگا، بەڵکو لەڕێگەی ئەو تێگەیشتنەوە تواناشی دەبێ بۆ گۆڕینی. گەرچی لەڕووکەشدا ڕەنگە هەست بە گۆڕانکارییەکانی

نەکرێ، بەڵام ئەم لەو ڕەفتارو هەڵسوکەوتانەی کە خۆی دەیاننوێنێ، تێدەگاو دەزانێ بۆ بەو جۆرە ڕەفتار دەکا. چیدی دیلی زۆرەملێییەکی کوێرانە نابێ.

جۆری سێیەمی مەعریفە، نیشانەیە بۆ بنەما داڕشتنێك بۆ (بەرژەوەندی ئازادبوون)، کەهەردوو جۆرەکەیتری مەعریفە پێکەوە گرێدەداو لە هەمانکاتیشدا خۆی دەرئەنجامی تێکەڵبوونەکەیانە. لای ئەمجۆرەی مەعریفە، تێگەیشتن‌و گۆڕان یەك شتن، تیۆریی‌و پراکتیك یەك یەکە پێکدەهێنن، خودی فەلسەفە سەر بەم سێیەم جۆرەی مەعریفەیە. ڕەخنەگرتن لە ئۆبژێکتیڤیزم مرۆڤ ئازاد دەکا، بۆ نموونە: لە هێنانەپێشچاوی بوونی سیستمێکی گەردوونی، کە مرۆڤ لە ڕووی مەعریفەو هەڵسوکەوتەکانییەوە تیایدا دیل‌و بێدەسەڵاتە.

**پراگماتیکی سەرتاسەری**

خاڵی هاوبەشی نێوان مەعریفەی بەرژەوەندیی پراکتیکی‌و ئازادیهێنەر ئەوەیە کە زمان لەهەمانکاتدا هۆکاری بەیەکگەیاندن‌و هەروەها مەحەکیشە. دیالۆگێ کە تەواو نەکرابێ، تێهەڵچوونەوەی، تەنیا لە ڕێگەی دروستبوونی بنەمایەکی ئاستبەرزترەوە دەبێ، ئەو



ئاستە نوێیە دەکرێتە بناغە بۆ درێژەدان بە دیالۆگەکە. بەڵام پرسیاری ئەوەی ئایا دیالۆگەکە هیچ ئەنجامێکی دەبێ؟ تەنیا لەو پێشبینییانەدایە کە بەزمان دەردەبڕدرێن، ئەو زمانەی هۆکاری سەرەکییە بۆ ئەنجامدانی هەر دیالۆگێك. لە ساڵانی حەفتاکاندا هابەرماس کۆمەڵێ نامیلکەی دەربارەی هێڵکاری بۆ تیۆرییەکی زمانناسی بڵاوکردەوە، ئەم تیۆرییە زمانناسییە هەوڵدانێك بووە بۆ ئاشکراکردنی توانای بێسنوری زمان بۆ دەستەبەرکردنی ئاخاوتنی ئازادو کراوە.

دەکرێ وەك قووڵبوونەوەو پەرەدان بە ئایدیاکانی، دەربارەی بنەمای تێگەیشتن لە زانستە مرۆییەکانداو بنەمای ئازادکردن لە زانستە کۆمەڵایەتییەکاندا، سەیری تیۆرییە زمانناسییەکەی هابەرماس بکرێ. بەڵام لێرەدا لەڕێگەلادانێك ڕوویداوە، لە کتێبی (Erkenntnis und Interesse)دا هابەرماس ئاشکراکردنی زۆرەملێیی شاردراوەو دەرخستنی هەلومەرجی فەلسەفەیی مەعریفەی ئۆبژێکتیڤی وەك یەك شت سەیرکردووە. بە کاریگەرێتی ئەو ڕەخنانەی لە چەند لایەکەوە ئاڕاستەی دەکران، هابەرماس گەیشتە ئەو بڕوایەی ڕەخنەی ئازادیبەخش‌و دەرخستنی مەرجە پەیوەستەکان بە مەعریفەی ئۆبژێکتیڤییەوە هەمانجۆری

مەعریفەیی پێکناهێنن. ئەو ئاشکراکردنە رەخنەگەرییەی زۆرەملییێی شاردراوە یان نەبینراو هەمیشە پێویستی بە بنچینەیەکی پێوانەیی دەبێ، کە ئەوە دیاری بکا ئاخۆ چی وەك رەفتاری نازۆرەملێیی ئەژماردەکرێ. ئەمە بۆ ئەو زانیارییە دەست نادا کە دەربارەی مەرجە پەیوەستەکانە بە مەعریفەی ئۆبژێکتییەوە، کە پێویستی بە بوونی بنچینەیەکی پێوانەیی نییە وەك پێشمەرج، بەڵکو بەپێچەوانەوە، خۆی دەبێتە ئەو بنچینە پێوانەییەی مەعریفە. بەهەرحاڵ، ئەمە بۆچوونی هابەرماسە لە کارەکانی دواتریدا. رەخنە لە بنچینە پێوەرییەکان دەبێ لە مەرجە پەیوەستبووەکانی مەعریفەی ئۆبژێکتیدا بێ. هەروەها ئەو سێ جۆرە بەرژەوەندییە مەعریفییانە لەوە ناچێ بەسبن بۆ ئەوەی بنچینەیەکی پێوانەیی ببەخشن بە رەخنە ئازادیهێنەرەکە. بە لای هابەرماسەوە یەکەم شت بریتییە لە پێشمەرجی کراوەییو ئازادیی ئاخاوتنەکە، کە ئەم ناوی ناوە (توانا گشتییە زمانییەکانمان) کە دەتوانێ ببێتە بنچینەیەکی پێوانەیی بۆ رەخنەکە.. هابەرماس بۆ دووبارە بنیاتنانەوەی توانا گشتییەکانی زمان چەمکی (پراگماتیکی سەرتاسەری) (Universalpragmatics)ی بەکارهێناوە.



هابەرماس سەرسامبووە بە کۆمەڵێك فەیلەسوف بواری فەلسەفەی شیکاری، کە بەلایانەوە زمان، هەروەك بوارە جیاوازەکانیتری رەفتارە مرۆییەکان، دیاردەیەکی کۆمەڵایەتییە. هەرە دیارترینی ئەم فەیلەسوفانە بریتین لە ڤیتگنشتاین (1889–1951)، ئۆستین (1911–1960)و سیرێل (لەدایکبووی 1932).

جەوهەریترین توانای زمان بەلای هابەرماسەوە ئەوەیە، کە لەهەمانکاتدا کەرەسەیەکە بۆ پەیوەندی بە یەکترکردنەوە و ئامرازێکی گشتی بیرکردنەوەشە، کە رەوایی دەدا بەو تێگەیشتنو پێوەرانەی لە کاری رۆژانەو لە زانستدا دەیانبینین. هەڵبەتە دەتوانین بێئەوەی پێویست بکا لە گەڵ ئەوانیتردا گفتوگۆ بکەین، بیر فۆرمەلە بکەین. بەڵام پارادۆکسەکە لە خەسڵەتە پەیوەندییگەراییە بنەڕەتییەکەی زماندا، لە حاڵەتە (تەنیا)کەدا خۆی دەنوێنێ. هەر لێرەوە دوو لایەن بوونی هەیە، لایەنی بێژەرو لایەنی گوێگر، لەم حاڵەتەدا بێژەر رووی قسەی تەنیا لە منی دووەمی خۆیەتی. ئەو حەقیقەتەی کە زمان ئامرازێکە بۆ کۆمۆنیکەیشن، پێشمەرجە بۆ ئەوەی ببێ بە ئامرازێکی گشتی بیرکردنەوە: لە میانەی پەیوەندی نێوان بێژەرو گوێگرەوەیە، کە

دەتوانرێ سەلماندنەکانو ڕەواپێدانەکانو بەڵگەهێنانەوەکان ئەنجامبدرێن.

هابەرماس جیاوازی لە نێوان دوو جۆر کۆمۆنیکەیشندا دەکا، کۆمۆنیکەیشنی سەوداو مامەڵەو کۆمۆنیکەیشنی دیسکۆرس. لە کۆمۆنیکەیشنی سەوداو مامەڵەکردنەکەدا بە شێوەیەکی ساویلکانە پێشبینی ئەوە دەکرێ کە گفتوگۆکە بەرهەمدار بێ، بەڵام لە دیسکۆرسدا مرۆڤ لە کارایی زمانەکەش دەکۆڵێتەوە. بە بڕوای هابەرماس، بۆ ئەوەی گفتوگۆیەك بە بەرهەم بێ، دەبێ چوار مەرجی تێدابێ، کە ئەم بە مەرجی دروستی ناوی بردوون. هەموو گفتوگۆیەکیش دەبێ ئەم چوار مەرجە لەخۆبگرێ، کە ئەمانەن: 1- هەموو دەربڕینێك دەبێ لەڕووی ڕێزمانییەوە مانابەخشو تەواو بێ. 2-دەبێ ڕاست بێ، واتە شتەکە وەك خۆی دەربخا. 3- ئەگەر هەڵوێستێك یان بۆچوونێکی لەخۆگرتبوو، دەبێ جێگەی متمانە بێ، واتە بێژەرەکە بەڕاستی ئەو هەڵوێستەی هەبێ کە دەریدەبڕێ. 4- دوا مەرجیش ئەوەیە لەڕووی واتای مۆرالییەوە ڕاستودروست بێ. دەربڕینێکی سەرکەوتوو وەك فەرمانێکی سەرکەوتوو وایە، ئەو کاتە سەرکەوتوو دەبێ، کە ئەو کەسەی فەرمان دەدا، مافی فەرماندانی هەبێ بۆ فەرمانپێکراوەکە.

بە بڕوای هابەرماس، مرۆڤ وەك زمان بەکارهێنەر، لە ڕێگەی دووبارە بنیاتنانەوەی ئەو مەعریفەو کۆمۆنیکەیشنە ئامادەیەی کە لەبەردەستدایە، دەبێ توانای دابینکردنی ئەو چوار مەرجەی هەبێ، ئەو



کاتە دەتوانێ بەڵگەی فەلسەفەیی بۆ شێوازی بیرکردنەوەو ئازادی مرۆڤ بەدەستبێنێ، کە لە ڕەخنەگەریی ئازادیهێنەردا وەك پێشمەرجن. هەرچەندە بەلای هابەرماسەوە دروستیی ناوەڕۆکی وتەکانمان تەنیا لە ڕێگەی دیسکۆرسێکی بێکۆتاییەوە مسۆگەر دەکرێ.

هابەرماس ویستویەتی لە کتێبی (Erkenntnis und Interesse) بوونی یەکێتییەك لە نێوان تیۆریی‌و پراکتیکدا ئاشکرا بکا. ئەم لە مەعریفەی بەرژەوەندی ئازادیهێنەردا ئەم یەکێتییەی بینیوەتەوە. لەوێدا تێگەیشتن‌و گۆڕان تێکەڵ بە یەکدی دەبن. بەڵام پێدەچێ لە تیۆرییە زمانناسییەکەیدا دەستبەرداری ئەم بیرۆکە بنەڕەتییە بووبێ. ڕوون‌و ئاشکرایە کە پراگماتیزمی سەرتاسەری تیۆرییەکی پۆزەتیڤە، لە ڕێگەی مەعریفەکەیەوە ئازادی نابەخشێ، بەڵکو تەنیا بە دەستنیشانکردنی ئەوەی مرۆڤایەتی خۆڕسکانە لە ڕەوتی مێژوویی خۆیدا گەشەیپێداوە، قایل دەبێ، واتە توانای هێنانەپێشەوەی مەرجەکانی دروستی. مرۆڤ دەتوانێ بپرسێ داخۆ هابەرماس نەگەڕاوەتەوە بۆ لای ئەو ئۆبژێکتیڤیزمییەی لە (Erkenntnis und Interesse)دا ویستوویەتی ڕادیکالانە ڕەخنە بارانی بکا؟

له دڵەوه سوپاسی هەموو ئەو هاوڕێ خۆشەویستانە دەکەم کە هاوکاربوون بۆ بەچاپ گەیاندنی ئەم کتێبە، بەتایبەتی کاك حەسەن یاسینو کاك ئەکبەر حەسەن کە ئەرکێکی زۆریان کێشا بۆ پیاچوونەوەی زمانەوانیو هەڵەبڕی. هەروەها کاك هەوراز محەمەد کە دیزاینی کردووه.

وەرگێڕ



# لەبڵاوکراوەکانی

# ئەکادیمیای هۆشیاریو پێگەیاندنی کادیران ساڵی

# (2011 - 2010)

| ز | بڵاوکراوەکان | نوسەرو وەرگێڕ | ساڵی چاپ |
|---|---|---|---|
| 325 | حول الفدرالية - النظامان السويسري والعراقي – دراسة مقارنة | كاوسين بابكر | 2010 |
| 326 | المركز القانوني الدولي للقوات المتعددة الجنسيات في العراق | عبدالصمد رحيم كريم زنگنه | 2010 |
| 327 | جلال طالباني - مواقف و آراء | صلاح برواري | 2010 |
| 328 | قراءة البعث للفاشية التأريخية | د. البرت عيسى | 2010 |
| 329 | 2010 ساڵی کۆنگرەی رووبەڕووبوونەوە | حاكم قادر حمەجان عزيز | 2010 |
| 330 | پرۆژەی مەکتەبی بیروهۆشیاری بۆدارشتنی بەرنامەی (ی. ن. ك) | عوسمان حەمە رەشید گورون | 2010 |
| 331 | ئاغاو شێخ و دەوڵەت | و. کوردۆ عەلی | 2010 |
| 332 | مێژووی فەلسەفە | و. لەسویدییەوە: عوسمان حەمە رەشید گورون | 2010 |
| 333 | طالباني جورج واشنطن العراق | خليل عبدالله<br>ترجمة: حسن شندي | 2010 |
| 334 | العدالة بين الفلسفة والقانون | اسماعيل نامق حسن | 2010 |

| | | | |
|---|---|---|---|
| 335 | حوارات ونقاشات فكرية وسياسية واجتماعية و إقتصادية | د. كاظم حبيب | 2010 |
| 336 | المجتمع المدني والدولة، وإشكالية العلاقة | زبير رسول احمد | 2010 |
| 337 | الطبيعة القانونية لعقد الزواج | زبير مصطفى حسين | 2010 |
| 338 | ئایین و دەسەڵات | هاشم کەریمی | 2010 |
| 339 | فیمینیزم | ڕەسول سوڵتانی | 2010 |
| 340 | سياسة التعريب في قضاء شنكال | بيان محمد سعيد | 2010 |
| 341 | الامن و مستقبل السياسة الدولية | فرهاد جلال مصطفى | 2010 |
| 342 | زنجیرەیەك گفتوگۆی مەدەنی، عەلمانیەت و ئایین، عەقڵ و شەریعەت، کوردو میدیای عەرەبی | ئومێد قەرەداغی | 2010 |
| 343 | مسرحيات و تحليل | فريدريش دورينمات<br>ت: غسان نعسان | 2010 |
| 344 | رجعية القانون في الماضي على الجرائم ضد الإنسانية | زانا رفيق سعيد | 2010 |
| 345 | کوردەکان و مافی چارەی خۆنووسین<br>زنجیرەی هۆشیاری، ژمارە (1) | ئیسماعیل بێشکچی<br>و. ڕەوا حاجی | 2010 |
| 346 | سیستمی سیاسی سویسرا<br>زنجیرەی هۆشیاری ، ژمارە (2) | خەلیل عەبدوڵلا | 2010 |
| 347 | ئاین و دەوڵەت لەمیسری سەردەمی محەمەد عەلی پاشادا<br>زنجیرەی هۆشیاری ، ژمارە (3) | فەرید ئەسەسەرد | 2010 |



| | | | |
|---|---|---|---|
| 348 | گۆڤاری کەلتور ژمارە (1) | | 2010 |
| 349 | ڕۆژنامەی کوردی گۆڤاری هەولێر ساڵی (1970 ـ 1972) | ئامادەکردنی:<br>د. هیمدادی حوسێن | 2010 |
| 350 | ناوچە جێناکۆکەکان، ئایندەو ئاسۆکانی چارەسەر، زنجیرەی هۆشیاری، ژمارە (4) | تەحسین نامیق | 2010 |
| 351 | بەعەرەبکردن و بەجولەکەکردن ، زنجیرەی هۆشیاری، ژمارە (5) | فەرید ئەسەسەرد | 2010 |
| 352 | ئایین و ئازادی بیروڕا<br>زنجیرەی هۆشیاری، ژمارە (6) | ن: عەبدولڕەحمان مونیف<br>و: عوسمان حەسەن شاکر | 2010 |
| 353 | نەتەوە چییە...؟<br>زنجیرەی هۆشیاری، ژمارە (7) | ن. ئێرنست ڕینان<br>و. کامیل محمد قەرەداغی | 2010 |
| 354 | خانقين .. حكايات اعوام الرماد | يوسف يوسف | 2010 |
| 355 | بەعسیزم و سەرکوتکردنی ژیان | رامیار مەحمود | 2010 |
| 356 | الدولة الايوبية في اليمن | د. فرست مرعي | 2010 |
| 357 | سپینۆزا | ن. هاشم صالح<br>و. ئارام ئەمین شوانی | 2010 |
| 358 | پەرلەمان مێژووی سەرهەڵدان و پێکهاتەو ئەرکەکانی | ئامادەکردنی<br>عادل عەلی | 2010 |
| 359 | الحصانة البرلمانية في قانون انتخاب برلمان كوردستان ـ العراق ومشروع دستور اقليم كردستان | د. شورش حسن عمر | 2010 |
| 360 | ئاین و مۆدێرنە<br>زنجیرەی هۆشیاری ژمارە 10 | مستەفا مەلەکیان<br>و. لەعەرەبییەوە: | 2010 |

| | | | |
|---|---|---|---|
| | | ياسين عومەر | |
| 361 | المدارس السياسية الثلاث في العراق و<br>امكانية التعايش السلمي فيما بينها<br>زنجيرەی هۆشیاری ژمارە 11 | فريد اسسرد | 2010 |
| 362 | گۆڤاری کەلتوور ژمارە (2) | | 2010 |
| 363 | نوێنەرانی کورد لەیەکەمین خولی<br>پەرلەمانی عیراقی نوێدا | ئامادەکردنی:<br>سالّح رەحمان | 2010 |
| 364 | الموسوعة الكرد الصغرى | كنياز ابراهيم ميرزويف<br>ت. عن الروسيه:<br>احمد حيدر علي | 2010 |
| 365 | پێگەی میدیا لەهەڵبژاردنی<br>سەرۆکایەتی ئەمریکادا ،ژ. ز، (12) | ڕێبین حەسەن | 2011 |
| 366 | ميزات النظام الفدرالي في العراق (ژ. ز.<br>13) | د. شورش حسن عمر | 2011 |
| 367 | جیهانگیری ، فاکتەرو گرفتەکانی<br>دیموکراسی، ژ، ز، (14) | مەلا بەختیار | 2011 |
| 368 | پەیدابونی عەلمانیەت لەتورکیای<br>عوسمانیدا، ژ. ز. (15) | فەرید ئەسەسەرد | 2011 |
| 369 | ئیسلام‌و مۆدێرنە، ئیسلام لەبەردەم<br>ئەگەری عەلمانیەتدا(ژ. ز. هۆشیاری (16) | ن. محمد رەزا شالگونی<br>و. عوسمان حەسەن شاکر | 2011 |
| 370 | سیاسەتی روسیای قەیسەری بەرامبەر<br>بەکورد (18050-1914) | هەستیار کەمال کوردی | 2011 |



| | | | |
|---|---|---|---|
| 371 | المحطات، اثرت في حياة الكورد<br>وحركاتهم القومية | بقلم:<br>عبدالرزاق محمود القيسي | 2011 |
| 372 | کورتە باسێکی<br>فەلسەفەی سیاسی | ن. دەیڤد میلەر<br>و. لەئینگلیزیەوە:<br>کارزان کاوسێن | 2011 |
| 373 | هەواڵنامەی کوردستانی عیراق | ئامادەکردنی :<br>نەوزاد عەلی ئەحمەد | 2011 |
| 374 | ئاغاو شێخ‌و دەوڵەت<br>بەرگی دووەم | ن. مارتین ڤان برونەسن<br>و. لەئەڵمانیەوە:<br>د. کوردۆ عەلی | 2011 |
| 375 | تاريخ الفكر الكردي | مامۆستا جعفر<br>ترجمة: د. بندر علی | 2011 |
| 376 | ڕۆژنامەنووسی کوردی لە کوردستانی<br>عیراقدا (1991-2005) | هەڵەت خەسرەو<br>هەمەوەندی | 2011 |
| 377 | مافی چارەی خۆنووسین لەئەدەبیاتی (ی.<br>ن. ك)دا (1975-1992) | نەوزاد عەلی ئەحمەد | 2011 |
| 378 | سیاسەتی گۆڕینی ڕووخساری نەتەوەیی<br>ناوچەی کەرکوك - ژ. ز. هۆشاری (17) | د. نوری تاڵەبانی | 2011 |
| 379 | ئەنفال لەکوردستانی عیراق<br>ژ. ز. هۆشیاری(18) | ن. مایکڵ لیزنبێرگ<br>و. کارزان محەمەد | 2011 |
| 380 | ئۆپۆزسیۆن لەچەمکەوە بۆ ئەرك، ژ. ز.<br>(19) | بەختیار جەبار شاوەیس | 2011 |
| 381 | بەشداریکردنی سیاسی<br>ژ. ز. (20) | عابد خالد رەسول | 2011 |

| | | | |
|---|---|---|---|
| 382 | سیستمی فیدراڵ لەدەوڵەتی ئیماراتـدا، ژ. ز. (21) | ن. عەبدوڵڵا عەنزی<br>و. سەردار عبدالکریم | 2011 |
| 383 | کوردو پرسی دانپێدانانی دەستووری | خەلیل عەبدوڵڵا | 2011 |
| 384 | تیرۆریزم هەڕەشەو مەترسیەکان | عادل عەلی | 2011 |
| 385 | چرای ماڵە هەژارەکان | ئامادەکردنی:<br>عەلی جۆلا | 2011 |
| 386 | کەلتور – ژمارە (3) | | 2011 |
| 387 | سیکۆلاریزم بەزمانی سادە - عەلمانیەت | نوسینی : ئاستین کلاین<br>و. لەفارسیەوە:<br>کاوسێن بابەکر | |
| 388 | کوردستان | نەوزاد عەلی ئەحمەد | 2011 |
| 389 | دراسة تاريخية وسياسية حول "الـشعب الكردي" | تاليف: حسن ارفع<br>ترجمة:عبدالرزاق محمود القيسي | 2011 |
| 390 | کورتەیەك لەتاوانەکانی رژێمی عـیراق دژی گەلی کورد | ن: نوری تاڵەبانی<br>و. شاناز رەمزی | 2011 |
| 391 | گەشـــەکردنی ســـــەرمایەداری لەکوردستاندا | فەرید ئەسەسەرد | 2011 |
| 392 | سیاسەت لەنێوان بیرو جێبەجێکردندا | و. مظفر عبدالوهاب | 2011 |
| 393 | کورد گەلێکی بێ دەوڵەت<br>زنجـیرە نامیلکـەی کـورد لەمیـدیای جیهانیدا، ژمارە(1) | ن. ئینگۆنۆیمایەر<br>و. ڕێبوار تۆفیق | 2011 |



| | | | |
|---|---|---|---|
| | | | |
| 394 | لەدیکتاتۆریەوە بۆ دیموکراسی | ن. د. جین شارپ<br>و. کارزان محمد | 2011 |
| 395 | مۆدێلی حزبایەتی لەکوردستان<br>ژ. ز. هۆشیاری (25) | ئەنوەر حسێن بازگر | 2011 |
| 396 | فلسفة الديمقراطية الاجتماعية<br>ژ. ز. هۆشیاری (26) | د. حميد عزيز<br>ت: محسن بني ويس | 2011 |
| 397 | دەوڵەتشاری دێرین<br>ژ. ز. هۆشیاری (27) | ن. مۆریس بارییە<br>و. عوسمان حەسەن شاکر | 2011 |
| 398 | ئاین‌و سیاسەت<br>ژ. ز. هۆشیاری (28) | ن. نینیان سمارت<br>و. یاسین عومەر | 2011 |
| 399 | بەجینۆسایدناسینی ئەنفال<br>ژ. ز. هۆشیاری ، ژ(29) | خەلیل عەبدوڵڵا | 2011 |
| 400 | جیۆپۆلەتیکی کوردستان<br>ژ. ز. هۆشیاری (30) | فەرید ئەسەسەرد | 2011 |
| 401 | دیموکراسـی‌و بنـەماکانی گەشـەپێدانی سیاسی | د. حەمید حسین کازم<br>و. عادل عەلی | 2011 |
| 402 | ثـورة کوردسـتان ومـتغيرات العـصر (الطبعة الثالثة) | حكمت محمد كريم<br>(ملا بختيار)<br>ترجمة ومراجعة:<br>د. بندر علي اكبر | 2011 |
| 403 | ئەرکـەکانی خـەبات لەهەلومـەرجێکی دژواردا | مام جەلال | 2011 |
| 404 | کێشەی شیعەو سوننە | ن. د. عەلی ئەلوەردی | 2011 |

| | | | |
|---|---|---|---|
| | کورتەباسێکی مێژوویی | و. عارف کەریم | |
| 405 | فەلسەفەی سیاسی ئەریستۆتێلیس | ئەمیر حسێن رەحیم | 2011 |
| 406 | جیهانگیریو کاریگەری لەسەر سەروەری دەوڵەت | ن. عوسمان حەسەن شاکر | 2011 |
| 407 | بەشداری سیاسی، چەمكو گرفتەکان | عادل عەلی | 2011 |
| 408 | (S.I) ڕێکخراوی سۆسیالیست ئینتەرناسیۆنال | محەمەد مێرگە سۆری | 2011 |
| 409 | پۆلێنکردنی هەڵوێستەکان پێش پرۆسەی هەڵبژاردنو دەنگدان | نیاز سەعید | 2011 |
| 410 | بەهاری عەرەبیو نەورۆزی سەربەخۆیی | ستران عەبدوڵڵا | 2011 |